# گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە

جینۆسایدی ئێزیدییەکان

**ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی**

چاپی یەکەم ٢٠١٨




| ناسنامەی کتێب |
|---|
| ناوی کتێب: گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە |
| نووسینی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی |
| بابەت: دیکۆمێنتاری |
| تایپ: ڕێزان سالّح بارزانی و توێژەر |
| هەڵەچنین: ڕێزان سالّح بارزانی و توێژەر |
| هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: توێژەر |
| ساڵی چاپ: ٢٠١٨ – چاپی یەکەم – تیراژ: ٥٠٠ دانە |
| چاپخانەی: سەنگەر |
| لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان– هەرێمی کوردستان – ژمارە سپاردنی ( ٤٢٧ )ی ساڵی ( ٢٠١٨ )ی پێدراوە. |
| شوێنی نووسین: – هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان |
| ژمارەی مۆبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١ |
| مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر |

## دەستپێك

(خەلەف خودێدا، ئیلیاس سالح، خدر حەسەن، سەفوان عەباس، سەعد موراد، موحسین ئەلیاس، زیاد ئیسماعیل، فەواز سەفوان، مەهدی مسەور، ئێزدین ئەمین،عەلی عەباس، نافز هادی، سامح بسی، نەواف موراد، خالد موراد، ادریس بشار، عیدو خدر، عەباس خدر سلۆ و جەمال شڤان عەمو ...). لە مەرگ گەڕانەوە. ئەوان لە بەرچاوی خەلك و خوداوە خرانە بەر دەستریژی گوڵلە، بەڵام دەرفەتیکی تری ژیانیان بۆ رەخسا و رزگاریان بوو، تا ئێستا خوێن و هندێك لە گوشتی لاشەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بە جێماوە، بە بەرچاویان براو باوك و کەسوکاریان گوڵله بارانکران.

ئێمە تەنیا لە زاری ئەوانەوە بەسەرهاتەکانیان وەك دێکۆمێنت لێرەدا کۆکردووتەوە بۆ ئەوەی جیهان و نەوەی ئایندە بزانێ لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەوەی مرۆڤ و مروڤایەتی بیری لێ نەکردووتەوە بەرامبەر بەم هاوڵاتیە کوردانە ئەنجامدرایەوە تاوانێك کە لە هەشتایەکانی سەدەی بیستەمیشدا ئەنجامدرا وچەندین پالەوانی تری کورد وەك بەلگەیەکی رەش بۆ تاوانەکانی حکومەتی بەعس عیراقی زیندوومانەوە و لە گۆڕی بەکۆمەڵ گەڕانەوە، هەردوو تاوانەکان بەناوی ئیسلامەوە ئەنجامدران، بەڵام ئەمجارەیان بکەری تاوانەکە داعشە و قوربانیەکانیش کوردە ئێزیدییەکانن. گێرانەوەکان ئەونە ترسناکن زۆر ئەستەمە هیچ مرۆڤێك بتوانی تاکۆتاییەکەی خۆی ڕابگرێت.

ئەو دیمەنانەی رزگاربووان باسی دەکەن، کە چۆن رزگاریان بووە لە کۆمەڵکوژییەکان، زیاتر لە دیمەکانی نێو فیلمێکی هۆلیوود دەچێت کە پاڵەوانەکەی هەر لە سەرەتای فیلمەکەوە بکەوێتە دەست باندێکی کوشتن، بەڵام نابێت بمرێت تاوەکو کۆتایی فیلمەکە.

((بونی لاشەکان ئەم ناوەی گرتووە، روفاتەکان هیشتان گوشت و خوێنیان پێوە ماوە)) ئەمە قسەی هاوکارێکمە کە لە تیمی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان بەشداری کردووە.

تا ئێستا ١٠ گۆڕی بە کۆمەڵی کوردانی ئیزیدی دۆزراونەتە و ژمارەیەکی زوریشیان ماون و لە ژێر دەسەلاتی تیرۆرستانی داعشدان، ئەو گۆڕانەی دۆزراونەتەوە ئەمجارەیان لە بیابان و چۆڵستانەکان نەبوون وەکۆ گۆڕەکانی تری کورد کە لە کۆمەڵکوژی بارزانیەکان و ئەنفالدا ئەنجامدرابوون، بەڵکو ئەمجارەیان نزیك جێگای نیشتەجێبوونیان بوو لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان بوون.
هەموو ئەم کۆمەڵکوژیانەی کوردانی ئێزیدی لە ژێر دەستەواژەی (موسڵمان بوون یان مەرگ) ئەنجامدران و بەم بیانویەش سەدان کەس کومەڵکۆژکران و خرانە گۆڕی بەکۆمەڵەوە بەهەزاران کچ و ئافرەت بەدیل گیران و وەکو کوێلە کرین و فروشتنیان پێوە کرا و دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر و سەدان منداڵ و پیرو پەککەوتەش تا ئێستاش لە زیندانەکانی داعشدان و بە سەدان هەزار کوردی ئێزیدی ئاوارەبوون و شوێن و واریان داگیرکراو روخێندرا.
ئەم کتێبە لە دوو تەوەر پێکهاتووە یەکەمیان تایبەت بە رزگاربووان لە گۆڕی بەکۆمەڵ و دووەمیشان گۆڕەبەکۆمەڵەکان و ژمارەی قوربانیان و شوێن و ڕێکەوتی دۆزینەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان، ئەمانە بەشێکی کەمن لەم گۆڕەبەکۆمەڵانە چونکە تا شنگال و ناوچەکانی تری ژێر دەستی داعش رزگارنەکرین نازانرێ ئاخۆ چەند قەسابخانەی سەربرن و گوڵلە بارانکردن ئەنجامدراون بێگومان ئێستا کانی و سەرچاوە ئاوییەکان و جۆگەلەکانی شەقامەکانی شنگالدا لە جیاتی ئاو ڕۆژانە خوێنی پیدا دەروا.
لاشەی مرۆڤ و منداڵ و پیرو پەککەوتەی ئێزیدی لە کوچە و کۆلانەکاندا بونەتە خۆراکی سەگ و ئاژەل و باڵندە گۆشت خۆرەکانی تر، ئەمە جگە لە سەدانی کەسی تر کە لە گۆڕی

بەکۆمـەڵـدان ئەمانـە مردنەکـەیان باشـترە چونکـە هـەر هـیچ نـەبێت کـەمێك خـۆڵی خاکەکـەیان بەسـەردا کـراوە و نەبوونەتـە خـۆراکی درندەکان.
زانیاریـەکانی نـاو ئـەم کتێبـە تـەنیا لـە هەشـت مـانگی یەکـەمی هـاتنی تیرۆرسـتانی داعـش و داگیرکردنـی شـنگال و دەوروبـەری تۆمارکراون، واتا لە ئابی ٢٠١٤ تا نیسانی ٢٠١٥ تا ئێستاش شنگال رزگارنەکراوتـەوە، بێگۆمـان لـە دوای ئـەم رێکەوتـە و لـە کـاتی رزگارکردنی شنگال دەیان گۆری تری بە کۆمەڵ دەدوزرێنەوە.
خۆزگە ئەوەی لەم کتێبەدا تۆمارکراوە خەون دەبوو یاخۆد سنیاریوی فلمێکی خەیالی، بەڵام ڕاستییە و ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر.

**ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی**
توێژەری کۆمەڵایەتی
هەولێر - بارزان - گوندی بازێ

# بەشی یەکەم

# ئەوانەی لە گۆڕی بەکۆمەڵ گەڕاونەتەوە

(١)

# خەلەف خودێدا

یەکێکە لە رزگاربوانی گوندی کۆچۆ پێش نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆك چیرۆکی خۆی هەر لە کاتی دەستگیرکردنی هەتا گوڵلەباران کردنیان گێرایەوە و دەڵێت: پاش ئەوەی چەکدارانی داعش هاتنە ناو گوندی کۆچۆ هەموو پیاوەکان لە قوتابخانەدا کۆکرانەوە داوایان لێکردین کە پێویستە و مەرجە ئاینمان بگۆڕین و موسڵمان ببین لە ترسان هەندێك لە خەڵکی ئاوایی رازی بوون، بەڵام ئەحمەد جاسم کە شێخ و موختاری لادێکەیە ئەو داواکارییەی چەکدارانی داعش رەتکردەوە و وتی: (ئێمە بە ئێزیدی لە دایك بووینە بە ئێزیدیش دەمرین) دوای رەتکردنەوەی ئەم داواکارییە چەکدارانی تیرۆرستی داعش هەرچی پارە و پول و شتی تر هەبوو لێیان وەرگرتین و هەرچی زێر و زیویش هەبوو لە ئافرەتەکانیان وەرگرت، هەر (١٥ - ٢٠) پیاویان بەیەکەوە لە ئۆتۆمبێل سوار دەکرد و بەرەو جێگایەکی نادیار بردران، من لەگەڵ کۆمەڵێك پیاو سواری ئۆتۆمبێلەکان کراین و نزیکەی ٣٠٠ مەتر لە گوند دورخراینەوە لە چاڵێکدا کە نزیکەی ١٠ چەکداری لێ بوو، ئێمە داوامان کرد کە نەمان کوژن بەڵام ئەوان بریاری کوشتنی ئێمەیاندابوو، لە ترسان ئێمە هەموومان روومان لە چەکەکان وەرگێراو پشتمان لە چەکدارەکان کرد، دوای ئەوەی چەکدارانی تیرورستانی داعش چەند ئایەتێکی قورئانیان خوێندەوە دەستیان بە گوللەباران کرد و فیشەك بارانیان کردین ،من لە خوارەوە بووم هەر زووش خۆم خستە سەر زەوی و چەند تەرمێك بە سەر مندا کەوتن و من کەوتمە ژێریانەوە و خۆم بێدەنگ کرد ، مەترسی هەرە گەورە و وەحشی گەرانەی ئەم تیرۆرستانە ئەمە بوو لە سەر جەنازەکانمان دەگەران هەر کەسێ هاواری کردبوایە و یاخود هێشتان زیندوبایە و

ڕۆحـی تیامـابوایە گولڵەی تریـان پێوە دەنـا و گـوڵلەی تریـان دەدا بـە لاشـە و کەڵـلەی سـەریان، دوای مـاوەیەکی کەم ئەوان ڕۆیشـتن و ئـەم شـوێنەیان بەجـێ هێشـت، مـن بە هێواشـی سـەیری لاشـەی خـۆم کـرد بینیم بە دوو گوڵلە بەر سینگم و گـولەیەك بەر قـاچم کەوتووە، من بە برینـداری خـۆم گەیانـدە نـاو بێستانێك پـاش مـاوەیەکی کـورت بینـیم شۆفلێك هات و خۆڵی کردە سەر تەرمەکان تـاکو بـویە شـەو مـن خـۆم لە ماڵێـك حەشـاردا دواتـر برینەکـانم بە پـارچە قوماشـێك گرێـدان و نـزیکەی (٤٠) کـم ڕێگـام بـری تـاکو گەیشـتمە نـاوچەی (میهرکـا) لە بنـاری چیـای شـنگال خۆشبەختانە هەنـدێك لە کـوردانی ئێزیـدیم بینـی هاوکارییان کردم تاکو گەیشتمە سەری چیا، لەوێش بەرەو دێرکـێ لە ڕۆژئـاوای کوردسـتان پاشـانیش منیـان گەیانـدە دهـۆك، خەلەف لە درێـژەی قسـەکانیدا وتـی منـداڵێکی نـۆ سـاڵانمان لەگەڵـدا بـوو ئەویش کۆشـباران کـرا، هەنـدێك لە چەکـدارانی داعـش کـورد بـوون و بە کوردی قسەیان دەکرد، هەروەها خەلەف وتـی: هەتا سرەی من هـات نـزیکەی (١٥٠) کەسـیان لە پـێش چـاوی مـن بـرد بـۆ کۆمەڵکـوژی دواتـر ئێمەیـان بـرد، هەر لە درێـژەی قسـەکانیدا وتـی هێشـتان ئەو دووگوڵلە لە ناو لەشم دایە پێش ئەوەی کۆتایی بە قسـەکانی بێنێت ئەو بەرەو ژووری نەشتەگەری ڕەوانەکرا.

(٢)

# ئیلیاس ساڵح

ئیلیاس ساڵح، تەمەن ٣٠ ساڵ، دانیشتووی گوندی کۆچۆیە، دکتۆری لادێکەش بوو، ئەو گوندەی کە ٤١٣ کەس لە دانیشتووانەکەی بە یەکجار لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کوژران، ئیلیاس یەکێك بوو لەوانەی ریزکرابوو بۆ ئەوەی بکوژرێت، بەڵام ئەو بە "موعجیزە" بە برینداری لەگەڵ دوو کەسی دیکە لەو کۆمەڵکوژییە رزگاری بوو.
ئیلیاس رووداوەکانی بەر لە کۆمەڵکوژییەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت "شەوی چوارشەممە چەکدارانی داعش هاتنە گوندەکە و چوونە دیوەخانی سەرۆکی عەشیرەتەکەمان و پێیانگوتن تاوەکو ڕۆژی هەینی دەرفەتتان دەدەینێ ببنە موسڵمان، ئەگەر نا دوایی خۆتان بەرپرسیار دەبن".
خەڵکی گوندەکە هەڕەشەکەیان بە ئاسایی وەرگرتووە تاوەکو ئەوکاتەی چەکدارانی داعش جارێکی دیکە گەڕاونەتەوە گوندەکە.
وەك ئیلیاس دەڵێت "چەکدارانی داعش ڕۆژی هەینی گەڕانەوە گوندەکە و داوایان لە خەڵکی گوند کرد کە هەموویان لە قوتابخانەی گوندەکە کۆببنەوە، بەڵام پێشتر پێیانگوتین هیچ لەگەڵ خۆتان مەهێنن، جگە لە پارە و زێڕ و ناسنامەکانتان".
ئینجا ئەمیری چەکدارەکان (ئەبو حەمزە) روو لە خەڵکەکە دەکات و دەڵێت "جەماعەتی شێخ ئەحمەد جاسم (ئاغای گوندەکە) ئێوە نەبوون بە موسڵمان، لە کاتێکدا پێشتر ئێوەمان ئاگادار کردبووەوە، بەڵام ئێوە سەربەستن دەبنە موسڵمان یان نا". وەك ساڵح دەڵێت "خەڵکەکە ئاهێکیان بەبەرداهاتەوە و بە ئەمیرەکەمان گوت: "بارك الله بيك".
پاشان ئەمیرەکە بە خەڵکەکە دەڵێت "دەتوانن بڕۆن بۆ لای کەسوکارەکانتان لە چیای شنگال، بەڵام هەرچی پێتانە لە زێڕ و پارە

و مۆبایل بیهێنن لێرە دایبنێن". خەڵکەکە ئەوەی هەیانبوو تەسلیمی داعشیان کرد، بەو ئومێدەی رێگەی رۆیشتنیان پێبدەن.
بە پێی قسەی ئیلیاس، تەنیا چەند خێزانێك لەو گوندە رزگاریان بووە، ئەوانیش پێش هاتنی داعش گوندەکەیان جێهێشتبوو.
خەڵکەکە دەکرێن بە گرووپ گرووپ. ئەو گرووپەی ئیلیاس یەکەم گرووپ بووە لە قوتابخانەکە هاتووەتە دەرەوە بۆ ئەوەی بەڕێبکەون بۆ چیای شنگال "کە هاتینە دەرەوە بارهەڵگرێك لە جۆری کیا لە بەردەرگای قوتابخانەکە بوو، گوتیان زوو سەربکەون. بەڵام کاتێك بینیمان ئۆتۆمبێلەکە لای دا بۆ گوندی سیبا، یەکسەر گوتمان ماڵمان وێران بوو".
دوای ئەوەی لە ئۆتۆمبێلەکە دایاندەبەزێنن و ریزیان دەکەن، خۆیان لە بەردەم وێنەگرێك و چەند چەکدارێکی ریشدار دەبیننەوە "کە وێنەیان گرتین زانیمان دەمانکوژن". پێشبینییەکەی راست دەرچوو، زۆری نەبرد کەسێکی دەمامکدار گوتی "ارمی".
لەگەڵ فەرمانی کەسە دەمامکدارەکە، گوللە وەك باران بەسەریاندا دەبارێت. ئیدی هاوار و رۆڕۆی بریندارەکان ئەو ناوە پڕ دەکات، بەڵام چەکدارەکان هەر بەوە ناوەستن و بە دەمانچە ئەو کەسانە بێدەنگ دەکەن کە لەبەر ئازاری برینەکانیان ناڵە ناڵیان بوو.
ئیلیاس دوو گوللەی بەردەکەوێت، یەکێکیان بەر کەلەکەی و ئەوی دیکەشیان سەرچیخ بە سەری دەکەوێت، بەڵام ئەو خۆی وا نیشان دەدات کە مردووە و ئاگریش لە پوش و پەڵاشی ناوچەکە بەردرابوو ئاگرەکە بۆ لای ئێمە دەهات ئەگەر نیو سەعاتێک لەوێ مابوومایە، بە ئاگرەکە دەسوتاین، "نزیکەی ١٥ خولەك خۆم بێدەنگ کرد، دواتر کە سەرم هەڵبڕی، بینیم کەس لەو ناوە نەماوە، بە نێو پەرێزێك لەسەر سك خشام تاوەکو خۆم گەیاندە پەنا گردێك، دواتر خۆم گەیاندە نێو بێستانێك، دوو کەسی دیکەشم لەگەڵ دابوو، بەڵام یەکێکیان بەهۆی سەختیی برینەکەی بەجێما، نازانم چی بەسەرهات".

ئیلیاس بەردەوام دەبێت لە رۆیشتن "گەیشتینە گەلی مێرکا، یەکێك لە بریندارەکان لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە رزگار کرا، ئێمەش بەردەوام بووین لە رۆیشتن و نزیکی گوندێکی عەرەبی دراوسێمان بووین کە گوندی بسکی بوو لە ڕۆژئاواوە، ویستم شەو لەوێ بمێنمەوە، بەڵام وتیان "ئەبیتە هۆی وێرانکردنی گوندەکەمان و نەیەن بۆ لای ئێمە، داعش بزانێت دواتر ئێمەش دەکوژێت". بۆیە ئیلیاس و بریندارەکەی دیکە خۆیان لە ژێر پووش و پەڵاش دەشارنەوە تاوەکو ڕۆژ ئاوادەبێت.

کە دنیا تاریك دادێت، دووبارە دەست دەکەنەوە بە رۆیشتن "هەر رۆیشتین تاوەکو گەیشتینە گوندی حاتەمی"، دواتر بە گوندەکانی تەل قەسەب، نەوالی، شێخۆدا رۆیشتوون تاوەکو گەیشتوونەتە گوندی هەمەدان، لەوێ ویستوویانە بچنە گوندەکە، بەڵام ترساون داعشی لێبێت، پاشان چوون بۆ کۆمەڵگەی سولاخ، بەڵام لەوێش دەنگی تەقە دێت و ناوێرن بچنە ناو کۆمەڵگەکە. دواجار بڕیار دەدەن بچنە لای بورجەکان لەسەر جادەی شنگال – تەلەعفەر.

لەسەر نا مرۆیی چەکدارانی داعش دەڵێت" پیاوێکی بەتەمەنی ٨٥ساڵ لە تەنیشتمەوە بوو ئەویشیان کوشت.

ئیلیاس و بریندارەکەی دیکە دواتر خۆیان دەگەیەننە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە گوندی قنێ و رزگاریان دەبێت، ئینجا دەگوازرێنەوە بۆ نەخۆشخانە.

(٣)

# خدر حەسەن

لاوێکی رزگاربووی هەمان لادێیە ئەویش وەک هاورێکانی هەمان چیرۆکی تراژیدی خۆیان و خێزانەکانیان دەگێڕێتەوە.
"سەرەتا داوایان لێکردین باوەڕ بە ئیسلام بهێنین، بەڵام ئێمە رەتمان کردەوە، پاشان مۆڵەتی تا ڕۆژی یەك شەممەیان پێداین، پاشان پێیان وتین لە لادێکە دەتانبەینە دەرەوە تا بتانبەین بۆ لای کەسوکارتان، هەموومانیان لە قوتابخانەی لادێکە کۆکردەوە، پاشان هەرچی پارەو خشڵ و زێڕو مۆبایلەکانیان لێسەندین، دواتر هەموو پیاوەکانیان دەستە دەستە بە سەیارە بردە دەرەوەی لادێکەو هەموویانیان کوشت، بەڵام نازانین چیان لە ژن و منداڵەکان کرد"، ئەوە قسەی رزگاربووی کۆمەڵکوژیەکەی دێی (کۆچۆ)بوو کە دوای ئەوەی لە ژێر لاشەی کوژراوەکاندا خۆی شاردبوەوە زۆر بە زەحمەت بە برینداری هەڵهاتبوو و خۆیان گەیاندبووە شاخی شنگال و لەوێ خەڵکی ناوچەکەو جەنگاوەرانی هێزی پێشمەرگە بە هانایانەوە چووبوون. بە پێی قسەی ئەو هاوڵاتیە کە هەموو تاوانە دڕندەکانی چەکدارانی داعشیان بینیوە، دەڵێت چەکدارانی داعش ١٢ ڕۆژ بەر لە روداوەکە هاتوبوونە ناو لادێکەوە، لە سەرەتاوە هەرچی چەك هەبوو لە لادێکە کۆیان کردەوەو پاشان داوایان کردوە کە ببین بە ئیسلام، دوای ئەوەی خەڵکی لادێکە رەتیان کردەوە بچنە سەر دینی ئیسلام.
بە پێی قسەی رزگاربووەکە تا ڕۆژی یەك شەممە مۆڵەتیان پێدابوون، بەڵام دواتر چەکدارانی داعش رایانگەیاند کە واز لەو لادێیە دەهێنن و ئازاریان نادەن، ئەمە زۆری نەخایاند، هەر ئەو ڕۆژە خەڵکی دێکەیان بە منداڵ و ژنەوە لە قوتابخانەی دێکە کۆکردەوەو هەرچی ئاڵتونی ژنەکان و پارەو مۆبایل بوو لێیان

سەندوون، پاشان پیاوەکانی لادێکەیان کۆکردەوە دەستە دەستە بردوویانن بۆ دەرەوەی لادێکەو کوشتنیان، تەنها چەند کەسیان کە بریندار بووبوون بە ژێر لاشەکانی ترەوە لە مردن رزگاریان بووە.
بە پێی قسەی رزگاربووەکە کوژراوەکانیان بە کۆمەڵ دەکردە ژێر خۆڵەوە لە چاڵی گەورەدا کە بە شۆفڵ هەڵیان کەندبوو.
شایەتحاڵەکان باس لەوەدەکەن کە ٤١٣ کەس لەو کۆمەڵکوژیەدا گیانیان بەخشیوە، لەبەر ئەوەی چەتەکان سەرەتا پیاوەکانیان بردۆتە دەرەوە بۆیە کەس چارەنوسی ژن و منداڵەکانیان نازانێت.

(٤)

# سەفوان عەباس ڕەشۆ

سەفوان عەباس رەشۆ لە دایکبووی ١٩٩٨، یەکێك لە گەڕاوەکانی گۆڕی بە کۆمەڵ و مەرگی ڕاستەقینە، بەم شێوەیە باسی رووداوەکە دەکات و دەیگێڕێتەوە [٤]: ئێمە لەماڵەوە بووین، ئەوان وتیان دەچین بۆ جەنگ و دەگەڕێینەوە، ئەو کاتە جەنگەکە لە سیبا و کرزرك بوو، بەشێك لە خەڵکەکە لە ماڵ دەرچوون و رۆشتن بۆ چیا، بەڵام زۆرینە لە ناو گوندەکە مانەوە، چونکە وایان بڵاوکردەوە کە ئەوانەی لە گووند دەرچوون گیراون و دەست بەسەر کراون بۆیە خەڵکەکە ترسان و مانەوە لە ناو گوند.

سەفوان دەڵێ: وتیان ئەمیری داعش دێت بۆ گوندەکە، کاتێك (ئەبو حمزه الخاتونی) هات، دانیشتوانی گوندەکە هەموویان ئاڵای سپیان بەرز کردەوە، ئەمیری داعش داوای کرد هەموو چەکەکانی گوندنشینەکان لە لای موختاری گوند ئەحمەد جاسۆ کۆ بکەنەوە و دانەن، هەموو ڕۆژێك ئەم ئەمیرە دەهاتە میوانخانەی موختار و دڵنیای دەکردەوە لە پاراستن و ئاشتی، دوای چوار ڕۆژ لە رادەستکردنی چەکەکان داوای (موسڵمان بوون یان هەڵبژاردنی مەرگ)یان کرد، کاتیان لە پێنج شەممە بۆ شەممە دیاری کرد، لەو کاتەی دیاریکرابوو ئەحمەد جاسۆ لە پەیوەندیدا بوو لە گەڵ سەرۆك خێڵەکانی عەرەبی ناوچەکە بۆ ئەوەی ماوەکە درێژ بکرێتەوە، لە ڕۆژی شەممە هەمان ئەمیر هاتەوە و ماوەکەی بۆ چوارشەممە درێژ کردەوە.

سەفوان دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: ڕۆژی سێ شەممە کاتژمێری ١٠ی شەو، هاتن موژدەمان بدەنێ کە لێمان خۆش بوون و مادام سوورن لە سەر ئاینی خۆتان لە بەر رۆشنایی بڕیاری خەلیفە ئەبو بەکر بەغدادی لە سەر ئاینی خۆتان بمێننەوە، دوای کۆتایی هاتنی کاتی

دیاریکراو، موختار ئەحمەد جاسۆ کەوتە ناوەندگیری و داوای کرد مامەڵەمان وەك مەسیحیەکان لە گەڵ بکەن و لە گوندەکە دەردەچین بە بێ خشڵ و سەروەت و سامان، دوای دوو ڕۆژ ئەمیر ئەمەی قبوڵ کرد، ئێمە لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووین لە گووندەکە دەرمان بکەن، دوای چەند ڕۆژێك هێزێکی داعشمان بۆ هات (١٥) ئۆتۆمبێل بوون، داوایان کرد کە هەموومان لە قوتابخانەی ناوەندی کۆچۆی کوران کۆببینەوە، هەموومان لەوێ کۆبووینەوە، ئۆتۆمبێلەکان لە نزیك قوتابخانەکە وەستان، لە دەرگای قوتابخانەکە کەسێك وەستابوو هەموانی دەپشکنی و مۆبایلەکانی لێ وەردەگرتین، هەموومانیان لە ڕاڕەوەکە راگرت و یەکی یەك دەبە ئاویان پێدواین، داوایان لە ئافرەتەکان کرد بچنە نهۆمی دووەمی قوتابخانەکە و پیاوەکان لە نهۆمی زەمینی بمێننەوە، کاتێك ئەمیر ئەبو حمزە خاتوونی هات بۆ قوتابخانەکە و لە ئیدارە دانیشتبوو داوای کرد موختار ئەحمەد جاسۆ بچێت بۆ لای، داوای کرد کە هەمووان هەرچی زێڕ و خشڵ و پارە و پوولیان هەیە بیکەنە ناو جانتایەکی ڕەشەوە، هەموو داواکارییەکەیان جێبەجێ کرد، ئەمیر ئەبو حمزە خاتوونی وتاریدا و وتی: پێتانمان وت واز لە جاهلیەت بێنن و ببنە موسڵمان، بەڵام وڵامی ئەوامرەکانی ئێمەتان نەدایەوە، بۆیە هەریەك لە ئێوە واز لە ئاینەکەی بێنێ لە سەر ماڵ و موڵکی خۆی دەمێنێ، بەڵام ئەوانی تر دەتان نێرینە چیا، لەم کاتەدا داعشێك هات و قسەکانی ئەمیری وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی. موختاری گوند ئەحمەد جاسۆ وتی: ئەی خەڵکی گوند من دەردەچم بۆ چیا کێ لە گەڵم دێت با بێ ئەوەشی لە گوند دەمێنێتەوە مانعمان نیە. هەموو خەڵکەکە بە دەنگی بەرز وتیان: لە گەڵت دەردەچین بۆ چیا.

سەفوان وردتر دەیگێڕێتەوەو دەڵێ: ئەمیر ئەبو حمزە خاتوونی داوای لە پیاوانی گوندەکە کرد وەجبە وەجبە سەرکەونە ئۆتۆمبێلەکان، گوایە بەرەو چیا دەردەچین، یەکەم وەجبە (٣٠ بۆ ٤٠) کەس بوون بە پاسەوانی دوو ئۆتۆمبێل دەرچوون و لە دۆڵێك

بە دوورایی (٥٠٠) مەتر لە ڕۆژئاوای گوندەکەوە گولە باران کران. بەڵام ئێمە هەستمان بە دەنگی گولە نەکرد لە بەر قەرەباڵخی ناوەوە.
لە وەجبەی دووەمدا بە ئۆتۆمبێلی جۆری فاو سەرکەوتم، تووشی سەرسوڕمان بووین بە شەقامەکە لایدایەوە بەرەو شارۆچکەی قەیرەوان- بليج، یەکێك لە داعشەکان وتی: بۆچی لەسەر جاهلیەتی خۆتان مانەوە بۆیە شایستەی کوشتنن، عەفدو عەمو وتی: یائیلاهی هەموومان دەکوژن یان دەمانخەنە زیندان. ئۆتۆمبێلێکی جۆری دێر لە پێشمانەوە بوو هەموو پیاوی تێدا بوو، گەشتینە شوێنی گۆگای ئاو، هەموویانیان لە ڕۆژهەڵاتی گووندەکە لای شارۆچکەی ئەل مەیتوبە ریز کرد، ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە بە دووری (١٠٠) مەتر وەستابوو، دەستڕێژی گولەیان لێکردین و وتیان بگەنە ئەوانەی ریزکراون، کاتێك گەیشتینە لایان ساڵەح موکری خەڵكی گوندەکەمان وتی: ریزبن هەموومان دەکوژن. کاتێك بووین بە دوو ریز، من لە ریزی پێشەوە بووم لە سەر چۆك دانشیتبووین، ئەمانەم لە گەڵ بوو: (رافد سەعید، نافع سەعید، سەعید عمو، عەفدو عمو، غالب ئەلیاس، خدر حسن، ئدریش بەشار، سەعد حجی، ئەمین بەشار، ساڵح خدر، سالم خدر، سالەح موکری، رفو موکری، خەلیل بەشار، فراس فەیسل، جەلال شڤان، خدر خەلەف، تەلال نایف جاسۆ، نوزەت سالەح، شیرزاد سالەح، حاونج خەلەف) و سێ کەسی تر کە یەکێکیان لە توێژی شێخ بوون و خەڵکی دۆمیزی باشووری شنگال بوون و میوانی ماڵی حەسەن کالۆ بوون. یەکێکی تریش کە زانیم لە ریزی دواوە دەیانکوشتن.
سەفوان دەڵێ: لە لای چەپمەوە رافد سەعیدو خۆی دا بە عەرزدا و توونەد بە خۆیەوە گرتمی لە گەڵ عەرزەکەدا، بە سێ فیشەك بەرکەوتم، بەڵام رافد چوار فیشەکی بەرکەوتبوو، کاتێك بەردەستڕێژی گولەیان داین دەیان وت: یاخودا یا مەلك تاووس. گوێمان لێیان بوو وەجبەیەکی تر دێنن پێش ئەوەی فڕۆکەکان بێن، بۆ ماوەی یەك چارەکە سەعات خۆم کردبوو بە مردوو، بینیم ئەوان

وەجبەی سێیەمیان رەمی دەکرد، لە سەر لێواری دۆڵەکە کە دەکاتە (٥٠٠) مەتر دووری گوندەکە لای ڕۆژئاواوە نزیک تاوەرێکی شوێنی وەجبەی یەکەم.
سەفوان دەڵێ: بکوژەکان لە عەشیرەتە عەرەبەکانی مەتیوتە، خاتوونی، کیجلا وعەگیدات بوون و ئێمە بەشێکیانمان دەناسیەوە، وەجبەی چوارەم لە ناو حەوزی بیرێکی ئیرتوازی کوشتیانن لای ڕۆژئاوای گوندەکەوە، من خۆم گوێم لە دەنگی دەستڕێژی گوڵلەکان بوو، لێرە کجی عموم بینی کە لە نێوانمانا هەڵسایەوە، لە پشت براکەیەوە دوو چاڵی ئاوم بینی کە هەموو بەرکەوتووەکانی تێدا بوو، دوای بە سەر لێواری ساترەکەدا بە تەنیشت منا هەڵات، کاتێك سەیرم کرد منیش بەو ئاراستەیە ڕامکرد، دوای فارس شەهاب هات بۆ لامان و گەیشتینە رەزی عەباس قاسم متو و کەسێکمان بینی بە ناوی سەعد حجی کە بەرکەوتبوو نەیدەتوانی لە گەڵ ئێمە هەڵبێ و لەوێ مایەوە، دواتر ئدریش بەشار سەلۆ مان بینی، ئەویش بە چوار فیشەك بەرکەوتبوو، بە سکەخشێ دەرۆیشت نەیدەتوانی هەڵسێ، بەرەو ئال بسکی رۆشتین و ئاومان خواردەوە، لە دۆڵێك لە نێوان کۆچۆ و حاتمیە خۆمان ماتدا لە نیوەی ڕۆژەوە تا خۆرئاوا بوون، ژمارەمان بوو بە شەش کەس (خۆم-سەفوان عەباس رشۆ-، کجی عمو سلۆ، فارس شەهاب ئەحمەد، نافز هادی حەسەن، سامح بسی موراد، سەعد موراد محو)، ئێمە دەمانبینی ئافرەت و منداڵ بە ئۆتۆمبێل بارکرابوون و بەرەو شنگال دەبران، کاتێك تاریك داهات بەرەو چیا بەڕێکەوتین، لە ڕێگا جوڵەکانیانمان دەبینی و بارەگای سەرەکیان لە لای عەشیرەتی حاتمیەکان بوو، نەمانوێرا لێییان نزیك بینەوە، کاتێك جوڵەکانیان کەم بووەوە، لە نێوان گوندی تەلە قەسەب و حاتمیەوە بەرەو گوندی خدرشیخۆ رۆشتین، سێ کەس لە سەر ساترەکە بۆ چاودێری ماینەوە سێ کەسەکەی تر رۆشتن بۆ پەیداکردنی ئاو، گوندەکە بەتاڵ بوو لە مرۆڤ، بەڵام سەگەکان ڕێگەیان لێگرتین بچینە ناوگوندەکەوە و هێرشیان بۆ هێنایین، چونکە

بـۆنی خوێنیـــان کردبـــوو بە جەســـتەمانەوە و برســـیان بـــوو، بەڵام توانیمــان ئــاو بە دەســت بهێنــین، دواتــر بەرەو رەزی حجــی دوســی رۆیشــتین، کاتێــك لە ســـەرەوە گوێمــان لە دەنــگ بــوو، ژوورەکەش رۆشنایی تێدابوو، بۆیە هەڵاتین بەرەو نـاو درختەکـان و لەوێشـەوە گەشتینە سـەر شـەقامی گشتی نێوان قەیرەوان- شنگال و یەکێکمـان رۆیشــت بــۆ پشــكنینی ڕێگــاکە و تێبینـــی کـــرد هــیچ جــوڵەیەك لە شــەقامەکە نیە،بـانگی کـردین کە بـڕۆین، کـاتژمێری (١٠)ی شـەوە، بەرەو رەز و باخێــك رۆشــتین نزیــك لە شـــنگال و لەوێ ئاومـــان دۆزیەوە، رەز و بـاخەکە چۆڵ بـوو، تەنهـا پیرەمێردێك و پیرەژنێکـی لێبوو لە تەل قەسەب، داوای خواردنمان کرد وتیان ناتوانین خـواردن ئامـــادە بکەیـــن، بەرەو ســـۆلاخ بەڕێکەوتـــین، کاتێـــك لە شـــەقامەکە پەڕیمانەوە لاشەمان لە سەر ڕێگاکە دەبینی، کاتژمێری (١٢)ی شەو گەشــتینە مەشــرووعی قەنـــی و پــێش گەیشــتنمان بە بەرزی چیــاکە ئاومـان نەمـا و تینوومـان بـوو، نەمانـدەتوانی سـەرکەوین بۆ بەرزی چیاکە، لە نـاوچەکەی پیری عورا ئاومـان لێیـان وەرگرت و ڕۆژی دوای کاتژمێری یەکی دوای نیوەڕۆ گەشتینە مەزاری شـەرەفەدین، چوار ڕۆژ لەوێ ماینەوە.

(٥)

# سەعد موراد محو

رزگاربوویەکی گوشتارەگەی گوندی کۆچۆ، چیرۆکی زەبروزەنگی چەکدارەکانی داعش بەرامبەر بە ئێزیدیەکان دەگێڕێتەوە.
سەعد موراد محو [٥]، کوڕێکی ئێزیدی تەمەن ١٩ ساڵە، دوای ئەوەی بە برینداری لە دەستی چەکدارەکانی داعش رزگاری بووە لە گوندی کۆچۆ، ئێستا پەنای بردووەتە بەر پەرستگای لالش، ئەو خەم و حەسرەتی کەسوکار و هاوئایینەکانی لە دڵ دەرناچێت کە نیوەڕۆیەکی مانگی رابردو گەمارۆیاندان و بردیانن بەکۆمەڵ کوشتیانن.
سەعد بەدەم پیشاندانی شوێنی گوللەکەیەوە کە بەر ڕانی ڕاستی کەوتووە و بە لەفاف پێچراوە، وتی:"ئاگامان لە هیچ نەبوو وەختێك داعش هاتە سەر گوندەکەمان و بە بێ تەقە گرتیان"!
وتیشی:"ڕۆژی یەکەم، گەڕان چی چەکەکانی ئێمە بوو لێیان سەندین و بردیان، دواتر دەوری گوندیان داو نەماندەتوانی بچینەدەر".
بە پێی گێڕانەوەی سەعد، چەند ڕۆژێکیان بە گەمارۆدراوی و دەستبەسەری لە ماڵەکانیاندا بەسەربردووە، تا نیوەڕۆیەکی ڕۆژی هەینی کاتژمێر ١١:٣٠ دەقیقە هەموو خەڵکی گوندەکەیان بە ژن و پیاو و گەورە و بچوکەوە لە گۆڕەپانی قوتابخانەی گوندەکەیاندا کۆکردووەتەوە، ئەو وتی "کە بردیانینە قوتابخانەکەوە پیاو و ژنەکانیان جیا کردەوە، پیاو لە لایەك و ژن لە لایەك، چی مۆبایل و زێڕ و سویچی ئۆتۆمبێل هەبوو لێیان سەندین، دوای چوار لۆرییان هێنا پیاوەکانیان سوار کرد، من چووم سواری چوارەمیان بووم، ئۆتۆمبێلەکانیان بەرەو پشتەوەی گوند لێخوری".
وتیشی:"هێشتا لۆرییەکەی منی تێدا بوو نەگەیشتبووە شوێنی گوللەبارانکردن و کوشتارەکە، کە لە دورەوە بینیم ئەوانەی

ئۆتۆمبێلی یەکەمیان دابەزاند و بە پەلە ریزیانکردن و دایاننە بەر دەستڕێژی گوللەو کوشتیانن، من و هەڤاڵێکم لە تاوا بازماندا، تەقەیان لێکردین و هەڤاڵەکەیان گرتم، بەڵام هەرچەندە من فیشەکێکیشم بەرکەوت بە پێ و بە چنگە کڕێ بە چواردە ڕۆژ خۆم گەیاندە شێخ شەرەفەدین لە چیای شنگال و لەوێوە چوومە ناو سوریا و پاشان گەڕامەوە بۆ زاخۆ".

ناوبراو باس لەوە دەکات کە کاتێك چەکدارەکانی داعش دەستیان گرتووە بە سەر گوندی کۆچۆدا، هەزار پیاو و ژنی تێدا بووە، ئەو وتی "پیاوەکانیان کوشت و ژنەکانیان برد، چل کەس لە کەسوکاری منی تێدا بوو، دایك و براژن و دوو برا و بابی من هەموویان بران و نازانم چییان لێهات".

وتیشی "داعشەکان کە هەڵیانکوتایە سەرمان و ژن و منداڵیان بردین و پیاوەکانیان کوشتین، هەموویان خێڵە عەرەبی ناوچەکەی ئێمە بوون".

(٦)

# موحسین ئەلیاس

موحسین ئەلیاس، کە دوای گوڵلەبارانکردنی زیاتر لە ٨٠ کەس لە خەڵکی ئێزیدی ئەو و چەند کەسێکی دیکە رزگار دەبن، باسی ئەو کات و شەو و ڕۆژانی دواتر دەکات کە چییان بەسەر هاتووە.

موحسین دەڵێت[٦]: کاتژمێر ٢ی شەو شەڕ دەستپێکرد، ئێمەش وەکو زۆر خەڵکی دیکە لە گەڵ پێشمەرگە شەڕماندەکرد، دوای ئەوەی کە خەڵکو پێشمەرگە کشانەوە، ئێمەش لە کۆمەڵگەکەمان کە (تل قەسەبە) هەوڵماندا خۆمان بگەیەنینە خەڵکی دیکە، چووین بۆ هەمەدێن و گەلی مێرکان و قنێ، دوای ئەوەی کە گەیشتینە گوندی قنێ نانی نیوەڕۆمان خوارد ، چەند تەلەفۆنێکمان بۆ هات لە گوندەکانی زۆراڤا و حەردان و چەند شوێنێکی دیکە و گوتیان داعش هیچ ناکات تەنها دەیەوێت وەکو ٢٠٠٣ چۆن ئەمریکا رژێمی گۆڕی ئاواش دەسەڵاتی پێشمەرگە بگۆڕێت، لە فەیسبووکیش هەندێك لە برادەرانمان چەند وێنەیەکیان بڵاوکردبووەوە، بەڵام تەڵە بوو دواتر زانیمان کە ئەوانیش لە لایەن داعشەوە کوژراون. ئەوان گوتیان ئەوەی باس دەکرێت هەمووی پڕوپاگەندەیە، نەمانزانی غەدرێکە لە ئێمە دەکرێت".

موحسین لە گێڕانەوە بەردەوامەو دەڵێ:"دواتر ئۆتۆمبێلێکی جۆری (هەمەر) هات، کەسێکی خەڵکی گوندەکەمانی تێدابوو و بانگی دەکرد بگەڕێنەوە هیچ نییە و تەنیا ئاڵایەکی سپی هەڵکەن دەگەڕێنەوە ماڵەکانتان، نەمانزانی ئەویش لە لایەن ئەوانەوە دەستگیر کراوە و لە ژێر هەڕەشە ئەو قسەیە دەکات، ئێمەش باوەڕمان کرد، گوتمان راستییە، دوای ئەوە گەڕاینەوە وامانزانی کە هیچ نییە ئاسوودە بووین. کەمێکی پێچوو (١٠) هەمەری دیکە هاتن و دەوروپشتی ئێمەیان گرت، چەکێکی زۆریان پێبوو، دەستیان کرد بە

لێکجیاکردنەوەی پیاوان و ژن و منداڵان، کە زیاتر لە ٨٥ پیاو و نزیکەی ٢٠٠ ژن و منداڵ بوون، زانیمان کە ئەمە شتێکی ئاسایی نییە، برادەرێکم کە ناوی یاسر بوو هەوڵیدا ڕابکات، بەڵام بە بیکەیسی تەقەی لێکرا و کوژرا، گوتیان ئەوەی ڕابکات دەیکوژین".
ئەو شایەتحاڵە دەڵێ:"دوای ئەوەی کە ئێمەیان کۆکردەوە داوای گۆڕینی ئاینیان لێکردین، ئێمەش ڕازی نەبووین و گوتمان خوا ئێمەی هێناوەتە دونیا لەسەر ئەم ئاینە و نایگۆڕین، دواتر گوتیان ببن بە سێ ریز و بەرەو ناو شاخ بردیانین.
موحسین دەڵێت ئەوان مەبەستیان تەنها ئەوەبوو ویستیان لە ژن و منداڵان دوورمان بخەنەوە، چونکە خێزانەکانیش بە بەرچاوی ئێمە سواری ئۆتۆمبێلەکان کران و بران بۆ شوێنێکی دیکە.
ئەو دەشڵێ "دواتر ئێمەیان برد بۆ سەر زنارێك (گرد) کە نزیکەی ٦-٧ مەتر بەرز بوو، دیسانەوە داوای گۆڕینی ئاینیان لێکردین، بەڵام کەس ڕازی نەبوو".
موحسین دەڵێت: ئەمیرەکەیان ملی منی گرت و گوتی هەوڵی ڕاکردن دەدەی؟ من گوتم بۆچی ڕابکەم! لەبەر مردن؟ با بمرم. هەموویان لەسەر چۆك دانرابوون، منیان هەستاندە سەر پێ ویستیان کۆمەڵکوژییەکە لە منەوە دەستپێبکەن و بیکەیسیان خستە پشتی من، بەڵام لە بەختی من بیکەیسییەکە تەقەی نەکرد.
موحسین لەو کاتەدا ئەو و چوار برای دیکەشی لەگەڵ باوکیان کە دەبنە شەش کەس لەیەك خێزان لە نێو ئەو کۆمەڵە کەسانەبوون، دەڵێت برا بچووکەکەم دەگریا و زۆر دەترسا، هاوار هاواری دەچووە بەر ئاسمان، ئەو بچووك بوو تەمەنی زۆر گەورە نەبوو، ئەو قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی بوو و هاواری دەکرد، دەیگوت باوکە دەمانکوژن.
موحسین دەشڵێت: ئەم هاوار هاوارەی برا بچووکەکەم هیچ کاتێك لەبیر ناکەم، ئەو هیچ گوناهێکی نەبوو بە داعشەکانمان گوت ئەوە منداڵە نەیکوژن، گوتیان نەخێر، ئەویش بەردەکەوێت، براکەشم هەر

هاواری دەکرد. بەڵام هاواری ئەو و کەسی دیکە سوودی نەبوو، چونکە داعشەکان بڕیاری خۆیان دابوو تەنها کێشەکە ئەوەبوو بیکەیسییەکە تەقەی نەدەکرد. بەڵام بۆ ئەوان خەم نییە، بە تفەنگەکانیان دەستیان بە تەقە و گوڵلەبارانکردن کرد، تاوەکو ئەو هەموو کەسانە بەگوللە لەو زنارەدا فڕێدرانە خوارەوە.
دوای ئەوەی هەر هەموویان دەکەونە خوارەوە لەنێو نواڵەکەدا چەند چەکدارێکی داعش دەچنە خوارەوە ئەوەی بجووڵێت دیسانەوە دەیدەنە بەر گوڵلە.
موحسین دەڵێت ئەوەی لە تەنیشتم بوو نەمردبوو بریندار‌بوو بە هۆی تەرمەکانەوە ئەو کەمێك لەمن بەرزتربوو ، چەند گوللەیەك لێیدران، وەکو سڕکە خوێن بەسەر گوێمدا دەهاتە خوارەوە.
موحسین دەڵێت دوو گوللە یەکێکیان بەر ملی و یەکێکیش بەر تەنیشتی کەوت برینەکانیشی گران نەبوون. زیادیش دەڵێت "ئێمە لە ژێر تەرمەکاندا مابووینەوە گوللەیەك بەر پێی من کەوت".
موحسین ئەمەشی وت: ئەو کاتەی هاورێکەم ویستی هەڵبێت بەڵام یەکسەر لە پشتەوە رەمیان کرد لە پێش چاومان هەروەها هەر لە پێش چاومان چوار کەسی تر رەمی کران دوو مامم کە توانای رۆیشتنیان نەبوو لە پێش چاومان رەمی کران دوو ئاموزاشم کە نارازی خۆیان دەربری ئەوانیش رەمی کران. دواتر ئێمەیان بردو هەموومان گوللە باران کراین.
موحسین الیاس قوتابی قۆناغی دووی بەشی ئینگلیزی بوو خەڵکی گوندی (تەل قەسب). بەم شێوەیە و بەم برینەم بێ پزیشك و بێ داو دەرمان و بێ ئاو و خۆراك هەشت ڕۆژیان لەو چیایە بەسەر برد، دواتر برینەکەی کەمێك سارێژ کرا، موحسین وتی: ئێستا تەندروستیم باشە لە رووی جەستەییەوە- بەڵام ئەوەی بە چاوی خۆم بینم هەرگیز لە ڕووی دەروونیەوە باش نیم و نابم...

(٧)

# زیاد ئیسماعیل

زیاد ئیسماعیل، ئەمیش گەنجێکە لە نێو ئەوانەدا بوو کە رزگاری بوو لەو کوشتارگەیە، دەڵێت[٧]: پرسیارمان کرد چیمان لێ دەکەن گوتیان بە پێ دەتانبەین بۆ ناحیەی سنوون.
زیاد دەڵێت:"لەوێ ئێمە وخانەوادەکەمان لێك بزر ببووین، چونکە من لە ماڵ نەبووم و نەمدەزانی ئەوان لە کوێن و چییان بەسەر هاتووە، ئێمەش یەکەمجار دەستگیرنەکرابووین، بەڵام کە لە شاخ بووین ویستمان بۆ ئاوخواردنەوە بێینە ناو کۆمەڵگەی قنێ، کە گەیشتینە ئەوێ، دوو برادەری دیکەشمان بینی.
ئێمە بووین بە پێنج کەس، لەوێ هەندێك لە داعشەکان ئێمەیان بینی بانگیان کردین، هەندێکمان چوونە لایان و هەندێکیشمان رامانکرد و خۆمان شاردەوە، دواتر کە دەنگی تەقە زۆربوو و بینیمان خەڵك دەکوژن، هەوڵماندا خۆمان بگەیەنینە شاخ، بەڵام تەقە لە ئێمەش کرا و گوللەیەك بەر دەستی برادەرەکەم کەوت و گوتیان خۆتان رادەست بکەن، ئێمەش هیچمان پێنەکرا خۆمان رادەستکرد".
زیاد بەردەوامە و بەمشێوەیە رووداوەکانی دواتر دەگێڕێتەوە: ئێمە لەگەڵ زیاتر لە ٨٥ کەس بردیانین بۆ نێو شاخەکان و گوتیان بە پێیان دەتانبەین بۆ ناحیەی سنوون، کە ناحیەکە دەکەوێتە باکووری چیای شنگال، بەڵام راست نەبوو ، چونکە ئەوەندەی خۆمان بینی لە شوێنێکی نێو شاخ بووین، گوتیان لێرە بوەستن ئێمەیان کردە دوو ریز.
زیادیش باس لە لەکارکەوتنی بیکەیسی چەکدارانی داعش دەکات و دەڵێت زۆر هەوڵیاندا، بەڵام بیکەیسییەکە هەر تەقەی نەکرد.

(٨)

# فەواز سەفوان

فەواز، تەمەن(٢٢)ساڵ[٨]، لە کۆمەڵکوژیەکەی داعش رزگاری بووە و دەڵێت: لاشەکان بەسەرمدا دەکەوتن.
پیاوەکانی داعش، پیاوە ئێزیدیەکانیان جیادەکردەوە و ریزیان دەکردن و دەیانکوشتن. من بە هۆی لاشە بێگیانەکانەوە رزگارم بوو، ئەوە قسەی فەوازی ٢٢ ساڵانە.
فەواز سەفوان، کرێکاری بیناسازییە و تازە ژنی هێناوە، خەونی بەوەوە دەبینی کە خێزان پێکەوە بنێت، کاتێك تیرۆریستەکانی داعش لە گوندەکەیان نزیکدەبنەوە کە دەکەوێتە رۆخی شاری شنگالەوە، ئیدی گوندییەکان بەرەو چیاکە هەڵدێن، نزیکەی ٢٠٠ منداڵ و پیاو و ژن.
دوای دوو کاتژمێرێك پیاوە ریشدرێژە جل ڕەشەکان دەگەنە سەریان.
"ئێمە دەتانگوازینەوە بۆ شوێنێکی دیکە، سوێند بەخوا هیچتان لێناکەین"، ئەوە قسەی یەکێك لە پیاوە ریشنەکان بوو.
فەواز بڕوای پێدەکات، "ئاخر چۆن دەبێت یەکێك خۆی بە موسڵمان بزانێت و بەڵێنەکەی بشکێنێ؟".
پیاوە چەکدارەکان دەستیان بە جیاکردنەوەی ژن و منداڵەکان کرد. لە بەردەم براکەی فەواز رادەوەستن کە تەمەنی تەنیا ١٦ ساڵان بوو.
"ئەوە منداڵە"، یەکێك لە پیاوەکان دەڵێت. بەڵام یەکێکی دیکەیان لێی دەچێتە پێشەوە و دەستی دەگرێت و دەڵێت: "نەخێر، ئەمە پیاوێکی تەواوە".
فەواز بە چاوی خۆی دەیبینێ کە چۆن ژنە ١٨ ساڵییەکەی و دایك و سێ خوشکەکەی لە لایەن چەکدارەکانەوە دوورخرانەوە.
دوای ئەوە پیاو و مێردمنداڵەکانیان بە ئاراستەیەکی دیکەدا برد.

دوای چەند کیلۆمەترێك رۆیشتن، فەرمانیان پێدەکەن کە لە بەردەم لێڕەوارێکدا بوەستن و ئەمریان پێدەکەن کە ریزبن و بچەمێنەوە!
فەواز هەتا ئەو کاتەش نەیدەزانی چی روودەدات، گوێی لە پیاوەکان بوو کە دەیانژماردن: دوو، سێ، چوار ...
فەواز ژمارە ٦٨ بوو، پیاوە چەکدارەکان مۆبایلەکانیان دەردەهێنن و دەست بە وێنەگرتن دەکەن.
"بینیم هەموویان یەك مۆدێلیان پێبوو، سامسۆنگ گالاکسی" فەواز وا دەڵێت. هەتا ئەو کاتەش ئەو هەر لەوە حاڵی نەدەبوو کە مەبەستیان چییە. تا ئەوکاتەی پیاوەکان چەکە ئۆتۆماتیکییەکانیان سوار کرد و دەستیان بە تەقەکردن کرد.
"یەك بە دوای یەکدا لاشەکان دەکەوتن"، فەواز فرسەتێك دەهێنێ و خۆی هەڵدەدات.
"بەسەر بەردەکاندا کەوتم و لاشەکان بەسەرمدا کەڵەکە دەبوون. هیچ خۆم نەجوڵاندەوە.. خەیاڵم لای برا بچکۆلەکەم و باوکم بوو.. دەبێت خۆیان رزگار کردبێت؟".
پیاوەکانی داعش بەسەر سەریانەوە بوون و هاواریان دەکرد، زیاتر لە یارییەکی پلەیستەیشن دەچوو، فەواز وا دەڵێت.
لە کۆتاییدا دوای نیو کاتژمێر، هەموو شتێك خامۆش بوو. فەواز باوك و برا بچکۆلەکەی بە مردوویی دەبینێتەوە. تەنیا گوندییەکی دیکە رزگاری ببوو. ئەوان بەیەکەوە لەو شوێنە دووردەکەونەوە و دەچنە سەر کانییەك، تێر ئاو دەخۆنەوە و دەموچاویان دەشۆن و دەڕۆن.
لەسەر چیاکە فەواز خزمێکی دەبینێتەوە، مۆبایلێکی رەنگ شینی دەداتێ، کورتە نامەیەك بۆ ژنەکەی دەنێرێت.
دوو ڕۆژ دوای ئەوە، ژنەکەی تەلەفۆنی بۆ دەکات.
"ئێمە ماوین.. بەڵام لەلایەن داعشەوە گیراوین".
فەواز ئەو کورتەنامانەمان نیشان دەدات کە لەلایەن ژنەکەیەوە بۆی نێردراوە. مەسجەکان کورتن، ناوی ئەو شوێنانەی تێدایە کە ژنەکەی

و دایکی و خوشکەکانی پێدا دەڕۆن. ئەو شارانەی کە دەیانگوازنەوە بۆیان.
ئیدی ئەو وەکو جاران تەلەفۆن ناکات، دەیەوێت شەحنی پاتریەکەی تەواو نەبێت. پەیوەندییەکەی دوێنێ شەوی زۆر کورت بوو.
"دوو دوو و سێ سێ کچەکان دەبەن و پاش چەند کاتژمێرێك دەیانهێننەوە، بەڵام هەتا ئێستا هیچیان لە ئێمە نەکردووە" ژنەکەی بە چرپە ئەوە بە فەواز دەڵێت.
کەس نازانێت لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا، چەند کەسی مەدەنی بەدەستی داعشییەکان کوژراون. یان چەند ژن و منداڵ لەلایەن داعشەوە رفێندراون. وەحشیگەری داعش بەرامبەر کەمینەکان هەموو سنوورێکی بەزاندووە.
نەتەوە یەکگرتووەکان، دەستدرێژییەکانی داعشی بە "کارێکی وەحشیانە" ناوبرد.
فەواز بە نینۆکەکانی تۆزێك شاشەی تەلەفۆنەکەی دەکڕێنێت.
شتێکی سەیر بە روخساریەوە دیارە.
ئەو لە خێوەتگەیەك لە نزیك شاری زاخۆ بە نائارامی لە ژێر خێمەیەکدا دانیشتووە.
توانای ئەوەی نییە هەموو ئەو شتانەی بە چاوی خۆی بینیویەتی لە نوکەوە بگێڕێتەوە.
لەو ماوەیەدا بە بێدەنگی دانیشتووە و بیر لەو رووداوانە دەکاتەوە کە زیاتر لە خەیاڵ دەچن.
بە پەنجەکانی مۆبایلە نۆکیا شینەکەی ناودەستی دەگوشێت، لە چاوەڕوانیی ئەوەی کە جارێکی دیکە زەنگێکی بۆ لێبدەنەوە.

(٩)

# مەهدی مسەور

ئەو وتی[٩]: ڕۆژی ٣-٨-٢٠١٤ لە گوندەکەمان (سیپا شێخ خدر) دەرەنگ دەرچووم، بە هۆی سەرقاڵبوونم بە خانەوادەکەم، تەنها ڕێگاش بۆ رزگار بوونمان چوار ڕیانی تەل عوزێر و ڕێگای شەلۆ- شنگال بوو لە بەر ئەوەی پرسگەی هێزی پێشمەرگە لەوێ بوو، بەڵام بە داخەوە پێش ئەوەی بتوانین بڕۆین و بگەینە ئەو ناوچەیە هێزەکانی داعش گەشتنە کۆمەڵگای سیبا، بە چەکی نوێ و بچوك و ناوەند پڕچەك بوون، ژمارەی ئۆتۆمبێلەکانیان ١٥ بۆ ٢٠ دانە بوون جۆری دەبڵ قەمەرە، هەر کە گەشتنە ناو گوندەکەی ئێمە راستەوخۆ دەستیان کرد بە تەقە کردن بە شێوەیەکی عەشوائی.
بە چاوی خۆم دەیان لاشەم بینی هی ژن و پیاو، بەتەمەن و تەنانەت مناڵ، بە تەنیشتمەوە لە سەر ڕێگای سیبا شێخ خدر، زۆربەی ئەو شەهیدانە لە خەڵکی سادە و هەژار بوون، لە بەر ئەوەی هیچ ئامرازێکی دەربازبوونیان لە کۆمەڵگاکە نەبوو، شەڕەکە بۆ ماوەی چوار کاتژمێر بەردەوام بوو لە نێوان خەڵکی ناوچەکە و چەتەکانی داعش.
رزگاربوەکەی نێو کۆمەڵکوژییەکە دەڵێ: من لە گەڵ خانەوادەکەی براکەم و باپیرم و برا بچوکەکەم بووم، دەسڕێژی گوللەیان لێکردین و برا بچوکەکەم محسن کە تەمەنی ١٥ ساڵ بوو شەهیدکرا، دوای دەستگیریان کردین و ژمارەمان ٢٠ کەس بوو، ١٧ لە خانەوادەی برا گەورەکەم بوو لە گەڵ باپیرم کە تەمەنی ٧٧ ساڵ بوو، یەکێکیان هەستا بە لێدانی من و پرسیاری ناومی کرد، وتم مەهدیە، وتی ناوی باوك، ووتم مسور، یەکێکیان هەوڵی ئەوەیدا تەقەمان لێ بکات، بەڵام هاوڕێکەی نەیهێڵا و وتی لێی گەڕێ من ئەمە دەناسم و پێشووتر وێنەی یەکێك لە ئاهەنگەکانی بۆ گرتووین.

دواتر کۆیان کردینەوە، ژمارەمان بوو بە نزیکەی ١٠٠کەس، هەموومان خەڵکی ئۆردوگای جەزیرە- سیبا شێخ خدر بووین، زۆربەشیان منال و ئافرەت بوو، لە بنکەی پۆلیس دەستبەسەریان کردین، تا کاتژمێری ١٢ ی نیوەڕۆ لەوێ ماینەوە، دواتر بردینیان بۆ قەزای بەعاج و لەوێ لە زیندانێکی گەورە هێلامانیانەوە، لێرە پێنج لە برایانی شیعەشمان لە گەڵ بوو کە خەڵکی شنگال بوون و بەرەو شوێنێکی نادیار بردیانن و دواتر کوشتنیان.
شاهێد حاڵەکە باسی دەکات و دەیگێڕێتەوە: هەستان بە جیا کردنەوەی پیاوەکان لە ژنەکان، ژنەکانیان برد بۆ تەلەعفەر، تکامان لێیان کرد ئازادیان بکەن بەڵام بێ ئەنجام بوو، دوای سێ ڕۆژ بردینیان بۆ تەل قەسەب و پێمانیان وت: ئازادبن پێویستە لە سەرتان ئەوەی لە لایەن ئەمیر ئەبو حمزەوە داواتان لێدەکرێت جێبەجێی بکەن، ئەو بڕیار لە سەرتان دەدات، لە تەل قەسەب شەش ڕۆژ ماینەوە، لەوێ دەچوینە ماڵان و بازاڕە نزیکەکان بە مەبەستی خواردن و ئاو پەیدا کردن، کاتێك کە پاسەوانەکان گوێیان لە دەنگی فڕۆکەکان بوو، هەندێکیان خۆیان شاردەوە، لەم کاتەدا بڕیارماندا هەڵبێین، ئێمە نۆ کەس بووین، بەشی پێویست ئاومان هەڵگرت و کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ بەرەو چیا بەرەو دۆڵێك بەڕێکەوتین کە دەکەوێتە نێوان تەل قەسەب و تەل بەنات وە لای باکووری چیاکەوە.
دوای نۆ کاتژمێر لە ڕێکردن بە بێ وەستان گەشتینە گابارە، لە ڕێگا گوێمان لە دەنگی دوو فڕۆکە بوو، کە داعشەکان تەقەیان لێدەکردن، لە نێوان بەردە گەورەکاندا خۆمان شاردەوە لە ترسی بەرنەکەوتنمان بە گوڵلە، ڕێگامان تەواو کرد بەرەو چیا و کاتژمێر ١١ی شەو گەشتینە یەکێك لە ماڵەکان کە لە تیرەی زیندانی بوو، پێشوازییان لێکردین و بەخێرهاتنیان کردین، هەستمان بە ژیانێکی تر و نوێ کرد، دەنگی گریانەکانمان دەگەیشتە ئاسمان و تەنها چیا وەڵامی ئازارەکان و ئەوەی بینیمان دەداینەوە.

لە چیا دیمەنی دڵتەزێنمان بینی، مناڵ لە تینووا و برسێتیدا مردبوو، زەمەن غەدری لێکردبوون، بە ئاو هاواریان دەکرد بە رووی زوڵم و ئازارەکاندا. بۆ ڕۆژی دواتر و بەیانیەکەی نەماندەزانی بۆ کوێ بڕۆین، هەرکەسێك بە ڕێگای جیاواز رۆشتین بۆ سۆراخی کەس و کار، ئەوەی کە لە وەحشیەتی داعش مابوونەوە، من بەرەو کرسی رۆیشتم و لە کاتی گەیشتنم خێزانێکم بینی دەمناسینەوە، دوو ڕۆژ لە لایان مامەوە، دوای ئەوە بەرەو ئەو ڕێگایە رۆشتم کە بارەگای یەپەگەی لێبوو، لەوێشەوە گەشتمە سووریا و لەوێشەوە بۆ زاخۆ، لێرە خانەوادەکەم دۆزیەوە کە خەم و پەژارە هەموویانی داگرتبوو، ئەوەی بۆم گێرانەوە تەنها لە فیلم دەچوو لە فیلمە ترسناکەکانی هۆلیود، ئەو ڕۆژە تاڵانە لە یادەوەریمدا دەمێننەوە، یان ئەو لاشانەی کە گولە باران کرابوون لە سەر ڕێگاکان بە بێ مەراسیمی ناشتن مابوونەوە، بە هیوام خانەوادەی براکەم ئازادبن بەم نزیکانە.

(١٠)

# ئێزدین ئەمین

چەکدارانی داعش لە پێش چاوی ئەودا زیاتر لە(٨٠)کەسیان گوڵلە باران کرد لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا، ئەو گەنجە بە هۆی کەوتنە ژێر لاشەی کەسێك رزگاری بووە و دەڵێت[١٠]:"ئامادەم لە داهاتوو چیرۆکی کۆمەڵکوژی ئەو کوردە ئێزیدیانە لە هەر دادگایەك بێت بگێڕمەوە".

"ئێزدین ئەمین" و رزگاربووانی تر بۆ ناساندنی جێنۆسایدی کوردانی ئێزیدی بەڵگەیەکی بەهێزە چونکە دڕندەیی چەکدارانی داعشی بە چاوی خۆی بینووە و بە معجیزە لە مەرگ رزگاری بووە.

"ئێزدین" دەڵێت: "لە کاتی گوڵلەباران کردن هەر زوو خۆم خستە سەر زەوی و لاشەیەك کەوتە سەرم و منی داپۆشی، سەرم کەوتە ژێر ملی لاشە بێ گیانەکە و ئەو گوڵلانەی بەر ملی ئەو کەوتن منیشی پێکا".

ئاسەواری گوڵلەکان بە روونی لە سەر ناوچەوانی "ئێزدین"دا دیارە بە سوکی بە دوو گوڵلە بریندار کرابوو.

"ئێزدین" دەڵێت:" دوای ئەوەی بە کۆمەڵ گوڵلەباران کراین دواتر چەکدارێکی تر هات و فیشەکەکانی بە ئێمە بەتاڵ کردەوە گوڵلەبارانی کردینەوە بۆ ئەوەی دڵنیابن لە کوشتنی هەر هەمووومان و پاشان رۆیشتن. من (٥) فیشەکم لە لایە کە ئێمەی پێ گوڵلەباران کراوە لە گەڵ خۆم هێنام".

"ئێزدین" دەڵێت:" ئامادەم بۆ هەموو جیهان ئەوە بدەمە ناسین کە چۆن و لە کوێ و کەی ئەم کۆمەڵکوژییە روویدا و دڕندەیی داعش بخەمە ڕوو".

(١١)

# عەلی عەباس ئیسماعیل

رزگاربووی کۆمەڵکوژییەکە (عەلی عەباس ئیسماعیل مندکانی ١٩٦٤) مامۆستا بوو لە قوتابخانەی گوندی کۆچۆ باس لە چۆنیەتی رزگاربوونی دەکات و دەڵێت[١١]: لە ڕۆژی٣-٨-٢٠١٤ بەرگریکاران (پێشمەرگە) کشانەوە و هەندێ لە دانیشتوانی گوندەکەمان رایانکرد، من و خێزانەکەم و خێزانی هاورێیەکم کە خانووی هەبوو لە شنگال چووینە ئەوێ و لە خانووی هاورێکەم ماینەوە، ویستمان دەرچین بۆ لای منارەی شنگال، بەڵام دەست ڕێژی گۆڵلەیان لێکردین، ئیتر بە ناچاری گەراینەوە لای مزگەوتی (عبدالرحمن)، ئێمەیان ونکرد، لە سەر ڕێگاکەمان کەلاوەیەک هەبوو خۆمان تیایدا حەشاردا هەتا سێی ئێوارە، هاورێکەم وتی ئەچینە ماڵی ناسیاوێکمان بە ناوی (حسن حمادە)، ئێمە ژمارەمان دەگەیشتە (٤٠) کەس، بۆیە بووینە چەند بەشێکەوە هەر ١٠کەس لە ئۆتۆمبێلێک سوار بوین هەموومان خەڵکی گوندی کۆچۆ بووین، زۆربەی خەڵکەکە پێشتر هەڵهاتبوون بەڵام شەهید بوون لە (سەنتەری قەزای شنكال، لە نزيك شوقەكانی ڤیان- قنێ).

بەشی یەکەم گەشتنە ماڵەکە، بەڵام بەشی دووەم کە من و خێزانەکەم و ئەوانیتری تیا بوو دەستبەسەر کراین لە لایەن داعشەوە، (١٨٠٠٠٠٠٠) دینار و بڕێکی زۆری زێڕ و گەوهەر و بەڵگە فەرمییەکانی خێزانەکەمم پێ بوو هەموویان لێ بردین.

لە کاتژمێر سێ پەیوەندییان پێوە کردین بۆ ئەوەی پێمان رابگەیەنن کە رێککەوتن هەیە لە نێوان ئەمیری داعش(ابو حمزە الخاتونی) و شیخی مندکان لە کۆچۆ (ئەحمەد جاسو)، هەواڵەکەیان پشت راست کردەوە و دڵنیایان کردینەوە کە پارێزراو ئەبین.

ئەم ئەمیرە نییەتی ئەوە بوو کە هەموو خێزانەکان لە چیا بگەڕێنەوە و کۆمەڵکوژ بکرێن، بۆیە داوای لە (ئەحمەد جاسو) کردبوو پەیوەندی بە هەموو شێخی هۆزەکانی ئێزیدییەوە بکات و دڵنیایان بکاتەوە کە پارێزراو ئەبن و نایانەوێ ئەم خەڵکە لە تینوویەتی و برسییەتییا گیان لە دەست بدەن، بۆیە وا بۆیان باشترە بگەڕێنەوە ماڵەکانیان، بەم شێوەیە (ئەحمەد جاسو) و خەڵکەکە دڵنیا بوونەوە و پێیان باشبوو بمێننەوە و بڕوایان وابوو ئەوانیتریش لە چیا دەگەڕێنەوە، نەیانزانی فێڵە...
دوای دوو کاتژمێر پەیوەندیمان بە گوندەوە کرد دڵنیایان کردین کە پارێزراون و کەس دەستی لێ نەداون و کەس هیچیشی پێ نەوتوون، پێیان وتین کە دەگەڕێینەوە ئاڵای سپی لەسەر ئۆتۆمبێلەکان هەڵکەین و لە ڕێگاش لە خاڵە پشکنینەکان وا خۆمان پیشاندەین کە لە جەماعەتی (شێخ ئەبو حەمزە خاتونی)ین، بەم شێوەیە ڕێککەوتین کە بگەڕێینەوە لە ناو شار توشی پشکنین و لێپرسینەوە بووین و هەوڵیان دەدا ئازارمان پی بگەیەنن، سەرەتا ئۆتۆمبێلی تیۆتا دەبڵ قەمەرە (مەرزیە)یان لێ دزین و ٤ ئۆتۆمبێلمان مایەوە، لە خاڵی پشکنینی باشووری شار لێیان پرسین ئێوە کێن؟ وتمان لە جەماعەتی (شێخ ئەبو حەمزە ئەلخاتونی)ن.
وتیان : ئەبێ ئێستا لە پێشمان شایەتمان بهێننەوە و ببنە موسوڵمان، واز لە بیروباوەڕتان بێنن بۆ ئەوەی ڕێگاتاندەین دەرچن لە شار، دواتر وتیان ئەم پارچە قوماشانە چین لە ئۆتۆمبێلەکانتان، وتمان ئاڵای سپییە واتا ئاشتی، وتیان بۆ ئێمە بە دوژمن دەزانن؟!،دواتر لە شۆفێرەکەیان پرسی ئایە بیروباوەری ئاینی ئێزیدی چییە؟ دوای راوێژی نێوانیان، چی لەم ئێزیدییانە بکەین،پێکهاتبوون لە عەرەبی )کجلە، متیوتە، عفریە، خاتونی(، دواتر وتیان پێویستە بە دوای ئەمبۆلانسەکەوە ڕێ بکەن کە هی خۆیان بوو، ئەمبۆلانسەکە بەرەو سەنتەری شار چوو بۆ لای (مزگەوتی عەبدالرەحمان)، لەوێ کەوتنە گفتۆگۆ و ڕاوێژ لە بارەی چارەنووسمانەوە، جارێکیتر

ئێمەیان گەڕاندەوە بۆ هەمان خاڵی پشکنین و بیستم وتیان چی لەمانە بکەین ئەم دیشداشە لەبەرانە؟
بە بڕیاری ئەوان بە دوایانەوە چووین جارێکیتر بەرەو مزگەوتی عەبدولرەحمان، بەڵام پێش گەیشتنمان بۆ مزگەوتەکە وتیان (بڕۆن بۆ گوندەکەتان)، دیاربوو کە پەیوەندییان پێوە کرابوو، بەرەو گوند چووین، لە ڕێگا خاڵی پشکنین هەبوو، پێمان وتن کە ئێمە لە جەماعەتی (شێخ ئەبو حەمزە خاتوونی)ین، لە کاتی گەیشتنمان بۆ گوند، چەکەکانیان لە خەڵکی گوند سەندبوو، لە ڕۆژی چوارشەممە ٦-٨ەوە هەتا ڕۆژی یەکشەممە ١٠-٨ مۆڵەتیان بە خەڵکەکە دابوو یان ئەبێ ببنە موسوڵمان یان سەریان ئەبرن .
ڕێککەوتن هەبوو لە گەڵ خەڵکی حاتمیە، لەو ماوەیەدا (ئەحمەد جاسو) لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ شێخە عەرەبەکان بۆ رزگارکردنی خەڵکەکە، یەکێک لە شێخەکان (ئایەتی تۆبە)ی بۆ نووسی، ئەحمەد جاسو ئایەتەکەی رادەست خاتوونی کرد و کاتێ کە خاتوونی ئایەتەکەی خوێندەوە رەتی کردەوە و وتی ئەم ئایەتە ئێوە ناگرێتەوە، تەنها دوو ڕێگاتان هەیە نەک سێ، یان موسوڵمانبوون یان سەربڕین، دوای دوو ڕۆژ کۆمەڵێک لە خەڵکی گوند هاتنە لامان و موژدانەی ئەوەیان دا کە خاتوونی مەعفووی بۆ گوندەکە دەرکردووە کە ئەتوانن لەسەر بیروباوەری خۆیان بمێننەوە و تەدەخولی کاروباری ئایینییان ناکەن، بێگومان خۆشییەکی زۆربوو و هەواڵەکە بە خێراییەکی زۆر بڵاو بووەوە لە ناو خەڵکی گوندەکە، هەر هەمان شەو هەموو خەڵکی گوندی حاتمیە بەرەو چیا بەرێکەوتن و هەموو گڵۆپەکانیان پێ کردبوو و خاوەنی مۆلیدەکەش مۆلیدەکەی نەکوژاندەوە ئەو ناوە هەمووی ڕووناک کردبوو بەم شێوەیە داعشەکان هەستیان بەوە نەکرد کە دەرچوون هەتا گەشتنە سەر چیاکە. دواتر گەمارۆی گوندەکەمانیاندا لە هەموو لایەکەوە بۆ ئەوەی ئێمەش وەک خەڵکی گوندی حاتەمیە نەکەین، لە ڕۆژی ١٢-٨ کۆمەڵێ ئۆتۆمبێل هاتن بۆ دیوەخانەی گوندەکە و لەگەڵ سەرۆک

هۆزەکە کۆبوونەوە، لە خەڵکەکە بیستم کە مۆڵەت نامە (کارتی ئازادی) ئەبەخشنە خەڵکەکە، هۆزی مەندکان پێک هاتووە لە( تەل قەسەب، کۆچۆ، حاتەمیە، عزاویە، شەهوانیە، عین فەتحی)، وتیان ڕێککەوتنێک هەیە وەک ئەوەی لەگەڵ مەسیحییەکانا کردیان، ماڵ و موڵکیان رادەست بکەن و بەرامبەر ڕۆشتنیان بۆ چیا، خەڵکی گوند رازی بوو لەسەر بڕیارەکە.
لە ڕۆژی هەینی ١٥-٨ کۆمەڵی گەنج بووین کۆببوینەوە لە شوێنێک، بینیم شاحینەی حەفارە هاتە ناو گوندەکەوە، بە گەنجەکانم وت دوای هاتنی ئەم شاحینەیە تاوانێك روودەدات، دوای کاتژمێرێک، نزیکەی ٤٠ ئۆتۆمبێل هاتن پڕ بوون لە داعشی چەکدار و چەکی سەر ئۆتۆمبێلەکانیان داپۆشرابوون، بەرەو قوتابخانەی ئامادەیی گوندەکە چوون، فەرمانیان کردبوو هەموو خەڵکی گوند لە ئامادەییەکە کۆببنەوە و هەرچی پارە و گەوهەر و مۆبایل و ئۆتۆمبێلیان هەیە لەگەڵ خۆیان بیهێنن، هەموو خەڵکی گوند لە ئامادەییەکە ئامادە بوون بڕوایان بە داعشەکان کرد کە دەیانێرنە چیا، لە دەرگای قوتابخانەکە کەسێک ئەیانپشکنی و مۆبایلەکانی لێیان دەبرد، لە مەمەرەکان وەستاین و هەریەکەو بوتڵێ ئاویان داینێ، ئۆتۆمبێلەکانمان لە نزیک ئامادەییەکە وەستاندبوو، داوایان لە ئافرەتەکان کرد بچنە نهۆمی دووەم و پیاوەکانیش لە نهۆمی یەکەم بمێننەوە، کاتێ کە ئەمیرەکە(ئەبو حەمزە خاتوونی) هات بۆ قوتابخانەکە داوای کرد ئەحمەد جاسۆ بێتە لای، داوای لە هەمووانیش کرد زێڕ و پارەکان بکەنە ناو جانتا ڕەشەوکەوە، هەموویان بڕیارەکەیان جێبەجێ کرد، دواتر ئەمیر خاتوونی دەستی بە قسەکردن کرد و وتی( پێمان وتن واز لە نەزانینی خۆتان بێنن و ببنە موسوڵمان، بەڵام ئێوە نەهاتنە دەم بڕیارەکەمانەوە، ئێستا کێ ئامادەیە واز لە بیروباوەڕی بێنێت ئەوە ئەتوانێ بمێنێتەوە لە ماڵ و موڵک و گوندەکەی، ئەوانیتریش ئەنێرینە چیا.

دواتر موختار گۆند (ئەحمەد جاسو) وتی: ئەی خەڵکی گوند من ئەچمە چیا ئەوەی لەگەڵم دێت با بێت ئەوەیشی دەیەوێ بمێنێتەوە لە گوند با بمێنێتەوە، هەمووان بە یەک دەنگ وتیان لەگەڵت دێینە چیا.
خدیدە باپیری هاورێی ئەحمەد جاسو ئەڵێت، لە پەیوەندی بەردەوامدا بووم لەگەڵی، لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕۆژێک پێش کۆمەڵکوژییەکە ئاگادارم کردەوە کە بڕوا بەمانە نەکات وەک چۆن بە خەڵکی حەردانیان کرد.
وەڵامی دامەوە و وتی: کریفەکەمان مەتیوتە نێوەندگیری نێوانمان دەکات و ئێستاش ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی (ئەبو حەمزە حەمیدی) لە دیوەخانەکەمانە، حەمیدیە هۆزێکی عەرەبییە لە بەعاج، بە پێی قسەی ئەمیرەکە وەکو مەسیحیەکان موسڵ مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، کە بریتییە لە جێهێشتنی پارە و چەک و گەوهەرەکان و جێهێشتنی گوندەکە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی...
عەلی عەباس درێژەی بە قسەکەیدا و وتی: ئەمیری داعشەکان داوای لە خەڵکی گوند کردووە بەش بەش سەر ئۆتۆمبێلەکان بکەون و بڕۆن بۆ چیا، یەکەم بەش بە دوو ئۆتۆمبێل دەرچوون کە پێکهاتبوون لە (٣٠-٤٠) کەس، پاسەوانیان دەکرا، لە کەناری دۆڵەکە نزیکی گوند لە دووری (٥٠٠م) باشووری گوند نزیک بورجەکە کۆمەڵکوژکران، بەڵام هەستمان بە دەنگی گوللەکان نەکرد بە هۆی ژاوەژاو و قەلەبالغی لەو ناوەوە، لە بەشی سێیەم ئێمە لە ئۆتۆمبێلی جۆری (کەیا) سەرکەوتین، بەڵام تووشی سەرسوورمان بووم کە ئۆتۆمبێلەکە لە جادەکە لایدا بەرەو کێڵگەکە کە بیری ئیلتیوازی لێبوو، بەرامبەر هەر بیرێ حەوزێ خۆڵاوی هەبوو بۆ هەڵگرتنی ئاو بۆ ئاودان، چێوەکەی (٢٥)م بوو و قوڵاییشی (٢-٣)م بوو، هاواریان بەسەرمانا دەکرد: (... یللە بسرعە ابرکوا .... ادخلوا الحوچ... نکسو رۆوسکم... الله أکبر... الدولە الاسلامیە باقیە...)،واتە ( خێرا بچنە ناو حەوزەکە.... سەرتان نزم بکەن... الله اکبر ... دەوڵەتی ئیسلامی دەمێنی) ئینجا رەمییان کردین.

بە شێوەی بازنەیی دەوری حەوزەکەیان دابوو، هەموویان دەستیان کردە ڕەمی کردنمان، دوای ماوەیەک وەستان، لاشەکانیش بە سەریەکا کەوتبوون لە ناو حەوزەکە، بیستم یەکێکیان وتی: ئەمجارەیان گوللە لە کەللەی سەریان بدەن، دوای ئەوە رووی چەکەکانیان کردە سەرمان و دووبارە دەستیان بە دەستدرێژی گوللەکرد بە نیشانەی سەرمان، دوای چارەگە کاتژمێرێ بە جێیان هێشتین، کە زانیم ئەوان رویشتن، وتم کێ بریندار بووە و ئەتوانێ خۆی رزگار بکا با لە حەوزەکە دەرچێت، من و (سەعید موراد بسی، دلشاد سلێمان باسم) لە حەوزەکە بە خشین لەسەر سک دەرچووین، لە ڕۆژئاوای حەوزەکەوە حەوزێکیتر هەبوو کۆمەلێ کوژراوی بێتاوانمان تیای بینی نازانم لەگەل ئێمە کوشتیانن یان پێش ئێمە، لە باکوری کێلگەکەوە بە مەودای ٨ کم کێلگەیەکیتر هەبوو گەشتینە ئەو کێلگەیە، من و هاورێکەم سەعید موراد لە ژێر ئامێر و تراکتۆری کۆنی کشتوکالی خۆمان حەشاردا هەتا دنیا تاریک بوو، بەلام هاورێکەیترمان بەردەوام بوو لە ڕێکردن بەرەو گوندە عەرەبەکان، گوێمان لە دەنگی فڕۆکەکان بوو بەسەر گوندەکەیا ئەسوورانەوە بەلام بەرز بوون و گوێمان لە دەنگی گوللە باران کردن بوو، بە کۆمەل خەلکیان ئەبردە شوێنێ دیاری کراو بۆ کۆمەلکوژی کردن، بینیمان دووکەل لە گوند هەلدەستێ بەلام سەرچاوەکەیمان نەزانی کە ئایا هی فڕۆکەکان بوون یان داعشەکان لە گوند شتێکیان سووتاند.

لەو کاتەی کە لە کێلگە بووین دوو کاتژمێر دوای کۆمەلکوژەکە بینیمان شۆفل هات، نازانین کوژراوەکانی دەرەوەی حەوزەکەیان کردە ناو حەوزەکە یان لە ناو حەوزەکە ناشتیانن، دوای ١٠ خولەک دوو ئۆتۆمبێل هاتن بە دوای رزگاربووانەدا دەگەران لە کێلگەکە، ئیتر شەو داهات و ئێمەش دەرچووین بەرەو (دۆلی نەخیلە) لە ریگای خاکی ( ئەل برایز)، دواتر لە دۆلی (ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا) پەڕینەوە، گەشتینە تاوەرەکە و لەوێ ماینەوە، لە کاتژمێر ١٢ی شەو

گەشتینە ناو گوندی (ر)، ئێمە برینداربووین، هاوڕێکەم دەرگای ماڵێکی کردەوە بە بێ داوای ڕەزامەندی خۆمان فرێدایە حەدیقەکەیانەوە، ماڵەکە زۆر ترسان، وتمان ئێمە خەڵکی کۆچۆین و چیرۆکەکەمان بۆیان گێرایەوە کە چی بەسەر ئێمە و کەسوکارمان هاتووە، ماڵەکە هاوڕێکەمیان دەناسی، موزەمدێکیان بۆ هێناین و برینەکەی بۆمان بەستو وتیان: لای دەوڵەتی ئیسلامییەوە ئاگادار کراوینەتەوە کە عقوبەی ئەوانە دەدرێ کە هاوکاری ئێزیدی و شێعەکان دەکەن تکاتان لێ دەکەین ئێرە بە جێبهێڵن.

لەسەر ڕێگای دۆڵەکەوە گەشتینە (ن) باشووری سەنتەری شنگال، گوێبیستی بانگدان بووین، هیچ ڕێگایترمان نەبوو تەنها ئەوە بوو بچینە ناو گوندەکەوە، پیاوێکی پیرمان بینی ئەچێت بەرەو مزگەوت بۆ نوێژی بەیانی، سڵاومان لێی کرد و چیرۆکی کۆچۆمان بۆی گێرایەوە و داوای یارمەتیمان لێی کرد، هەتا ڕۆژی دواتر لای ماینەوە، بۆ مێژوو ئەیڵێم کە برینەکەم زۆر سەخت بوو یەکێک لە زانایانی ئاینی چارەسەری پزیشکی بۆ دەکردم، بۆ ڕۆژی دووەم وتی: کەسێک هەیە دەتباتە سوریا چونکە برینەکەت ترسناکە، کەسێکیتر هەیە لە کێلگەیەکی نزیک هەردووکتان پێکەوە ئەگەیەنینە لای، کە (دڵشاد سلێمان قاسم)ی هاوڕێمان بوو، گەشتینە کێڵگەیەک کە لە نێوان دۆمیز و قابوسیە بوو، وتیان بە دوای هاوڕێکەتان بگەڕێن، بە دوایدا گەراین بەڵام نەماندۆزییەوە، چونکە کێڵگەکە لەسەر ڕیگای سەرەکی بوو و شوانی لێ بوو، بۆ شەو جارێکیتر گەراینەوە گوند و چووینە ماڵێکیترەوە هاوڕێکەم لەوێ مایەوە و منیش چوومە ماڵێکیتر، سێ ڕۆژ ماینەوە، ئەترسان لە برینەکەم، شۆفێری تاکسییەک وتی من بە (٢٠٠٠) دۆلار ئەیبەمە زاخۆ، ڕێککەوتین، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر وتی ناتوانم بەم بڕە پارە کەمە بیبەم بە (٨٠٠٠) دۆلار ئەیبەم.

باوکم و کوڕەکەم لەگەڵم شەهید بوون لە کۆمەڵکوژییەکە، کەسیترم نەبوو جگە لە مامەم لە زاخۆ پەیوەندیم پێوە کرد، وتی: کوڕم سوێند

بە خوا ناتوانم ئەم بڕە پارەیە بدەم، دواتر کەسێکیتر بوو پەیوەندیمان پێوە کرد وتی ئەتگەیەنم بەڵام دوای چەند ڕۆژێک، لەو کاتەدا خالد برای هاورێکەم سەعید ئەویش رزگاری ببوو لە کۆمەڵکوژییەکە و گەشتە گوند، هەرسێکمان یەکمان لە کێڵگە بینی، خاوەنیماڵەکە هەریەکی بوتڵێ ئاوی داینێ و مۆبایلێکی داینێ لە دۆڵەکەوە بەرەو زەیتونیە بەڕێیکردین بۆ گەیشتن بە چیای شنگال، لە (چواررەیانی مرکو)ی شاری شنگال روناکییەکی سەوزی لیزەریمان بینی وتمان کەشف بووین، بە خێراییەکی زۆر چووینە بێستانێکی زەیتونەوە، ئۆتۆمبێلێکی داعش لە مەفرەقەکە بەرەو رووومان هات بەڵام ئێمە خۆمان حەشاردا، ئۆتۆمبێلەکە تێپەری و ئێمەش بە تاریکی کەوتینە ڕێ لەسەر ڕێی دۆڵی سەرسار، دواتر ئۆتۆمبێلێک لە تەلەعفەرەوە بۆ شنگال هات، لە دۆڵەکە خۆمان حەشاردا هەتا تێپەڕی، گەشتینە گوندی سۆلاخ، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر سەگ ڕێگری لێکردین بچینە ناوەوە، ئاوی لێ بوو سەگەکان خۆیان تیا دەشوشت، بوتڵەکانمان لێی پڕ کرد لە ئاو، دواتر گەشتینە قەراج، بینیمان سێ ئۆتۆمبێل گەشتنە سۆلاخ بە دوای ئێمەدا دەگەران، چونکە شکیان لێ بوو کە خەڵک هەیە بە هۆی هاواری بەردەوامی سەگەکانەوە، لە قەراج کەوتمە سەر زەوی و نەمتوانی هەستمەوە بە هۆی بێهێزیمەوە، سەعیدی هاورێم منی کردە سەر شانی هەرچەند دەستی شکابوو، بەڵام من داوام لێکردن کە بچنە سەر چیاو من لێرە دەمێنمەوە، بۆ شەو بەتەنیا لەسەر بەردێک مامەوە، ژان و ترس و برسی و تینوویەتی و گریان بۆ خەڵکی گوندەکەم و کەسوکارە کۆمەڵکوژ کراوەکانمان، بۆ بەیانییەکەی تینووم بوو بە دوای ئاودا گەرام لە قەبرستانێکی نزیک، بوتڵێ ئاوم دۆزییەوە و خواردمەوە بەڵام تینم هەر نەشکا، لە قەراج خەڵکەکە ئۆتۆمبێل و تراکتۆرەکانیان بە جێهێشتبوو، لە ئۆتۆمبێلەکان بە دوای ئاودا گەرام، مەقتورەیەکی ئاوم بینی بەڵام دیاربوو کە بەتاڵ بوو، دەستم کردە گەران بە دوای سۆندەیەک کە زۆربەی سەیارەکان بۆ راکێشانی بانزین بەکاری ئەهێنن و سۆندەیەکی درێژم دۆزییەوە

و ئاوم لە رادێتەری تراکتۆرەکە راکێشا و چەند بوتڵێکم لێی پڕ کرد، دەستم کردە پاڵاوتنی ئاوەکە لە بوتڵێکەوە بۆ بوتڵێکیتر و ئەوەی بنی بوتڵەکەم فرێدا، بۆ ڕۆژی دواتر بەرەو چیا ڕۆشتم .
دوای مەودایەک لە سەرکەوتنی چیا ئاوەکە رژا، شوانێکم بینی لە بەرامبەر بانگم کرد و وتم من بریندارم و توونیومە و داوای ئاوم لێی کرد، وتی ناتوانم لەم دۆڵە قولە بپەڕێمەوە کە لە نێوانمان بوو وتی داوات لێ ئەکەم تۆزێ بەرەو خۆرئاوا بچی لەوێوە ڕێگایەک هەیە بۆ پەڕینەوە بۆ ئەوەی هاوکاریت بکەم، بەرەو خۆرئاوا چووم کە هاوتەریب بوو لەگەڵ دۆڵەکە، دیاربوو کە هەندێک گەنج گوێیان لە دەنگم ببوو کە بانگی شوانەکەم کردبوو بە پەلە هاتن بەرەو لام و نان و تەماتە و ئاویان پێبوو، داوایان لە هاوڕێیەکیان کرد کە گوێدرێژێک بێنن و بە گوێدرێژەکە بردیانم بۆ بارەگای (ی پ گ) و لەوێ چارەسەری پزیشکییان بۆ کردم بە پێداویستیە سوکەکانیان و داوایان کرد کە بمگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەی (دێرک) لە سووریا، بەڵام کە پێشمەرگە زانی من لەوێم ئۆتۆمبێلێکیان نارده شوێنم و لایان مامەوە، دواتر ئۆتۆمبێلێکیان هێنا و گواستمیانەوە بۆ سوریا و دواتر بۆ هەرێم، داخلی نەخۆشخانەی زاخۆ کرام بۆ چارەسەر، شوکر بۆ خوا دوای چارەسەری پزیشکی ئێستا باشم.

(١٢)

# نافز هادی حەسەن

"نافز هادی حەسەن" یەکێکە لە دەربازبوانی گوندی کۆچۆ لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٧ و قۆتابی لە پۆلی "١٠"ی خوێندنی کوردی، بەم شێوەیە باسی کۆمەڵکوژییەکەی گوندی "کۆچۆ"ی کردو دەڵێ(١٢): داعش هەموو خەڵکەکەیان لە ناو قوتابخانەکە کۆکردەوە، هەموو زێڕو پارەکانیان برد لە گەڵ مۆبایلەکانمان، داوایان لێمان کرد ببینە مۆسڵمان، ئێمەش داواکەیانمان ڕەتکردەوەو وتمان واز لە بیرو باوەڕی خۆمان ناهێنین.
"نافز" دەڵێ: داعشەکان کۆمەڵێك لە خەڵکەکەیان بردو لە نێویاندا من، یەکێکیان داوای لێم کرد ئاو لەگەڵ خۆم هەڵگرم، بینیم وەجبەی دووەم سەردەخەنە سەر ئۆتۆمبێل، منیش لە گەڵ باوکم سەرکەوتم، بە دووری "٥٠٠م" لە گوندەکەوە لە دۆڵێکدا ئۆتۆمبێلەکان وەستان، داوایان لێمان کرد دابەزینە خوارەوەو لە سەر ئەژنۆ دانیشین، داواکەیانمان جێبەجێکردو ئەوانیش دەستیان کرد بەگوللەبارانکردنمان، تەرمی کوژراوەکان کەوتن بە سەرماندا، من خۆمم لە نێو تەرمەکاندا بینیەوە، باوکم لە کوژراوەکان بوو، دەستم لێدا، لاشەکەیم جوڵان گیانی تێدا نەمابوو لەوێ ژیانی لە دەستدا.
"نافز" باسی هەڵهاتنەکەی بەم شێوەیە دەکات و دەڵێ": بینیم دووان لە هاوڕێکانم لە شوێنی کۆمەڵکوژییەکە هەڵهاتن یان دوور کەوتنەوە، منیش خۆم ئامادەکرد بۆ ڕاکردن و ماوەیەک ڕامکرد، یەکێك لە داعشەکان دەستڕێژی لێم کرد، ناچاربووم بەرەو شوێنی کۆمەڵکوژییەکە بگەڕێمەوەو لە نێو تەرمی کوژراوەکاندا خۆم حەشاردا.
"نافز" دەڵێ": فڕۆکەکان گەشتنە سەرئاسمانی گوندەکە، ئیتر داعشەکان هەڵهاتن، ژمارەی کوژراوەکان کە من ژماردم حەوت

کەس بوون، کە دۆخەکە هێمن بوەوە جارێکی تر دەستم کردەوە بە ڕاکردن، یەکێکی تریش لە رزگاربوەکان بووە هاوڕێم، گەیشتینە رەزو باخێکی نزیك، لەوێ ئاومان دۆزیەوەو دەم و چاومان شوشت و ئەوەندەی توانیشمان لە گەڵ خۆمان ئاومان هەڵگرت، دەستمان بە رێکردن کردەوەو هەتا گەیشتینە ناو رەزو باخێکی تر، بینیمان داعشەکانی تێدایە بۆیە بە تەنیشتیدا ڕۆیشتین و نەچوینە ناوی، دوای تێپەڕاندنی رەزو باخەکە گەیشتینە چوار کەسی تر، کە ئەوانیش "سامح بەسی موراد، سەعد موراد، کجی عەمۆ، فارس شەهاب کتی" بوون.

"نافز" دەڵێ": گەیشتینە رەزو باخێکی تر، کە تەنها دوو پیرە پیاوو پیرە ژنێکی تیابوو، پرسیاری ئەوەیان لێ کردین کە ئەم رەزو باخە هی ئێمەیە؟ وایانزانی ئێمە خاوەنین، چونکە ئەوانیش لە دەستی داعشەکان هەڵهاتبوون، پێمان وتن نا ئێمە خاوەنی نین، ئاویان پێداین ودۆڵەکەی تەنیشت رەزو باخەکەمان تێپەڕاند، لە رێگا تەرمی دووشەهیدی ئێزدیمان بینی ولەوێشەوە بەرەوگوندی "قەنێ" ڕۆیشتین وگەیشتینە رەزو باخێکی تر.

بەرەو چیا بەرێکەوتین، ئاومان لێبڕا، شوانێکی ئێزدیمان بینی، سەرچاوەیەکی ئاوی پێشاندان، ئاومان خواردەوەو ئەو نانەمان خوارد کە شوانەکە پێی داین، پاشان بەرێکەوتین، دوای سێ ڕۆژ هێزەکانی چیا رێگایان بەرەو سوریا بۆکردینەوەو لە وێشەوە بە ئۆتۆمبێلێکی گەلابە کە تەرمی کوژراوێکی تیا بوو بەرەوزاخۆ هاتینەوە.

(١٣)

# سامح بسی مراد

رزگاربووی کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کۆچۆ (سامح بسی مراد) قوتابی پۆلی سێی ناوەندییە، وتی[١٣]: من لە وەجبەی سێیەم بووم، کوژراوەکانم بینی لە پێشم هی بەشی یەکەم و دووەم بۆیە من و کەسێکیتر لە کەسە نزیکەکانم لە دواوەوەی ئۆتۆمبێلەکە خۆمان هەڵدایە خوارەوە، داعشەکان گوللە بارانیان کردین یەکێ لە گوللەکان بەر قاچی هاورێکەم کەوت ناچار بووین بەرەو گوند هەڵبێین بۆ ئەوەی خۆمانی تیا حەشاردەین، لە هەموو لایەکەوە گوللە باران دەکراین، چووینە گوندەکە و ماڵ بە ماڵ بە دوامانەوە بوون و هاورێکەشم ژانی زۆر بوو بە هۆی برینەکەیەوە، بۆ ماوەی کاتژمێرێ تەواو هەر بە دوامانەوە بوون، لە شوێنی ئاژەڵەکانی یەکێک لە ماڵەکان خۆمان حەشاردا، برینی هاوڕێکەمم بە پارچەیە قوماش پێچایەوە، دوای ماوەیەک هەوڵماندا لە لای قوتابخانەکەوە دەرچین، بەڵام بینیمان داعشەکان لە ناوچەکە بە دوای رزگاربووانی کارەساتەکە دەگەڕێن، بۆیە لە لای شوێنی کۆمەڵکوژییەکەوە دەرچووین، لە گوندەکە تەنها ١٢ کەس مابوون، من و (صفوان عمران رشو) بووین، دواتر (نافژ هادی حسین)مان بینی، بانگی کردین، دوای مەودایەک چاومان بە ئەوانیتر کەوت و بووینە شەش کەس، خواردنێکی سوکمان خوارد لە کێڵگەیەک کە سەر بە گوندێکی عەرەبی بوو و هەتا ٧ی ئێوارە لێی ماینەوە، لە گوندی (شیخو)، تێر ئاومان خواردەوە، ڕوومان کردە کێڵگەی(باسمە) لەوێ گوێمان لە دەنگی داعشەکان بوو، ناچار بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەو کێڵگەیە ئاومان لێ دۆزییەوە رویشتین، لەوێوە چووینە (قنی) دواتر بۆ مەزار (شەرفەدین)، تا گەیشتینە لای قاسم شەشۆ و مجەور کۆمەڵێك جەنگاوەری تر پێشوازییان لێکردین و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە میوانداریيان ماینەوە.

(١٤)

# نەواف موراد بەسی

نەواف موراد بەسی یەکێکە لە دەربازبووەکانی کۆمەڵکوژی گوندی کۆچۆ، لە دایکبووی ساڵی١٩٩٠ ، بەم شێوەیە باسی رزگاربوونی خۆی دەکات و دەڵێ[١٤]: ئێمە لە وەجبەی سێیەم بووین، ژمارەمان ١٣ کەس بوو، بە مۆبایل وێنەمانیان گرت پێش کوشتنمان، پاشان دەستیان کرد بەگوللەبارانکردنمان، من و هاوڕێکەم بریندار بووین، بە تەنیشتیشمەوە "خەلەف خودێدە" بوو، یەکێکی تریش کە بریندار بوو بە ناوی "سەلام سەیدۆعوبێد"، لە خوا دەپاڕایەوە رزگاری بکات لەم ئازارەو بمرێ چونکە حاڵەتەکەی زۆر ترسناک بوو، ئێمە بەرەو گوندەکە هەڵهاتین و ڕامان کرد، بەڵام دووان لە داعشەکان لە یەکێك لە ماڵەکانەوە تەقەیان لێمان کرد، باش بوو بەرنەکەوتین. لەوێشەوە بەرەو "ئال خەربە" ڕۆیشتین و پاشان بەرەو دۆڵێك نزیك لە گوندەکە، کە خەڵك پاشماوەی شتە بەکارهاتووەکانیان تێفڕێدەدا، لە نێوان شتە فڕێدراوەکاندا خۆمان شاردەوە، لەم کاتەدا هاوڕێکەم بەرەو شوێنێکی تر هەڵهات و پەیوەندی نێوانمان بچڕا.

نەواف دەڵێ": لەم شوێنە بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ مامەوە، ڕۆژی دووەم دنیا زۆر گەرم بوو، زۆر تینووم بوو، بە سێ فیشەکیش بەرکەوتبووم، بە شەو ڕۆیشتم بۆ یەکێك لە ماڵە نزیکەکان، ئاوم خواردو لە گەڵ کەمێك نانە ڕەق، ڕۆیشتمە سەربانی ماڵەکە، ناو گوندەکە زۆر هێمن بوو، تەنها دەنگی خوێندنی قورئان لە تەلەفزیۆنی یەکێك لە ماڵەکانەوە دەهات، لێرەوە زانیم داعشەکان لە ناو گوندەکەن، دەبەیەك ئاوم هەڵگرت و گەڕامەوە بۆ ناو پاشماوەی شت ومەکە فڕێدراوەکان.

نەواف دەڵێ، دواتر زانیم بە مانەوەم لێرە باش نیەو بەهۆی برینەکەمەوە خوێنم لە بەر دەڕوا و دەمرم یان لەلایەن داعشەکانەوە

دەستگیر دەکرێم، لە ڕۆژی حەوتەم کاتژمێری هەشتی ئێوارە بەرەو باشـــوور بەرێکەوتـــم، گەیشـــتمە رەزو باخێـــك لە گونـــدی "س"، كـاتژمێری دەی شـەو بـوو، لە ماڵێك كردميـانە سـەربانەكەيان و بـۆ بەيانيەكەی هەندێ چارەسـەريان بۆ كـردم لەلايەن خـاوەن مـاڵەكەوە، پاش چوار ڕۆژ مـانەوە، ئێزيدييـەكی تـری گونـدی "ئەل نەسـيريە" هات، بە تەمەن و نەخۆش بوو، داوای لە من كـرد پێكەوە دەربچين، پێم وت تۆ ناتوانی ڕێبكەی ودنيا زۆرگەرمە.
نەواف دەڵێ": لە گوندەكە دەرچووم بەرەو سوريا، گەيشتمە گوندی "ك، ع" رەزی زەيتـونی زۆری لێبـوو، بەرەو ئەو پـردە ڕۆيشـتم لە رێگامدا كە درێژ دەبووەوە بەرەو ئاراستەی چيای شنگال، لە نێوان شـنگال و بەعـاج لە شـەقامەكە پەڕيـمەوە، بينـيم پـردەكە رووخـاوەو نـاتوانم بـپەڕێمەوە بـۆ ئەوبەر، پاسـەوانەكانی داعشـيش لە دوورەوە تيشـكی لايتەكەيـان تێگـرتم، سـێ مـاڵ لەم نـزيكە هەبـوو، لە رەزو باخەكانيـان خـۆم شـاردەوە، گژو گيـام بەسـەر خۆمدا دا، بەيـانيەكەی گوێم لە دەنگی خـاوەنی رەزەكە بـوو، بـانگی دەكـر: ئايـا هيچ كەسێك لێـــرەيە؟ وڵامـــم نەدايەوە، ديـــاربوو گـــژو گيـــاكە بە تەواوی داينەپۆشيبووم بۆيە بينيمی، قسەكەی دووبارە كـردەوە، زانـيم هەسـتی بە بـونم كـردوە، بـۆيە خـۆم پـاككردەوەو دەرچـووم و پێمـوت": مـنم دەخيلت بم، چيرۆكی گوندی كۆچۆم بۆ گێڕايەوە، باش بوو هاوكـاری كـردم و بيسـت شـەو لەلای ئەو مـامەوەو زۆر سوپاسـم كـردو دوای گەڕامەوە بۆ گوندی "س".
نەواف دەڵـێ لە رێگـادا بەرەو گونـدەكە، بـاران دەبـاری، عەرزەكە قوڕ بوو، نەمدەتوانی رێبكەم، بۆيە لە شـوێنێك خـۆم حەشـاردا، دوای ئەوە بە شەو و بە سێ كاتژمێر رێكردن گەيشتمە گوندەكە، لەم گونـدە زۆرێك لە خەڵكەكە هاوكـاری دەربازبووەكانيـان لە كۆمەڵكوژييەكە دەكرد، بەڵام لە ترسی پياوەكـانی داعش و لێپرسينەوە لە گەڵيـان، بە شێوەيەكی نهێنـی ئەمەيـان دەكـرد. مـن بـۆ مـاوەی سـێ مانـگ لێـرە مـامەوە، پەيوەنـديمان كـرد بە سـەرۆكی عەشـيرەتەكەمان "حوسێن

برجس"، ئەویش پەیوەندی بە چەند کەسێکەوە کردبوو، بە مەبلەغی "٣٠٠٠" هەزار دۆلارو بە ناسنامەی ساختەوە بەڵام بە وێنەی خۆمەوە، بە ناوی "نەواف عومەر مەحمەد" دانیشتوی قەزای "بەعاج"، دەربازم بکەن، کەسێکم لە گەڵ بوو بۆ شنگال، لە ناو شار راوێژیان لە نێوان یەکتردا کرد، لە پرسگەی "شنگال تەلەعفەر" لە ناسنامەیان دەپرسیەوە، من لە گەڵ یەکێکیان سەرکەوتم بە ئۆتۆمبێلی گەورە "لۆری"، دوو پاسەوان لە پرسگەکە بوون، نەوەستان و پەڕینەوە بەرەو موسڵ، داواکەیانم بۆ نان خواردن رەتکردەوەو پێم وتن": بەس با بگەینە موسڵ و بپەڕینەوە بۆ کەرکوك، پێی وتم ترست لە ناو شارنیەو ناسنامەت هەیەو وێنەی خۆتی پێوەیە، وەك هەموو عەرەبێك دشداشەت لە بەرکردوە. ڕۆیشتینە بازاڕی موسڵ و هەندێ کەل و پەلیان بۆ کڕیم و پاشان چومە لای سەرتاش، سەرتاشەکە وای هەست کرد من داعشم، چونکە بۆ ماوەی سێ مانگە نەمتوانیوە تەراش بکەم، بۆیە پێی وتم : زیاتر سوکی بکەمەوە؟

نەواف دەڵێ": لە دوای ئۆتۆمبێلەکەی ئەو کەسەی لە گەڵم بوو سەرکەوتم لە موسڵەوە بۆ کەرکوك، لە یەکەم پرسگە دوای پشکنینی ناسنامەکە لە بازگەکە دەرچوین، ترس داگیری کردبووم، دوای ئەوە بە ماوەیەك پرسگەیەکی تر، داوام لە شۆفێرەکە کرد دووان لە پاسەوانەکانیان هەڵبگرێ و بیانگەیەنێتە پرسگەی تەنیشت کەرکوك، دوو داعشیان لە گەڵم سوارکرد، دەستیان بە پرسیارکردن کرد لێم:" تۆ خەڵکی کوێی؟ بۆ کوێ دەڕۆی؟ ئایا پەیوەندیت کردوە بە دەوڵەتی ئیسلامیەوە؟ هەوڵمدا لە گەڵیان نەکەومە گفتوگۆ، بەڵام ڕێگاکە دوورو درێژ بوو، ئەوانیش بە پرسیار ئیحراجیان دەکردم.

لە گۆڕەپانێکی گەورە نزیك کەرکوك لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزیم و سوپاسی ئەوانەم کرد لە گەڵم بوون، سەرکەوتمە سەر ئۆتۆمبێلێك بەرەو ناو کەرکوك، لەوێش براکەم ئۆتۆمبێلێکی بە "٤٠٠" چوارسەد هەزار دینارگرتبوو چاوەڕێمی دەکرد، بەو شێوەیە دەربازبووم و ئێستاش وا لە ناو هەیکەلێکی تەواونەکراوی "خانکێ" دەژین.

(١٥)

# خالد موراد بەسی

خالـــد مـــوراد بەســـی تەمەن ١٩٨٣ یەکێکـــە لە دەربازبوەکـــانی کۆمەڵکــوژی گونــدی کۆچــۆ دەڵــێ[١٥]: کاتێــك لە قوتابخـــانەکە کۆبوینەوە، والـی موسڵ و ئەمیری بەشـی قەیرەوان "ئەبو حەمزە خـــاتوونی" لەوێ بـــوون، لە گەڵ هەروەجبەیەکـــدا، "ئەبـــو حمـــزە خاتوونی" بە ئۆتۆمبێلێکی جێب رەنگی سپی لەگەڵیان دەردەچوو بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کۆمەڵکوژییەکە بکات.

لە وەجـبەی دووەم "شـــەهاب ئەحـــمەد" کـــوڕە گەورەی ســـەرۆك عەشیرەت "ئەحمەد جاسۆ"مان لە گەڵ بوو، ئەمریان کرد ریزبین بە مەبەستی گوڵلەبارانمـان، لێرەدا "شـەهاب" بە ئەمیرەکەیـانی وت": ئێمە رێکەوتن لە نێوانماندا هەبوو بمانگەیەننە چیا بۆچی بەم خیانەتە هەڵسـای؟ "خـاتوونی" چەکـی بیکەسـی پێبـوو، بە پێش چاومـانەوە دە فیشەکی پێوەنا، دوایی داعشەکانیش ئێمەیان بەردەسڕێژی گوڵلەدا.

خالـد دەڵـێ": ئـێمە لە ڕۆژهەڵاتـی گونـدەکە بـووین، بە دووفیشـەك بەرکەوتبـــووم، دوای یەك چـــارەك کـــاتژمێر چـــوار کەس لە کۆمەڵکوژییەکە ڕامانکرد، من ئەمانەم لە گەڵ بوون "نەزیر ئیبراهیم ئیسـماعیل، عەزیـز بەشـار حولـۆ، جمـال خـدر کەتـر"، ئـێمە بریندار بووین و بەرەو گوندێکی عەرەب ڕۆیشتین، دوای ٣٠٠ مەتر لە ڕۆیشـتن ئۆتـۆمبێلێکی داعشـمان بینـی بەرەو لای ئێمە دەهـات، بە هاوڕێکـانم وت": ڕابـکەن و خۆتـان حەشـاربدەن لە دۆڵەکەدا بەڵام نەیانتوانی لە بەر ئەوەی بریندار بوون، من هەڵهاتم و دوای ماوەیەك خۆم حەشاردا، کاتێك داعشەکان گەشتنە لایان هەموویانیان کوشت، بەڵام منیـان نەبینـی، شـەوەکەی بەرەو حـاتەمیە دەرچـووم، لە رەزو باخێـك لامـدا بـۆ ئەوەی ئاوپەیـدا بـکەم، لەوێشـەوە بەرەو گونـدی

"سۆلاغ" و پاشان بەرەو چیا، دوای شەش ڕۆژو شەو، بە شەو رێم دەکردو بە ڕۆژ خۆم دەشاردەوە.

## خالید موراد: لە ترسی سەگەکان بەردەوام خۆڵ بەسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دەکەینەوە

خالید موراد باسی ڕووداوێك دەکات کە خەریکە چوار ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێ، بەڵام وادەزانی باسی دوێنێت بۆ دەکات، ئەو ئێستاش دیمەنی هاتنی قافڵەی ئۆتۆمبێلەکانی داعشی بۆ نێو گوندەکەیان لەبەرچاوە کە چۆن خەڵکیان کۆکردەوە و دواتر بە فێڵ خەڵکەکەیان خستە نێو گۆڕی بەکۆمەڵەوە.



خالید موراد کە برای نادیە مورادی خانمە چالاکڤانی کوردی ئێزدییە، یەکێك لە رزگاربووانی ئەو کۆمەڵکوژیانەیە کە داعش لە دژی کوردی ئێزدی کردوونی. ئەو ئێستا لە نێو گرووپێکی حەشدی

شەعبیدایە و پارێزگاری لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی گوندی کۆچۆ دەکات.




خالید دەگەڕێتەوە بۆ چوار ساڵ لەمەوبەر و باسی هاتنی چەکدارانی داعش بۆ گوندەکەیان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لە سێ قۆڵەوە بەرەو رووی گوند هاتن، لە قۆڵی بەعاج و لە قۆڵی قەیرەوان و لە قۆڵی تەلەعفەرەوە، ئەگەر بڵێم پەنجا ئوتۆمبێل دەبوون رەنگە درۆ نەبێت، چوار دەوری گوندیان گەمارۆ دا، هەندێك لە هێزەکە هاتنە ناو گوند، پێش ئەوان چەند شۆفڵ و حەفارەیەك هاتن، کاروانەکە هەموو گڵۆپەکانیان هەڵکردبوو، لە پێش مەکتەبەکە وەستان، ئەمیرەکەی داعش ئەبو حەمزە خاتوونی لەنێو مەکتەبەکە دابەزی و داوای لە ئەحمەد جاسم، موختاری گوند کرد سەردانی بکات، دواتر هەموو خەڵکی گوندەکە بە فەرمانی موختار بەرەو مەکتەبە رۆیشتین و لە دەرگای مەکتەب مۆبایلەکانمان لێ وەرگیراو و

لەسەر داوای ئەبو حەمزە هەموو پارە و زێڕەکانمان لە نێو جانتایەکی ڕەش کرد، هەموو ژنەکان بە قادرمەکاندا سەرکەوتن بۆ قاتی دووەمی مەکتەبەکە و پیاوەکان لە قاتی خوارەوەماینەوە."



سەرەتا کەسیان بەتەواوی نەیدەزانی چەکدارەکانی داعش بیر لە چی دەکەنەوە و مەبەست لە کۆکردنەوەی خەڵکی گوند چییە، زۆری نەبرد مەبەستەکە روون بووەوە. خالید دەڵێت: "داوایان لێکردین ببینە موسوڵمان، ئەمیرەکەی داعش داواکەی دووبارە کردەوە، گوتی ئەوەی دەیەوێ بێتە سەر دینی ئیسلام لەسەر ماڵ و حاڵی خۆی دەمێنێتەوە، ئەوەیشی نایەوێ رەوانەی چیای شەنگالی دەکەین، موختاری گوندەکە بە دەنگێکی بەرز گوتی: کێ لەگەڵ من دێت بەرەو چیای شەنگال با بێت، کێش دەبێتە ئیسلام با لێرە بمێنێتەوە، هەموومان هاوارمان کرد: ئامادەین لەگەڵت بێین بۆ چیای شەنگال، ئەبوو حەمزە خاتوونی گوتی: زۆر باشە هەر جارە

و پۆلێکتان دەبەین، ٤٠ کەس و ٣٠ کەس جیایان کردینەوە و سواری ئوتۆمبێلەکان کراین."

خالید موراد لە نێو کاروانی دووەمدا بوو، ئەو دەڵێت هەرزوو هەستی بەوە کردووە کە ئەمیرەکەی داعش راست ناکات، نایانبەن بۆ سەر چیای شنگال، بەڵکو دەیانکوژن، بە تایبەتی کاتێك کاروانی ئۆتۆمبێلەکان بەرەو ئاراستەی دەشتی بەعاج وەرگەڕا.




خالید دەڵێت: "لە نزیك گوندەکە داوایان لێکردین لەسەر چۆك دانیشین.. دانیشتین، زۆری نەبرد لەگەڵ گوتنەوەی هوتافی ئەڵاهو ئەکبەر و دەولەت ئەلئیسلام باقیە، دەسترێژی گوڵلەیان لێکردین، من

لە نێو کوژراوەکاندا خۆم حەشاردا، لەو کاتەدا دەنگی فڕۆکە هات، چەکدارەکان لە ترسان بەرەو گوندەکە هەڵهاتن."

خالید ئێستا بە جلێکی سەربازییەوە لەگەڵ کۆمەڵێك کوردی دیکەی ئێزیدی لە ژێر فەرمانی حەشدی شەعبیدا بەرگری لە گوندی کۆچۆ دەکەن. ئەو گوندەی کە بە گوتەی خۆیان ١٢٠٠ کەسی تێدا کۆمەڵکوژ و بێسەروشوێن کراون. خالید موراد لە کۆمەڵکوژییەکەدا بە سێ فیشەك بریندار ببوو، بەڵام توانیبووی خۆی دەرباز بکات و ببێتە شایەتێکی زیندووی ئەو کۆمەڵکوژییەی گوندی کۆچۆ .




جگە لە خالید، سەعیدی براشی توانیبووی لەو کۆمەڵکوژییە خۆی رزگار بکات، ئاواش هێشتا شەش کەسی خێزانەکەیان لەو رۆژەدا

و لەوێدا کوژران، نادیە و خوشکەکانی دیکەی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە وەك تاڵانی بردران، هەروەها دایکیشی لەگەڵ دەیان ژنی دیکەی ئێزیدی لە نزیکی شەنگال لە شوێنێك درانە بەر دەسترێژی گوڵلە و کوژران.

زۆربەی دانیشتووانی گوندی کۆچۆ لە رۆژی ٢٠١٤/٨/١٥ لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کۆمەڵکوژ کراون. بەپێی هەندێك ئاماری باوەڕپێکراو، لەو گوندە ٥٢٠ پیاو و ٥٠٩ ژن کۆمەڵکوژ و بێسەروشوێن کراون. پێش کۆمەڵکوژییەکە ٣٠٣ خێزان لە گوندەکە دەژیان کە ژمارەی ئەندامانیان ١٦٠٣ کەس بووە.




گوندی کۆجۆ ٢٣ کیلۆمەتر لە ناوەندی شەنگالەوە دوورە. لە دوای ئەو رووداوە، هیچ کەسێك نەگەڕاوەتەوە بۆ گوندەکە. خەڵکی

گوندەکە پەنجەی تۆمەت بۆ گوندە عەرەبنشینەکانی دەوروبەریان درێژ دەکەن کە بەشداریان لە کۆمەڵکوژییەکەدا کردبێ، هەر بۆیە ڕێگە بە عەرەبی سوننە نادەن بگەڕێنەوە شنگال. ئەوان دەڵێن زانیاریی تەواویان هەیە لەسەر ئەو کەسانەی کە ئەو تاوانەیان کردووە .

بە گوتەی خالید موراد، زۆربەی خەڵکی گوندی کۆجۆ لە بیابانی بەعاج کە نزیکە لە گوندەکەیانەوە، کۆمەڵکوژکراون. ئەو دەڵێت: "ئێستا ئێمە ناچارین بەردەوام بە شۆفڵ خۆڵ بەسەر شوێنی کۆمەڵکوژییەکەدا بکەین، چونکە سەگە برسییەکان هەوڵی هەڵدانەوەی گۆڕەکان دەدەن و دەیانەوێ لە لاشەی خەڵکی ئێمە خۆیان تێر بکەن."

ئێستا وێنەی زۆربەی قوربانیانی گوندی کۆچۆ بەسەر دیواری قوتابخانەی گوندەوە هەڵواسراون، ڕۆژی مردنی هەموویان ٢٠١٤/٨/١٥ ی لەسەرە کە ئاماژەیە بۆ ڕۆژی کۆمەڵکوژییەکە. وێنەکان وێنەی پیر و لاو و منداڵ و ژنن کە بە ماندووبوونێکی زۆر کۆکراونەتەوە، چونکە ڕزگاربووانی گوندەکە زۆر بە کەمی ماون.

(١٦)

# ئیدریس بشار سەلۆ

ئیدریس بشار سەلۆ یەکێکە لە رزگاربووانی کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کۆچۆ لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠ و شەش کەس لە خێزانەکەی کۆمەڵکوژکران و لە کەسوکارەکەشی ٢٠ کەس و خۆشی ئێستا هیچ پارە و موڵکێکی نییە و بێ ماڵ و حاڵە و ئاوارەیە. ادریس بشار دەست ئەکا بە گێڕانەوەی رووداوەکان کە لە گوندی کۆچۆ ڕوویدا و وتی(١٦):"گوندی کۆچۆ ئەکەوێتە دووری ٢٠کم لە قەزای شنگالەوە دانیشتوانەکەی لە کوردانی ئێزیدی ئاشتی خواز پێکهاتووە، شەوێک لە شەوەکان نزیکەی کاتژمێر سێی دوای نیوە شەو گوێمان لە دەنگی تەقە بوو زانیمان کە تیرۆرستانی داعش هاتوونەتە گوندەکەوە، لە ترسان ئەو شەوە هەتا بەیانی خەڵکی گوند نەخەوتن، بەرەبەیان هەندێ لە خێزانەکان بۆیان رەخسا و لە گوند هەڵهاتن، و زۆربەی خێزانەکان لە گوند مانەوە، لە نێویاندا ئاغای گوندەکە، داعشەکان پێمانیان وت ئاڵا هەڵکەن لە سەر ماڵەکانتان ئێمە ئاشتی خوازین و پەیوەندیمان پێتانەوە نییە مادام ئێوە لێرە ماون، دوو ئۆتۆمبێلی داعش هاتن لە گەڵ ئاغای (موختار)ی گوندەکە قسەیان کرد و داوایان لێکردین چەکەکانمانیان رادەست بکەین، وتیان ئێوە هاوکارمانبن و ئێمەش ئەتانپارێزین، ئێمە نەهاتووین بتانکوژین بەڵکو هاتووین دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچەکە دروست بکەین و پەیوەندیمان پێتانەوە نییە (یەکەم ساتی هاتنیان ئەمەیان پێ وتین) و دوای رادەستکردنی چەکەکانمان وتیان ئەبێ بێنە ناو ئاینی ئیسلامەوە لەبەر ئەوەی مێرنشینی ئیسلامی کە ئێمە بنیادی ئەنێین ئاینی تر قبوڵ ناکا لە سنوورەکەی، مۆڵەتی پێنج ڕۆژیان پێداین بۆ ئەوەی وەڵامی داواکاریەکەیان بدەینەوە، خەمێکی قوڵی تووش خەڵکی گوند کرد، بە خۆمانمان وت چۆن واز لە ئاینی باو

باپیرانمان بهینین، دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکە ئەمیری داعش هات و پێمانی وت: دەوڵەتی ئیسلامی بڕیاری بەخشینی بۆ هەموو ئاینەکان دەرکرد و ئەتوانن لە ماڵەکانتان و گوندەکەتان بمێننەوە، ئەمە زۆر دڵ خۆشی کردین.
لە کاتژمێر ٤ی بەرەبەیانی ڕۆژی ٦ی ئەیلول داعش بە شێوەیەکی پلان دارێژراو گەمارۆی گوندی دا و ماوەی چەند ڕۆژێکی خایاند ئەم گەمارۆدانە، بەیانی ڕۆژی ٩/١٥ کۆمەڵێ داعش هاتن بۆ گوند و چەند شۆفلێکیان پێ بوو کە لە نزیک ناوچەکە دەستیان بەسەرا گرتبوو لەگەڵ چەند قاڵبێکی بەفردا و خەڵکی گوندیان کۆکردەوە و وتیان مادام نەهاتنە ناو ئاینی ئیسلامەوە ئەتاننێرین بۆ هەرێمی کوردستان، داوایان لە پیاوەکان کرد هەرچی پارەو موڵکیان هەیە رادەستیانیان بکەن و داوایان لە ئافرەتەکانیش کرد زێڕەکانیان ڕادەست بکەن و لە قوتابخانەی گوند کۆیانیان کردینەوە (پیاوان لە نهۆمی یەکەم و ئافرەتەکانیش لە نهۆمی سەرەوە)، دوای ئەوە داوای لە پیاوەکان کرد مۆبایل و پارەکانیان رادەست بکەن و پێیان وتین ئەگەر یەک دینار بە یەکێکتان بگرین چارەنووسی سەر بڕینە، بە ئافرەتەکانیشیان وت ئەگەر پارچەیە زێرمان لێتان گرت چارەنووستان هەمان چارەنووسە، ئافرەتێکی بەتەمەنم بینی مستیلەیەکی لە پەنجە بوو نەیدەتوانی دەری بکا پەنجەیان بڕی بۆ ئەوەی دەری بکەن، دووبارە داوایان لە گەورەی گوند کرد بچنە ناو ئاینی ئیسلامەوە و گەورەی گوند پێیانی وت (ئێمە لەسەر ئاینی باو باپیرانمانین چۆن بێینە ناو ئاینێکیترەوە ئەوە قورس ئەبێت بۆمان) و بە کۆمەڵێ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرەوە(کیا) هاتن و بەش بەش گواستینیانەوە هەر (١٢) کەس یان زیاتر بە ئۆتۆمبێلێک بردیانین بۆ دەوروبەری گوند و بەش بەش دایان گرتین لە دووری ٥٠ مەتر لە شوێنی ناشتنی بەکۆمەڵ و داوایان لێ کردین ڕا بکەین و بە کۆمەڵ گوڵلە بارانیان کردین و کەوتینە سەریەک و دواتر هەریەکەو گوڵلەی رەحماتیان پێوەناین و وێنەی ئەم دیمەنانەیان ئەگرت بە

کـامیرا، پێکـانی گوڵلـەی رەحمـەت نزیـک بـوو لێمـەوە، گوێیـان لـە دەنگــی فڕۆکــە بــوو بــە ئاســمانی ناوچەکــە ئەســووڕایەوە گــوێم لــە یــەکێکیان بــوو وتــی وازیــان لێبیــنن بــا هــەموومان بــڕۆین، خــوا جاریکیتر ژیانی پێ بەخشیمەوە، شوێنەکەیان بە جێ هێشت دوای تۆزێک گوێم لە دەنگی ئامێرە بلدۆزەرەکان بوو زانیم هەوڵی ناشتنی بـە کۆمـەڵـی قوربانیـان دەدەن لـە ناوچـەکانی تـر، لـە نێو کـوژراوان دەرچووم و خۆم خل کردەوە هەتا چەن مەترێک دوورکەوتمەوە و خۆم لە بێستانێکدا حەشاردا و لە هەمان کاتدا گوێم لە دەنگی ٤ گوڵلە بوو و دواتر وتیان کە گەورەی گوندیان کوشتووە لە پێش چاوی خەڵک، لەو کاتەی کە خوێنم لێ بەربوو بە هۆی برینەکەمەوە هیوام وابوو چەکێکم پێ بووایە و دوو داعشم بکوشتایە و دوای ئەوە گرنگ نەبوو ئەگەر بمردمایە.

کاتێ لە بێستانەکە بووم هەستم بە تینوویەتی ئەکرد یەک دوو تەماتەم خوارد و کۆمەڵێکم لە گەڵ بوتڵێ دانا بۆ ئەو کاتانەی کە تینوو و برسیم بێ بیخۆم، دەستم بە خۆ خشاندن کرد بۆ دوورکەوتنەوە لە شوێنی ڕووداوەکە بەرەو گوندی بسکی باشوور کە ٢٠ کم لە گوندەکەمانەوە دوورە و بڕینی ئەم مەودایە بە خۆخشاندن، لە گوندەکە خەڵکی لێ بوو ئەیانمناسی، دوای گەیشتنم داوام لێیان کرد هاوکاریم بکەن بەڵام لە ترسی بوونی داعش داواکاریەکەمیان رەتکردەوە و وتیان ناتوانین هاوکاریت بکەین و بوونت مەترسیمان بۆ دروست ئەکا و ٤ پیاو هاتن منیان خستە سەر بەتانی وەکو مردوویەک هەڵمیان گرت و منیان لە گوندەکەیان دوورخستەوە، دەوروبەری کاتژمێر ٢ی شەو گەنجێکی گوندەکە دڵی پێم سووتا بە بێ ئاگاداری باوکی پارچەیە شووتی بۆ هێنام و مۆبایلێکی دامێ بۆ ئەوەی بتوانم پەیوەندی بە کەسێکەوە بکەم، پەیوەندیم بە هاوڕێیەکمەوە کرد کە شارەزایی بوو لەو ناوچەیەی کە منی لێ بوو و نزیکەی کاتژمێر ٤ گویم لە دەنگی ئۆتۆمبێل بوو ئەو کات زانیم کە هاوڕیکەم هات بۆ هاوکاری کردنم و هات بردمی بۆ ماڵی خۆی

کە زۆر قەڵەباڵغ بوون نزیکەی ٥٠ کەسی لێبوو، پێی وتم زۆربەیان ئەندامی داعشن داوات لێ ئەکەم هیچ وشەیەک نەڵێی چونکە زاراوەی ئێزیدی ئەناسنەوە و پێی وتم لە ٣ کاتژمێر زیاتر ناتوانم هاوکاریت بکەم و دوای تۆزێ دوو ئۆتۆمبێلی داعش هاتن" منیان برد بۆ لای کێڵگەی پەلەوەر بۆ شاردنەوەم، لێرە پیاوێک لە هۆزی عگیلات پەیوەندی کرد ئەویشم ئەناسی هات و گواستمێوە بۆ ماڵی خۆی و تەندروستیم بەرەو خراپی ئەچوو بە هۆی برینینەکەمەوە کە چوار گوڵلە بەر ڕان و قاچم کەوتبوو و تا ئێستاش گوڵلەیەک لە ڕانم ماوە، دوای ئەوەی کە زانی تەندروستیم بەرەو خراپتر ئەچێ وتی ئەبێ بتگوازمەوە بۆ نەخۆشخانە لە موسڵ کە ئەکەوێتە دووری ٣٠٠کم لەو ناوچەیەی کە ئێمەی لێیە و فیعلەن گەشتینە نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی گشتی لە موسڵ و دوای پشکنینی برینەکەم وایزانی کە منیش داعشم چونکە کاروانێکی داعش بەر بۆردومانی هێزی پێشمەرگە کەوتبوون لە خۆرئاوای دیجلە، گواستمیانەوە بۆ ژووری پێشوازی لە نەخۆشخانەکە، ئەمیرێکی داعش هاتە ژورەوە و ١٠٠ دۆلاری پێشکەش هەر برینداری ئەو بۆردوومانە کرد و بە منیشی دا وایزانی منیش لە گرووپەکەیم بەڵام من رەتم کردەوە، دەستمان کردە گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێیەوە هاتووین لەسەر سنووری سوریا و لە کاتی گەڕانەوە لە ڕێگا تووشی مەفرەزەیەکی سەربازی بووین ئەو کات شەو بوو وتمان ئەمجارە رزگارمان نابێت لێیان، بیرمان لە گەڕانەوە کرد بەڵام نزیکبووین لە خاڵی پشکنین و سەرمان لێ شێوا وتمان ئەگەر بگەڕێینەوە گوڵلە بارانمان ئەکەن و گفتووگۆمان لەو بارەیەوە کرد هاوڕێکەم وتی پشت بە خوا با بەردەوام بین لە ڕۆشتن، بەردەوام بووین لە رۆیشتن و گەشتینە خاڵی پشکنینەکە بینیمان ئەوانەی وەستاون بووکە شووشەن دایان ناوە بۆ ترساندنی ئەوانەی کە لەوێوە تێپەڕن، دوای کەوتنم لەسەر جێگا بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژ هاوڕێکەم وتی پێویستە چاودێری پزیشکی ناوچەکە تەداویت

بکا و بە ئۆتۆمبێل بردمی پێش گەیشتنمان بۆ نەخۆشخانەی ناوچەکە فڕۆکە ناوچەکەی بۆردومان کرد و هاورێکەم بریندار بوو و ئۆتۆمبێلەکەشی زیانی بەرکەوت.
بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ڕۆژ لەسەر جێگا مامەوە و هاوڕێکەم وتی ئەتگوازمەوە بۆ هەرێمی کوردستان بەم هەواڵی زۆر دڵ خۆش بووم، بەرەبەیانییەک پێی وتم خۆت ئامادە بکە ئەچینە ناوچە ئارامەکانی کوردستان، دەستمان کردە ڕۆشتن ١٢ خاڵی پشکنینی داعشمان تێپەڕاند و ڕۆحمان لەدەستمان بوو، لەو ناوچانەی کە خەڵکی کۆچۆیان لێی ناشتبوو، وتی: خەڵکی گوندی کۆچۆیان لە چوار ناوچەی دەوروبەری گوندەکە کوشتووە و ناشتیانن، ناوی چەند ناوچەیەک ئەگێرمەوە بەڵکو ڕۆژێک لە ڕۆژان گۆڕەکان هەڵدەنەوە و تەرمەکان بگەڕێننەوە:
١- کێڵگەی عەباس قاسم
٢-کێڵگەی ئەحمەد کارتی
٣-بەشی ڕۆژ هەڵاتی گوند
٤ صورەی گوند
دەربارەی سەروەتەکەی وتی دەست گیرا بەسەر هەموو ئەو شتانەی کە پێم بوو لە لایەن داعشەوە و ئامیرەکانیان سووتاند و ئاژەڵ و باڵندەکانمیان برد و هیچ شتێکم بۆ نەمایەوە تەنانەت ئەوەی کە لەبەریشمە (ئاماژەی بۆ دیشداشەکەی کرد) خەڵک پێی داوم، داوام لە حکومەتی هەریمی کوردستان هەیە کە کار بکەن بۆ گەڕانەوەی ژن و کچەکانمان چونکە ئەوان ناموسی ئێمەی ئێزیدین.

(١٧)

# عیدو خدر

وینـــەکانی ڕۆژی ٣ ی ئـــابی ٢٠١٤ وەکـــو فلمـــە تراژیدیایـــەکان لـــە بـەرچاوی غـەزال دووبـارە دەبنـەوە، ئـەم ئافرەتـە لـە دەڤـەری شـنگال چەنـدین دیمـەنی بـە چـاوی خـۆی بینیـووە، کـە لـە هـزرو خـەیاڵی دەرناچن.

غەزال غانم[١٧] دەڵێت:" بەیانی بوو ئێمە ڕێگای چیامان گرتەبەر بەڵام لە ناوەراستی ڕێگا چەکدارانی داعش ڕێگایان لە ئێمە گرت و ئێمـــەیان دەســـتگیرکرد لـــە خانوویەکـــدا و کچەکانیشـــیان هـــەر لـــە ئۆتۆمبێلـەکانی ئێمـە سـوار کـرد و رفانـدیان و زەلامـەکانیان لـە پێش چاوی ئێمە کوشتن".

هەندیك جار بە هۆی ئەو دیمەنە جەرگ بڕ و ترسناکانەی بینیویـەتی نـەیدەتوانی بـەردەوامی بـە قسـەکانی بدات و بیگێڕێتـەوە و وشـەکانی ئاویتەی فرمێسکەکانی دەبوون.

بـە گریانـەوە وتـی:" بـە داعشێکم وت ئێوە کچـەکانی ئێمـەتان بـرد و پیاوەکانی ئێمەتان کوشت ئەی چیتان لە ئێمە دەوێت".

ئەو دەگریا گریانێك سەدان دیمەنی راستەقینەی کوشتن و رفانـدن و ئەشکەنجەدان و سەربڕینی ئەهێنایەوە یاد، گریانەکەی هەموو کەسـی دووبەری دەهێنایە گریان.

دوا وشـەی کچەکـەی لـە یـادە کاتێـك دەیـوت دایـە مـن چـی بکـەم؟!! غەزالیش هیچ وەڵامێکی بۆی نەبوو.

غەزال بە هەنسکی گریانـەوە بەردەوامـە لـە گێرانـەوەی چیرۆکەکـەی و دەڵێت:" کچەکەم لەگەڵ کچەکانی تر سواری ئۆتۆمبێلەکان کران و کچەکەم وتی دایە من چی بکـەم منیش هیچ وشـە و دەسـەڵاتم نـەبوو، چەکدارەکان رووی چەکـەکانیان خسـتبووە سـەر کچـەکان و پێیانیـان دەوت بێ دەنگ بن ئەگەرنا دەتان کوژین، کچەکەم هەر بـە گریانـەوە

سەیری ئەکردم و منیش بە گریانەوە سەیری ئەوم دەکرد و ئیتر ون بوو لە پێش چاوم و سەیارەکانیان رۆیشتن و ئۆتۆمبێل نەبوون ئەگەرنا من و ئەوانی تریشیان دەبرد، بە هۆی گریانەوە نەیتوانی زیاتر باس لە کچە رفێندراوەکەی بکات.
دوای رویشتنی ئوتومبیلەکانی داعش غەزال بەناو لاشە مردووەکان دەگەرا بۆ ئەوەی لاشەی هاوسەرەکەی و کوڕەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام نەیدۆزییەوە، بۆیە بەم حەسەرەتەوە بەرەو چیای شنگال ڕێگایان گرتە بەر.
بە گریانەوە وتی:" گەڕام زۆر گەڕام بەڵام لاشەکانمان نەدۆزینەوە، چەند لاشەیەکم بینی و هی خزمەکانمان بوون و یەکسەر بەتانیمان خستە سەر لاشەکانیان و بە ناچاری ڕێگای چیامان گرتە بەر".

**ئەویش بە دوای لاشەی هاوسەر و منداڵەکانی دەگەڕێ**

هاوسەری غەزال کە بە بریندار ی رزگاری ببوو باسی کات و ساتی گوڵلە بارانکردن و رزگاربوونی دەکات و ئەویش بە هەمان شێوەی هاوسەرەکەی وای زانیووە هاوسەر و منداڵەکانی کوژراون.
عیدو خدری رزگابوو لە دەستریژی گوڵلە دەڵێت:" پیاوەکانیان ریزکرد بۆ ئەوەی گوڵلە بارانیان بکەن و هەندێکیشیانیان سەرقاڵی رفاندنی ئافرەتەکان بوون، من بە دەرفەتم زانی و ڕامکرد و ئەوانیش دەستریژی گوڵلەیان لێکردم و بەڵام من دوورکەوتبوومەوە تەنیا دەستەکانم چەند گوڵلەیەکیان بەرکەوت، برینەکانم سوك بوون و توانیم بەردەوام بم لە ڕاکردن و خۆم گەیاند قافڵەی ئەوانەی بەرەو چیا ڕادەکەن و دواتر گەیشتمە ماڵی براکانم و منیش بە دوای چارەنووسی مناڵەکانم دەگەڕام و دواتر هاوسەرەکەم دۆزییەوە هەرگیز بڕوام نەدەکرد ئەوان زیندوون و هاوسەرکەشم بە دیتنی من مەندەهوش بوو چونکە ئەو بە بەردەوام بە دوای لاشەم دەگەڕا".
بەڵێ ئەمجارەیان چیای شنگال بوو بە وێستگەی بە یەکگەیاندنەوەی هەردوو هاوسەرەکە و بە یەکتر شادبوونەوە، ئەوانەی دوا ئومێدیان

تەنیا لاشەی خۆشەویستانیان بوو کەچی بە زیندوویی یەکتریان بینیەوە، ئەوان بە دیداری یەکتر شاد بوون، بەڵام برینە جەستەیی و دەروونیەکان و لە دەستدانی چەند منداڵێکیان هەرماوە و ئەم ژن و مێردە بە بەردەوامی ئازاردەدات.

غەزال دەڵێت:" بە بەردەوام دەمبەنە نەخۆشخانە و چارەسەری دەروونی وەردەگرم بەڵام هەرگیز دیمەنی رفاندنی کچەکەم لە پێش چاوم ناچێت و تا لە ژیاندام ئەم شتانەی بینویومە لە یادمە و دهرناچن و تەنیا بۆ چرکە ساتێکیش ناتوانم لە بیریان بکەم".

(١٨)

# عەباس خدر سلۆ

عەباس خدر سلۆ، ئەو گەنجە کوردە ئێزیدیە تەمەن ٢٢ ساڵەیە، کە بۆ ماوەی چوار ساڵ تاوەکو ئەو کاتەی کەوتووەتە دەستی چەکدارانی داعش پێشمەرگە بووە، بەڵام وەکو خۆی دەیگێڕێتەوە، دوای ئەوەی لەلایەن داعشەوە دەستگیرکراوە و بەدوو گوڵلەپێکراوە.

## چیرۆکەکەی چۆن دەستیپێکرد ؟

عەباس خدر سلۆ، خەڵکی سیبا شێخ خدرە و ڕۆژی ٣-٨-٢٠١٤ لەگەڵ دایکی لەلایەن داعشەوە دەستگیرکران، دواتر وەکو گەنج و کوڕانی دیکەی کوردی ئێزدی داعش لەیەکدیی جیاکردنەوە.
چەکدارانی داعش داوایان لە هەموو پیاو و کوڕانی سیبا شێخ خدر کرد کە بە عەباسـەوە ژمارەیان ٥٢ کەس بوو، شەهادە بهێنن و ببنە مسوڵمان، بەڵام کاتێک ئەوان داواکەی داعشیان ڕەتکردەوە فەرمانی کوشتنیان بۆ دەرکرا.
چەکدارانی داعش بە فەرمانی یەکێک لە ئەمیرەکانیان هەر ٥٢ کەسیان گوڵلەباران کردن، گەنجە کوردە ئێزیدییەکە دەڵێ:" لە هەر ٥٢ کەس تەنیا من بەزیندوویی رزگارم بوو، ئەوان وایاندەزانی مردووم، چونکە دوو گوڵلەم بەرکەوتبوو، بەڵام من هەر لە سیبا شێخ خدر مامەوە تاوەکو شەو، دواتر چوومە سووریا و لەوێوەش گەڕامەوە هەرێمی کوردستان".

## دوو گوڵلە بەر پشتی کەوتن

هەرچەندە دوو گوڵلە بە پشتی عەباس کەوتن، بەڵام کۆتایی بەژیانی نەهات، شوێنی هەردوو گوڵلەکەی نیشاندایین، کە گوڵلەیەک بەر

شانی راستی و گوڵلەیەکیش بەر بڕبڕەی پشتی کەوتووە لەبارەشیانەوە دەڵێ:" دوای ئەوەی گەڕامەوە هەرێمی کوردستان لەنەخۆشخانە نەشتەرگەریم بۆکرا، گوڵلەیەکیان دەرهێنا، بەڵام نەیانتوانی ئەو گوڵلەیە دەربهێنن کە بەر بڕبڕەی پشتم کەوتووە".

## چووە ئەڵمانیا و گەڕایەوە

بەهۆی ئەوەی نەتوانرا بەتەواوەتی برینەکانی لە کوردستان چارەسەر بکرێن، گەنجە کوردە ئێزیدییەکە ناچار بوو بچێتە ئەڵمانیا و دەڵێ:" بەقاچاخ چوومە ئەڵمانیا و لەوێ هاوکاریم کرا"، پاش وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان. ئەو جەختدەکاتەوە لەوەی:" بۆ ئەوە هاتمەوە کوردستان تاوەکو بگەڕێمەوە سەر کارەکەی خۆم، چونکە پێش داعش من پێشمەرگە بووم ، داعش دایکم و چەندین کەسی دیکەیان گرتبووم".

## لە کاژێر ٠٨:٣٠ خوولەکی بەیانیی ٣-٨-٢٠١٤ـەوە دایکمم نەبینیوە

عەباس ئەو ساتەی لەبیرە کە تێیدا لەگەڵ دایکی لەلایەن داعشەوە دەستگیران و لەیەکدی جیاکرانەوە و دەڵێ:" لە کاتژمێر ٠٨:٣٠ خوولەکی بەیانیی رێکەوتی ٣-٨-٢٠١٤ـەوە کاتێک بردیانم بۆ ئەوەی بمکوژن، دایکمم نەبینیوە، داواکاری هەرە سەرەکیشم ئەوەیە دایکم بگەڕێننەوە چونکە زۆر بیری دەکەم".

## لە پێشمەرگایەتی دوورخرایەوە

هەرچەندە عەباس خدر سلۆ بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی چووەتە ئەڵمانیا، بەڵام لەلایەن فەرماندەکانییەوە لەکارەکەی دوورخراوەتەوە، ئێستاش داوا دەکات بگەڕێتەوە سەر کارەکەی و دەڵێ:" چەندین جار چوومەتە فەرماندەی هەولێر و داوام کرد

بمگەڕێننەوە سەر کارەکەم، بەڵام پێم دەڵێن ناتگەڕێنینەوە و تۆ لەسەرکار لادراویت".

## تەڵاڵ حامد عەلی قاسم فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکردین

رزگاربووەکەی دەستی داعش ناوی چواریی ئەو کەسەی لەبیرە کە فرمانی گوڵلەبارانکردنی بۆ هەر ٥٢ کەسەکەی سیبا شێخ خدر دەرکردووە کە خۆیشی یەکێک بووە لەوان، دەڵێ:" ئەمیریکیان بەناوی تەڵاڵ حامد عەلی قاسم هات و داوای کرد شەهادەت بهێنین، بەڵام کە رەتمانکردەوە فرمانی دا بمانکوژن، ئەو هۆکاری کۆمەڵکوژییەکەبوو، لە هەرشوێنێک دەستگیربکرێت من گەواهی لەدژی دەدەم".

## پەیوەندیمان لەگەڵ کوردانی مسوڵمان تێکنەچووە

عەباس جەختدەکاتەوە لەوەی "پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو ئەو کەسانە تێکچوو، کە لەدەوروبەرمان بوون و یارمەتی داعشیان دا". هەروەها لەبارەی پەیوەندیی کوردانی ئێزدی لەگەڵ کوردانی مسوڵمانەوە دەڵێ " پەیوەندیمان لەگەڵ کوردانی مسوڵمان زۆر باشە، چونکە ئەوان هاوکاری ئێمەیان کرد بەتایبەتی خەڵکی زاخۆ و دهۆک، شوێنی حەوانەوەی خۆیان دا بەئێمە و بەهەموو شێوەیەک یارمەتییان داین".

(١٩)

# جەمال شڤان عەمو

کۆمەڵکوژی "قەنێ" یەکێکی ترە لە تاوانە دڕندانەکانی "داعش" دژ بە ئێزیدییەکان. "جەمال شڤان عەمو لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٣" رزگاربوویەکی کۆمەڵکوژییەکەیە، وەربگرین و دای بنێین.
جەمال شڤان دەڵێ: لە رۆژی ٣-٨-٢٠١٤ بەیانیەکەی لە گووندی کۆچۆ دەرچوین، ئێمە ئەم خێزانانە بووین "بەرەکات عەمو، خدر عەمو، فەلاح حەسەن عەمو"، گەشتینە گووندی "قەنێ" لەگەڵ خەڵکەکەی تر، گووندەکە دەکەوێتە قەراج و نزیك چیای شەنگال و چوارکیلۆ مەتر لەناوەندی قەزای شەنگالەوە دوورە.
هەروەها دەڵێ: بۆ لای ئێوارەکەی مودرەعەیەك هات و بە کوردی وتی ئێمە داعشین و مەترسن و دەتانگەڕێنینەوە بۆ گوندەکانتان. کاتژمێر چوارو نیو هێزێکی تر هاتن و وتیان: ترستان لەسەر نیە، بەڵام پێویستە هەموو پارەو زێڕو مۆبایلەکانتان کۆبکەنەوە. دواتر وتیان: ریزببەستن و بەرەو چیا بەڕێکەوتین، دوای چەند هەنگاوێك گەشتینە لێواری دۆڵێك، مامە بەرەکات تەرجەمەی دەکردو ژمارەمان "٦٧" کەس بوو.
جەمال شڤان باسی ئەو ساتەوەختە دەکات کە دەیاندەنە بەر دەست رێژی گولەو دەڵێ: دامانیانە بەردەست ڕێژی گولەو هەموومان گلۆربوینەوە بۆناو دۆڵەکە، من کەوتمە ناو ژێرلاشەکانەوە، دوانیان دابەزینە خوارەوە بۆ ناو دۆڵەکە، یەکێکیان دەمانچەو ئەوەی تریشیان کلاشینکۆفی بەدەستەوە بوو، دەستیان کرد بە رەمیکردنەوەی بریندارەکان، دەمانچە بەدەستەکە دەیدا لەسەری برینداەکان، بەتایبەت ئەوانەی دەجولانەوە، کات گەشتبوە پێنج و نیوی ئێوارە.
جەمال شڤان باسی هەوڵەکانی خۆدەربازکردنی دەکات و دەڵێ: بیست دەقیقە دوای رەمیکردنەوە ویستم لە کۆمەڵکوژییەکە بێمە

دەرەوە، بەڵام ترسام چونکە داعشەکان لەوێوە نزیك بوون، تەماشای ڕاست و چەپی خۆم کرد، یەکێك لە برینداڕەکان پێی وتم لەم کاتەدا دەرمەچو. دوای دە دەقیقە لەناو لاشەکانەوە هەندێ بریندارم بینی دەردەچوون، بۆیە منیش دەرچووم و خۆم گەیاندنێ کە ژمارەیان پێنج کەس بوو. برینەکەی من چەند فیشەکێك لێی دابووم لە قاچم و سکم و پشتم و خوێنی زۆرم لێدەڕۆشت و تووشی نەزیف بووم.
هەروەها دەڵێ: بە منەوە ژمارەمان بوو بە شەش کەس، بەرەو رۆژئاوای گوندی چیاکە گوندی "مەهرکا" کەوتینە ڕێ، من و یەکێکی تر لە پێشەوە بووین، ئەوانی تریش لەدواوە. خێزانێك "بەدرکو" پێشوازی لێکردین، دوای ئاوخواردنەوە پێمان وتن: چوار برینداری تر لەدوامانەوەن تکاتان لێدەکەین ئاویان پێبگەیەنن. وتیان باوکمان لە شوێنی کۆمەڵکوژییەکەوە نزیکەو دەتانگەیەنێتە شوێنی خۆتان، کاتێك گەشتینە لایان گەنجەکان چوارەکەی تریان خستە ناو ئۆتۆمبێل و ئێمەش سەرکەوتین، دوای ماوەیەك رۆشتن دەوەستان و خزمەکانیان پێشوازییان لێدەکردن و خۆشیان بە مۆبایل پەیوەندییان دەکرد.
بۆ جەمال دۆخەکە زۆر سەخت دەبێت و دەڵێ: دووژمن هەموو ئەندامانی خێزانەکەمی کوشت، ئەوەشی نەکوژرابوو دەستگیری کردن و بۆ شوێنێکی نادیاربردنی و هیچ کەسێکم نەما تەنانەت لە چیاش، برینەکەشم خوێنی لێدەچۆڕا، برسێتی و تینوێتی بڕستی لێبڕیم، بۆیە داوام لێکردن لای ئەوان بمێنەوە. قبوڵیان کردو دۆشەکێکیان بۆ ڕاخستم و ڕایان کشاندم بەبێ چارەسەرو تیمارکردن. رۆژی دووەم ٤-٨-٢٠١٤ بردمیان بۆ لای خێزانێکی گووندەکەی خۆمان کۆچۆ، ئەوانیش کەل و پەلەکەمیان گۆڕی و شەش رۆژیش بەبێ چارەسەرو تیمارکردن لای ئەوان مامەوە لەکاتێکا بەحەوت فیشەك برینداربووم "دەست، پشت، سك، قاچ" و تاد. دووفیشەك لە جەستەمدا مابوونەوە کە دواتر لە نەخۆشخانەی دهۆك دەرکران.

## ناوی شەهیدەکانی کۆمەڵکوژی قەنێ

| ز | ناوی سیانی | تەمەن | خەڵکی قەنێ | خەڵکی کۆجۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | الياس معجو علو | ١٩٤٤ | قنی | |
| ٢ | فيصل الياس معجو | ١٩٨٣ | — | |
| ٣ | معمو الياس معجو | ١٩٩١ | — | |
| ٤ | نصرت الياس معجو | ٢٠٠٠ | — | |
| ٥ | بابير خدر باجو | ١٩٨٩ | — | |
| ٦ | سفيان خدر الياس | ١٩٩٨ | ١٩٩٨ | — |
| ٧ | سعيد الياس معجو | ١٩٩٠ | — | |
| ٨ | بابير خدر باجو | ١٩٨٩ | — | |
| ٩ | خدر باجو سلو | ١٩٤٠ | — | |
| ١٠ | “حازم خدر باجو | | — | |
| ١١ | حجي باجو سلو | ١٩٧٨ | — | |
| ١٢ | عمر باجو سلو | ١٩٦٠ | — | |
| ١٣ | عطو مشكو آدي | ١٩٣٠ | — | |
| ١٤ | دحام عطو مشكو | ١٩٨٠ | — | |
| ١٥ | حسين سعيد ايزدو | ١٩٩٧ | — | |
| ١٦ | زياد رشو خدر | ١٩٨٣ | — | |
| ١٧ | سعيد ايزدوخديدة | ١٩٧٠ | — | |
| ١٨ | علاء سفيل عمو | ١٩٩٩ | — | |
| ١٩ | سفيل عمو خالتو | ١٩٥٨ | — | |
| ٢٠ | عمر خلف بابير(ابو شعلان) | ١٩٥٥ | — | |
| ٢١ | خيري حاجم كاشان | ١٩٩٥ | — | |
| ٢٢ | حمو حاجم كاشان | ١٩٨٥ | — | |
| ٢٣ | خلف خدر مشكو | ١٩٧٥ | — | |
| ٢٤ | عذيب حاجم كاشان | ١٩٧٨ | — | |
| ٢٥ | رضوان عطو مشكو | ١٩٧٨ | — | |
| ٢٦ | تحسين عطو مشكو | ١٩٨٨ | — | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٧ | عجيل عطو مشكو | ١٩٩٠ـ | |
| ٢٨ | رشو خدر حسن | ١٩٥٩ـ | |
| ٢٩ | ريبار من مركز قضاء شنكال | ١٩٨٥ شنگال | |
| ٣٠ | رفو بيرمشكو بير درمان | ـ | |
| ٣١ | حسين بيرمشكو بير درمان | ١٩٨٠ـ | |
| ٣٢ | جلال بوكو سلو | ١٩٨٨ـ | |
| ٣٣ | سامي سعيد خلف | ١٩٩٥ـ | |
| ٣٤ | ناصر الياس خلف | ١٩٨٨ـ | |
| ٣٥ | زيدان ابراهيم بير مشكو | ١٩٨٢ـ | |
| ٣٦ | ابراهيم بير مشكو بير درمان | ١٩٦٥ـ | |
| ٣٧ | عيدو بيرمشكو بير درمان | ١٩٧٤ـ | |
| ٣٨ | سعد الياس | ١٩٩٠ـ | |
| ٣٩ | خليل قاسم علي | ١٠٨٣ـ | |
| ٤٠ | سيدو خلف علو | ١٩٣٩ـ | |
| ٤١ | سليمان قاسم علي | ١٩٦٨ـ | |
| ٤٢ | الشهيد بدل خلف | ١٩٣٦ـ | |
| ٤٣ | خديدة خلف رفو | ١٩٧٠ | |
| ٤٤ | ساهر شفان عمو | ١٩٩١ | |
| ٤٥ | غازي محما هبو | ١٩٩١ | |
| ٤٦ | فيصل محما هبو | ١٩٨٦ | |
| ٤٧ | أكرم محما هبو | ١٩٩٥ | |
| ٤٨ | حميد كسوقولو | ١٩٩١ | |
| ٤٩ | كسو قولو | ١٩٤٠ | |
| ٥٠ | عمر ادي | ١٩٦٥ | |
| ٥١ | جهاد خيرو خالتو | ١٩٩٣ | |
| ٥٢ | خديدة خلف علي | ١٩٦٥ | |
| ٥٣ | ثامر شفان عمو المندكاني | ١٩٩٥ | کۆچۆ |
| ٥٤ | ساهر شفان عمو المندكاني | ١٩٩١ | کۆچۆ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٥ | خدر عمو سلو المندكاني | ١٩٦٤ | کۆچۆ |
| ٥٦ | ريان بركات عمو المندكاني | ١٩٩٩ | کۆچۆ |
| ٥٧ | بركات عمو سلو المندكاني | ١٩٦٣ | کۆچۆ |
| ٥٨ | حسين الياس قاسم | ١٩٥٢ | تەل بەنات |
| ٥٩ | رائد خليل الياس | ١٩٩١ | تەل بەنات |
| ٦٠ | عباس الياس قاسم | ١٩٥٧ | تەل بەنات |
| ٦١ | خليل الياس قاسم | ١٩٥٤ | تەل بەنات |
| ٦٢ | صباح حسين الياس | ١٩٨٩ | تەل بەنات |

تێبینی: شایەتحاڵەکان باسی ئەوە دەکەن کە دوو خێزانی کورد "شیعە" لەناو قوربانیەکاندان و تا ئێستا ناویان نەزانراوە، تەنها ئەوەندە زانراوە کە دانیشتووی گوندی "بیشکان" بوون و ژمارەیان "٥" کەس بوە. بۆیە تێکڕای ژمارەی قوربانیەکان دەکاتە "٦٧" کەس و "٥" کەسی گوندی کۆجۆو "٥" کەسی گوندی تەل بەنات و "٥" کەسی بیشکانن و ئەوانی تر هەمووی هی گوندی قەنێ یە.

هەر بۆ زانیاری جگە لە قوربانیەکان "٨٢" هاوڵاتی ژن و مناڵ و پیرو گەنج، لە دانیشتوانی گوندی "قەنێ" تا ئێستا بێسەرو شوێنن کەلەلایەن "داعش"وە رفێنراون.

# سەرچاوەکانی بەشی یەکەم

١- ئەم راپۆرتە لە فورات نیوز بڵاوکراوەتەوە و لەلایەن چێنەر عەبدولقادرەوە ئامادەکراوەتەوە، لە سپی میدیا بڵاوکراوەتەوە و بەشێکی تریشی بو زیادکراوە. هەروەها بەشێکی تری لە تۆری میدیا رووداو وەرگیراوە لەلایەن یوسف ئەحمەد و بەرەکات عیسا ئامادەکراوە.
٢- هـ، س، پ
٣- هـ، س، پ
٤- ئا: داود موراد خەتاری، وەرگێڕان و داڕشتنەوەی: تەها سلێمان، سەرچاوە: بەحزانی نیت و جینۆسایدی کورد
٥- ئاوێنە نیوز
٦- بۆ ئەم راپۆرتە سودم لە تۆری میدیایی رووداو لە ئامادەکردنی یوسف ئەحمەد وهەروەها ڕۆژنامەی ئەڤرو وەرگرتووە.
٧- هـ، س، پ
٨- تۆری میدیایی رووداو، سەرچاوە: ئافتونبلادتی سوێدی.
٩- ئا: خەیری عەلۆ حەکۆ، وەرگێڕان و داڕشتنەوەی: تەها سلێمان، سەرچاوە: ماڵپەڕی بەحزانی نێت و جینۆسایدی کورد
١٠- سوودم لە ماڵپەری وار تیڤی وەرگرتووە
١١- ئا: داود موراد خەتاری" وەرگێران و دارشتنەوەی، ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، سەرچاوە بەحزانی نێت
١٢- جینۆسایدی ئێزیدییەکان"گوندی کۆچۆ"، وەرگێران و ئامادەکردن بۆ کوردی، تەها سلێمان، ئامادەکردنی بە عەرەبی: داود موراد خەتاری
١٣- ئا: داود موراد خەتاری" وەرگێران و دارشتنەوەی، ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، سەرچاوە بەحزانی نێت
١٤- جینۆسایدی ئێزیدییەکان"گوندی کۆچۆ"، وەرگێران و ئامادەکردن بۆ کوردی، تەها سلێمان، ئامادەکردنی بە عەرەبی: داود موراد خەتاری.
١٥- هـ، س، پ و تۆری میدیایی رووداو
١٦- ئا: فواد عسمان ماڵپەری پیوکەی میدیا
١٧- تۆری میدیایی رووداو - ئەیوب نسری، دارشتنەوەی ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی.
١٨- تۆری میدیایی رووداو – هەڵات رێبوار.
١٩- ئامادەکردنی: داود موراد خەتاری، وەرگێڕانی و دارشتنەوەی: تەها سلێمان

# بەشی دووەم

# گۆڕی بەکۆمەڵی ئێزیدییەکان

(١)

## ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەی کە هەڵدراونەتەوە

لە سەرەتای باسەکەماندا دەگەڕێینەوە بۆ میژووی گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە عێراقدا و ئەوانەی تا ئیستا دەرهێنراون و گەڕێندراونەتەوە بۆ زێدی خۆیان.
لە ساڵی ١٩٦٣ وە تا ٢٠٠٣ کە دەکاتە یەك چارەکسەدە، تاساوەختی رووخانی بەعس وەك پارتی فەرمانڕەوای عێراق و ئەنجامدەری تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلانی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەت، بەشێك لەو کەس و کارانەی قوربانییەکان کە بە شێوازی جۆراوجۆر لە دەستی دام و دەزگا سەربازی و ئەمنی و هەواڵگرییە داپلۆسێنەرەکانی "بەعس" رزگاریان ببوو، هیچ سۆراخێکی کەسوکارەکانیان نەدەزانی، یان لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون کەس و کارەکانیان بگەڕێتەوە.
بەڵام دوای رووخانی بەعس لە ٢٠٠٣ دەرکەوت دەوڵەتی عێراق و بەعس، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەو دوور لە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان و پێشێلکردنی هەموو یاساو ریسا نێو دەوڵەتییەکان، تەواوی ئەو خەڵکە کە ژن و پیرو مناڵ و گەنج و مێردمناڵ بوون و لە هەموو وێستگەو قۆناغەکانی شاڵاوەکانی جینۆسایدا، لە پرۆسەیەکی خێرادا جینۆسایدی کردوون و گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، کە نزیکەی(١٥١) گۆڕی بەکۆمەڵن، ئەگەر ئەو ژمارەیە تێبینی لەسەر هەیەو زۆر سەرچاوەی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەیان گۆڕی بە کۆمەڵی تر لە شاروشارۆچکەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە بدۆزرێنەوە یان ئاشکرا بکرێن.
تەنها (٢٦٧٢) رووفاتی قوربانییەکان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان یان دەرهێنراون.

**ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەی هەڵدراونەتەوە بریتین لە:**

یەکەم: ساڵی ٢٠٠٤ گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە سنووری قەزای هەڵەبجە لە گوونـدی "ملـیج"دۆزرایەوە و هەڵـدرایەوە کە "٣٠" رووفـاتی لەخۆ گرتبوو.
دووەم: : لە ســـاڵی ٢٠٠٥ گـــۆڕێکی بەکـــۆمەڵ لە بوســـەیە دۆزراوەتەوە"٥٠٣" رووفاتی تێدابووە و هەڵدراوەتەوە.
سـێیەم: لە سـاڵی ٢٠٠٨ گـۆڕێکی بەکـۆمەڵ لە نـاوچەی خەزەر لە سـنووری پارێزگـای موسـڵ دۆزرایەوەو "٢٥٦"دووسـەدو پەنجـاو شەش رووفاتی لە خۆگرتبوو.
چـوارەم: لە سـاڵی ٢٠٠٨ لە سـنووری قەزای خـانەقین گـۆڕێکی بە کۆمەڵ دۆزرایەوەو "٣٣" رووفاتی لە خۆگرتبوو.
پێنجەم: لە سـاڵی ٢٠١١ گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە قەزای دووبزی سـەر بە کەرکوك دۆزرایەوەو "١٠٦" رووفاتی تێدا بوو.
شەشەم: لە ساڵی ٢٠١٠ لە سنوری پارێزگای دهۆك گۆڕێکی تری بە کۆمەڵ دۆزرایەوەو "٣٠" رووفاتی تێدابوو.
حەوتەم: لە ساڵی ٢٠١٢ لە پارێزگای دیوانیە "٦" گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزرایەوەو سەرجەم "٧٣٠" رووفاتی تێدابوو.
هەشـتەم: لە سـاڵی ٢٠١٣ لە زنجیـرە چیـای حەمـرین کە دەکەوێـتە نزیك شـاری خوورمـاتوو، گۆڕێکی بە کۆمەڵ دۆزرایەوەو "١٥٨" رووفاتی تێدابوو.
نـۆیەم: لە سـاڵی ٢٠١٤ لە سـنووری پارێزگـای دهـۆك گـۆڕێکی بەکـــۆمەڵ دۆزرایەوەو "١٤" رووفـــاتی گولەبـــارانکراوی لە خۆگرتبوو.
دەیەم: لە ســاڵی ٢٠١٤ گــۆڕێکی تــری بەکــۆمەڵ دۆزراوەتەوەو "٩٣" رووفاتی تێدابووە و هێنراوەتەوە بۆ کوردستان.

**هەندێ گۆڕی بە کۆمەڵی تر لە سەردەمی جیاوازدا**

یەکەم: گۆڕی بە کۆمەڵی گووندی "دەکان" "٣٣" رووفات" ساڵی ١٩٦٩

دووەم: گۆڕی بە کۆمەڵی قەڵادزێ "١٣٤" رووفات، ساڵی ١٩٧٤

سێیەم: گۆڕی بە کۆمەڵی قوشتەپە، "٣٠" رووفات/ ساڵی ١٩٨٠

چوارەم: گۆڕی بە کۆمەڵی "زیوە" "٣٠٠" رووفان، ساڵی ١٩٨٥

پێنجەم: گۆڕی بە کۆمەڵی رەواندوز، "١٣" رووفات، ساڵی ١٩٨٧

شەشەم" گۆڕی بە کۆمەڵی شەقڵاوە، "٢١" رووفات، ساڵی ١٩٨٧

حەوتەم: گۆڕی بە کۆمەڵی بالیسان، "٥٦" رووفات، ساڵی ١٩٨٨

هەشتەم: گۆڕی بە کۆمەڵی بەهەشتی زەهرا(تاران)"١٢٨" رووفات، ١٩٨٨

نۆیەم: گۆڕی بە کۆمەڵی چەمی قەشانێ، "٢٤" رووفات، ساڵی ١٩٨٨

هەرچی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەن کە لە لایەن چەکدارانی تیرورستی داعشەوە بەرامبەر بە کوردانی ئێزیدی لە ئابی ٢٠١٤ وە ئەنجامدراوە هەڵدراونەتەوە هندێکیان ئەمانەی خوارەوەن:

**(٢)**

## دۆزینەوەی یەکەم گۆڕی بە کۆمەڵی ئێزیدییەکان

ڕێکەوتی دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ: ٢٠١٤/٩/٩
شوێنی دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ: ناحیەی زوممار - گوندی بردیا
ژمارەی روفات: (١٤) روفات و (٥) روفاتیان منداڵن
ڕەگەز: نێر و مێ
قوربانیەکان: کوردی ئێزیدی

گۆڕێکی بەکۆمەڵی ئێزیدییەکان لە گوندی بردیای سەر بە ناحیەی زوممار دۆزرایەوە، کە تەرمی١٤ هاوڵاتی سڤیلی کوردی ئێزیدی تێدا بوو(٥) یان منداڵن.
یەکەم گۆڕی بەکۆمەڵی ئێزیدیەکانە و لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٩ دۆزرایەوە و سەرجەمیان دەستیان لە دواوە گرێدرابوو، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت داعش بەکۆمەڵ گوڵلەبارانی کردوون.

**(٣)**

ڕێکەوتی دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ: ٢٠١٤/١٠/٧
شوێنی دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ: ناحیەی زوممار- گوندی گرکاڤل
ژمارەی روفات: (١١) روفات، گشتیان پێشمەرگە بوون
ڕەگەز: تەنیا ڕەگەزی نێر
قوربانیەکان: کورد

## تەرمی ١١ پێشمەرگە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی(٢٠١٤/١٠/٧) تەرمی(١١) پێشمەرگە لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە گوندێکی سەر بە ناحیەی زوممار دۆزرایەوە کە لە ٢ی مانگی ئابدا لە هێرشێکی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ سەر مۆڵگە و بارەگاکانی داعش لە میحوەری زوممار بێسەرو شوێن ببوون .
پلەدارێکی سەربازی لە میحوەری زوممار وتی: لە سەرەتای مانگی ئابدا هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان پێشڕەوییان بۆ سەر مۆڵگە و بارەگاکانی چەکدارانی داعش کردبوو، لەو پێشرەوییەشدا،١١پێشمەرگە بێسەرو شوێن ببوون، تەرمی هەر ١١ پێشمەرگە کە پێکەوە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە گوندی (گرکاڤل)ی سەر بە ناحیەی زوممار لە لایەن کەسێکی دانیشتوی گوندەکە دۆزراوەتەوە.
دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە چوونەتە شوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکە، تەرمی ئەو ١١ پێشمەرگەیەیان دەرهێناوە و گواستوویانەتەوە بۆ پارێزگای دهۆک.
تەرمی ١١ پێشمەرگەی کوردستان دوای دوو مانگ و هەشت ڕۆژ دۆزرانەوە و بەشێکی تەرمی ئەو پێشمەرگانەش لەبەر شێواوی دەم

و چاویان ناناسرێنەوە کە تەرمی کێن. . بەڵام هاوار حەمید شەریف کە بە پلەی رائید روکن فەرمانـدەی فەوجێکی پێشمەرگە بوو لە رێگەی بوونی قۆپچەیەك کە ژنەکەی لە پانتۆڵەکەیدا دوریبووی تەرمەکەی دۆزرایەوە.

**(٤)**
ڕێکەوتی دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ: ٢٠١٥/١/٢٠
شوێنی دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ: پارێزگای موسل- ناوچەی ژێر دەستی داعش – لە باخچەی قوتابخانەی ( الخلود) لە ناوچەی سومەرییەی باشووری موسل
ژمارەی روفات: (٩) روفات
ڕەگەز: مێ
قوربانیەکان: ئافرەتانی کوردی ئێزیدی

ئەم گۆڕەیان جیاواز لە گۆڕەکانی تر هەم جیگای گۆرە بەکۆمەلەکە و هەم قوربانیەکان و جیاوازترن. ئەمانە ئەو ئافرەتانەبوون کە دەستگیرکران و پاشان بەرەوە موسل بردان و کرین و فرۆشتنیان پێوە کرا و دەستدریژی سێکسیان کرایە سەر، نازانرێت هوکاری کوشتنی ئەم ٩ ئافرەتە چیە ئایا نەیان ویستووە خۆیان بدەنە دەست چەتەکانی داعش و مردنیان هەڵبژاردووە یاخۆد خۆیان پەنیان بو خۆکوشتن بردووە یاخۆد لە برسان و لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەی سێکسی و دەروونی گیانیان سپاردووە.

**(٥)**
رێکەوتی دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ: ٢٠١٥/٢/٢
شوێنی دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ: گوندی بردیا
ژمارەی روفات: (٢٤) روفات
ڕەگەز: نێر و مێ
قوربانیەکان: کوردی ئێزیدی

کاتێك ئەوان رەمیکراون هەندێکیان دەستیان لە پشتەوە گرێدراوە، هەندێکیشیان یەکسەر رەمی کراون، دوو رۆفاتیش سەریان بردراوە. ئەوان گۆڕی ئێزیدی بوون قوربانی کۆمەڵکوژیەکن لەلایەن چەکدارانی تیرۆرستی داعشەوە ئەنجامدراوە، کەس نازانی نزیکەی کاتژمێر (١٠)ی شەو چووین ئەم قوربانیانە گەیشتووەتە نزیك بەنداوی (موسڵ).
شایەد عەیانێکی عەرەبی ئەو ناوچەیە بە ناوی مەحمود خەلەف دەڵێت:" من گوێم لە دەنگی گوللەو دەنگی ئۆتۆمبێلەکان بوو، من زانیم شتێکی سەیر و نامۆ روودەدات، ڕۆژی دواتر پرسیاری خەڵکی نزیك ئەو شوێنەمان کرد وتیان ئەوە چەند خانەوادەیەکن و رەمیکراون، ئێمە نەمانزانی کێن؟ تاکو پێشمەرگەو لیژنەی تایبەتمەند بە گۆڕی کۆمەڵ هاتن، گۆڕەکەیان هەڵدایەوە، بۆیان دیارکەوت کە ئەمانە خێزانە کوردی ئێزیدینە".
شەوی ٢-٣ /٢٠١٤/٨ بوو ئەوان ویستوویانە خۆیان ڕزگار بکەن لە دەست چەکدارانی تیرۆرستی داعش و لەم بەنداوە بپەڕنەوە.
بەرەڤان حەمدی بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کە لەگەڵ لیژنەی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا بوو دەڵێت:" دوو جۆر گۆڕی بە کۆمەڵ هەیە، جۆرێکیان ئەوانەی لەسەر زەوی بە کۆمەڵ کوژراون و لاشەیان بەجێ ماون، جۆرەکەی تریش ئەوانەن دوای بە کۆمەڵکوژیان خۆڵیان خراوەتە سەر. لە ناوچەی سنوونێ لە خانسۆر لە چوارریانی

سنوونێ لە حەردان و لە زومار زیاتر لە (١٠) گۆڕی بە کۆمەڵ هەن.
لە جل و بەرگ و کەل و پەلە بەجێماوەکانیان ئەوە روونە کە هەر هەموویان هاوڵاتی مەدەنی بوونە ئەوان جوتیار و ئاژەڵداری قەزای شنگال بوون، لەم شوێنە کێڵگەی کشتۆکاڵیان هەبوو".
وا پێشبینی دەکرا (١٥-٢٣) رۆفات لەم گۆڕنەدا هەبن، بەڵام دواجار (٢٤) رۆفاتی تێدابوو، لە نێوانیان دا ژن و منداڵ هەبوون.

**(٦)**
ڕێکەوتی دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ: ٢٠١٥/٥/٦
شوێنی دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ:لە نێوان سنۆنێ و کۆمەڵگای خانسۆر
ژمارەی روفات: (٢٧) روفات
ڕەگەز: نێر و مێ
قوربانیەکان: کوردی ئێزیدی

شوانێك گۆڕێکی بە کۆمەڵی دۆزیەوە کە لاشەی (٢٧) کوردی ئێزیدی تێدابوو.
گۆڕێکی تری بە کۆمەڵ بەڵام ئەمجارەیا بیابان و چۆڵستان نەبوو وەکۆ گۆڕەکانی تری کورد کە لە کومەڵکۆژی بارزانیەکان و ئەنفالدا ئەنجامدرابوون، بەڵکو ئەمجارەیان نزیك جێگای نیشتەجێبوونیان بوو، هەندێك لە رووفاتەکان بە هۆی جل و بەرگیانەوە ناسراون کە تەنیا ئێسکیان لە نێودا مابوو. کوردێکی ئێزیدی دەڵێت:"ئێمە چوین سەیری گۆڕە بە کۆمەڵەکەمان کرد چاکەتی باوکم ناسیەوە سەیری گیرفانیم کرد نوسراوێکی تێدابوو کە ناوی لەسەر بوو، پارە و کلێنس لە ناو گیرفانیدا بوون. ئەمە جگە لە وێنەیەك لە نێو جزدانەکەیدا".

**کلیل**
کلیل ئەو ئامێرەیە کە بۆ گەیشتن بە شوێنێك بە کاردێت یاخۆد لە زۆربەی توێژینەوەکاندا کلیل بۆ گەیشتن بە زانیاریەکان بەکاردێت. بەڵام ئەمجارەیان کلیلی راستەقینە دەرگای ناساندنی لە باوکی عەلی کردووە.
عەلی دەڵێت:" بە هۆی ئەم کلیلەوە ئێمە ناسیمانەوە، ئەو کلیلەمان برد و چووین لە قوفلی دەرگایەکمان نا دەرگاکە کرایەوە، ئەوە هی باوکم بوو تەمەن (٦٧) ساڵ بوو، بەڵام بە شێوەیەکی دڕندانە لە لایەن چەکدارانی داعشەوە زیندەبەچاڵکراوە".

٢٧ لاشە لە نێو گۆڕەدان و جل و بەرگی ئافرەت و منداڵانی تێدایە، نزیكەی یەك كیلۆمەتر لە شەقامی گشتی دوورە، دەكەوێتە نێوان سنۆنێ و كۆمەڵگای خانسۆر، هاتوونەتە كوشتن، فیشەكەكانی سەر ئەم گۆڕە خوێنی سووری نێوان گۆڕەكان و ئێسكەكان و جل و بەرگ و ناسنامەكانی نێوان گۆڕەكان بەڵگەیەكی حاشا هەڵنەگری ئەم تاوانە قیزەوەنەن كە بەرامبەر بە كوردانی ئێزیدی لە لایەن چەكدارانی داعشەوە ئەنجامداروە.

(٧)

ڕێكەوتی دۆزینەوەی گۆڕی بە كۆمەڵ: ٢٠١٥/٢/١٢

شوێنی دۆزینەوەی گۆڕی بە كۆمەڵ: كۆمەڵگای خانسوور

ژمارەی روفات: (٢) روفات

ڕەگەز: نێر

قوربانیەكان: كوردی ئێزیدی

جل و بەرگی دوومرۆڤی كوردی ئێزیدی لەگەڵ كۆمەڵێك ئێسك لە سنووری كۆمەڵگای خانسۆر دۆزرانەوە و كۆكرانەوە.

كات، كاتی باران و باهۆزە لەسەر زەوییە ئەم گۆڕانە بەدیاردەكەون و هەندێكیشیان هەر لە ناو دەچن، ناوە ناوە تەرم و ئێسك لەم ناوچانە دەدۆزینەوە، لە هەر شوێنێك ئاسانە ئێسك بدۆزیتەوە بەڵام نەك وەكو شنگال ئێسكی مرۆڤ بدۆزیتەوە، لە چۆڵستان و شاخەكان و دەشتەكاندا، گۆشتەكە توایتەوە و ئێسكەكان ماون.

شەمووی گەبعۆ، جەنگاوەرێكی كوردی ئێزیدی دەڵێت:" ئێمە بینیمان ئێسك لەم ناوە كەوتبوون و بە ئاسایشی سنوونێ مان وت، ئەوان وتیان چاودێری بكەن و تاكو لیژنەی تایبەت دێت بۆ هەڵدانەوەیان".

كەس و كاری بێ سەروشوێنكراوەكان لە هەر شوێنێك گوێبیستی دۆزینەوەی گوڕێكی بە كۆمەڵبن سەردانی ئەو شوێنە دەكەن و

سەیری جل و بەرگیان دەکەن و بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ لاشەی بێ سەرو شوێنکراوەکانیان بدۆزنەوە.
مسعود خەلەف کوڕی بێ سەروشوێنکراوێکی ژێردەستی داعش دەڵێت:" باوکم لە ٢٠١٤/٨/٣ و دوای داگیرکردنی شنگال لەلایەن تیرۆرستانەوە بێ سەروشوێنە و چارەنووسی نازانین، چونکە لە خانوودا بە جێ مابوو، تەنیا دوو ڕۆژ واتە تا ٨/٥ توانیمان پەیوەندی پێوە بکەین و ئیتر هیچ پەیوەندی نەما و نازانین چی بەسەر هاتووە، مردوە یان کوژاروە یاخۆد زیندووە، دوو گۆڕ گەڕام بەڵام لاشەی باوکم نەدۆزیەوە، ئەم دوو لاشەش هیچ ئاسەوارێکیان نیە نە ناسنامە و نە هیچ شتێکی تر".

**(٨)**

ڕێکەوتی دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ: ٢٠١٥/٥/٣٠
شوێنی دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ: ڕۆژئاوای موسل - گوندی جەدعە کە ناحیەی بادوش بە گوندی ئاسکی موسل دەبەستیتەوە.
ژمارەی ڕوفات: (٨٠) ڕوفات لە نێوانیاندا ٢٠ ئافرەت و ٣٣ منداڵ هەن
ڕەگەز: نێر و مێ
قوربانیەکان: کوردی ئێزیدی

ئەم قوربانیانە دوای داگیرکردنی شنگال لە لایەن داعشەوە دەستگیرکراون و دواتر گواستراونەتەوە بۆ شاری موسل.
لاشەکانیان شوێنی ئەشکەنجەدانیان پێوە دیارە و بە گوللە لە کەللەی سەرهندێکیان دراوە.

## (٩)

## گولێ کێ بوو؟ لاشەکەی لە کوێ بوو؟

### روفاتی ئافرەتێك لە سەر شەقامێکی سەرەکی

لاشەی ژنێکی ٣٥ ساڵەی کوردی ئێزیدی لە سەر شەقامی سەرەکی ناحییەی سنوونێ دۆزرایەوە. لە یەکەم ڕۆژی کۆنترۆڵکردنەوەی ئەم شارۆچکەیە، کوڕەکەی کۆڵان بە کۆڵان و شەقام شەقام بەدوای دایکی دەگەڕا، ئەو ئەنگوستیلەی لە شایی خۆی بۆ دایکی کڕیبوو، بوو بە نیشانەیەك بۆ دۆزینەوەی لاشە کوڵلەبارانکراوەکەی دایکی.

ئەمین کوڕی گۆلێ:" دەڵێت بەهۆی ئەنگوستیلە و جل و بەرگیەوە لاشەی دایکمم ناسیەوە و ئەم ئەنگوستیلەیەم لە کاتی هاوسەرگیری خۆم بە دیاری پێشکەش بە دایکمم کردبوو، لەم جینۆسایدەی بە سەر سەرماندا هات، دایکم و خوشکم و براکەم دەستگیرکران، دوای ئەوەی دایکم نەیویست خۆی و خوشکەکەم رادەستی ئەوان بن، دەمانچەی ئێمەی پێبوو، بەو دەمانچەیە پارێزگاری لە خۆی کرد و بەرگری کرد و چەکدارێکی داعشی کوشت و ئەوانیش دایکی منیان گوڵلەبارانکردووە، خوشکم کە دەستگیرکراوە لە لایەن چەکدارانی داعشەوە ئەم تراژیدیەی بۆ گێرامەوە کە چۆن چۆنی دایکم چەکدارێکی داعشی کوشتووە و خۆشی چۆن گوڵلە بارانکراوە".

جگە لە گۆڕی بەکۆمەڵ لە هەر شەقام و کۆڵانێکی شارو گوندە ئێزیدنیشنەکاندا لاشەی ئافرەتێك بەتەنیا یاخۆد منداڵێك و یاخۆد پەککەوتەیەك دەبینرێت، هەندێکیان کەمێك خۆڵیان بەسەردا کراوە و هەندیکیشیان لاشەکانیان بوونەتە خۆراکی سەگ و هارو برسیەکانی ئەم شەقامانە.

ئەم گۆڕەی دۆزراوەتەوە بە هۆی قژیەوە هەر زوو ناسراوەتەوە کە ئافرەتە. لە مەرگەساتی شنگالدا جگە لە بازرگانی کردن ئافرەت کوشتن و سەربڕینیشیان بەرامبەر کراوە.

**دایکا من تە ژبیر ناکم**
**شیرێ تە ئەز ژخو حەرام ناکم**
**بێ تە ئەز قەد دەبارناکم**

ئەم شیعرە لە سەر وێنەی گوڵێ نوسراوە و وێنەی گولێ لە سوچێکی خێمەکەدا هەڵواسراوە کە هاوسەر و کوڕ و کچەکانیان لە یەکێك لە کەمپەکاندا تێیدا دەژین.
کاتێك خەڵك بە ناچاری بە بەرزاییەکانی چیای شنگال رێگایان گرتەبەر ترپەی لێدانی هەموویان هی ترس و تۆقین نەبوو، بەڵکو هەندێکیان ویستیان ژیانیان فیدایی بکەن و خۆیان رادەستی چەتەکانی داعش نەکەن وەکو گولێ.

**ئەو ژنەی بڕیاری بن دەستی نەدا**

رەشو عەلی هاوسەری گولێ دەڵێت:" کاتێك لە ماڵ دەرکەوتین لە رێگا گولێ هاوسەرم لەگەڵ خانەوادەی ماڵی جیرانمان لە ئۆتۆمبێلێکدا دەستگیر دەکرێن لە کاتی دەستگیرکردنیان گوڵێ دەمانچەی منی پێ بوو، بۆ بەرگریکردن لە خۆی و کچەکەم یەکسەر دەمانچەی خستۆتە سەر سەری چەکدارێکی داعش و گوڵلەیەك لە چەکدارە داعشەکە دەدات و دەیکوژێت لەو لاوە چەکدارێکی تری داعش لە پشتەوە گولێ کوڵلەبارانی دەکات بە ٢٧ کوڵلە".
گولێ چەکدارێکی تیرۆرستی داعشی کوشت وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ بەرگریکردن لە ناموسی و کەرامەتی ئافرەتانی ئێزیدی. بەڵام دوای (٥) مانگ چەند ئێسکێك دۆزرانەوە کە سزای بریاری گوڵێ بوون.
ئەو بە جل و بەرگی لاشە وشك بوو دۆزرایەوە، ئێسکەکان بە جلەکانیەوە نوسابوون و ئەنگۆستیلەکەی کە لە پەنجەی بوو هەر بە ئێسکەکانیەوە مابوو، دیاری کوڕەکەی بوو بۆ دایکی، کوڕی گولێ ئەنگۆستیلەی دایکی دوای پێنج مانگ لە گوڕێکدا لە چوارریانێك لەسەر شەقامی گشتی دۆزییەوە، ئەمین کوڕی گولێ ئەنگۆستیلەکەی دایکی بە دەستیەوە بوو شانازی بە دایکیەوە دەکرد.

ئەمین دەڵێت:"کاتێك ناوچەکەمان ئازاد بوو ئیتر ئێمە چووین بۆ گەڕان بە دوای لاشەی دایکم دا لە چوار ریانێك بە جل و بەرگ و ئەو ئەنگوستیلە ناسیمەوە کە بە دیاری بۆ دایکم کڕی بوو، چەند کەل و پەلێکی تری لەو گۆڕەدا هەبوون، ئەو فیشەکانەی لە شوێنی گۆڕی دایکم دۆزیمانەوە (٢٧) فیشەك بوون".
گولێ بە تەنیا قوربانی دەستی تیرۆر نەبوو، بەڵکو کوڕ و کچەکەشی ڕفێندراون و چارەنووسیان دیار نیە.
(دلمان رەشوو) دەڵێت:" خوشکەکەم پەیوەندی پێوە کردین و وتی ئێمەیان رفاند و ئێمە برسیمانە و تینوومانە، براکەشم وتی ئێمە لە ماڵدا بووین و ویستمان بەرەو چیا ڕابکەین داعش کەوتە سەرمان و ئێمەیان دەستگیر کرد".
رشو سەربەرزە بە هاوسەرەکەی، کە گیانی خۆی قوربانی شەرەف و ناموسی کرد، رەشو عەلی هاوسەری گولێ دەڵێت:" من زۆر سەر بڵندم و زۆر مەمنونم لە خوای گەورە، کە خێزانەکەم ناموسی خۆی نەدایە دەست ئەوان و بەسەر بڵندی ژیانی خۆی بە کۆتا هێنا و خۆی رادەستی چەکدارانی داعش نەکرد و لە خوا دەپاڕێمەوە لێی خۆشبێت).

**کێ دەیەوێت دایکی بمرێت؟**
ئەمین وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو بە هەنسکی گریانەوە دەڵێت:" من دەمویست دایکم بمرێت بەس نەکەوێتە دەست چەکدارانی داعش و سوپاس بۆ خوای گەورە من ئەمەم دەویست دایك بمرێت نەك لە دەست چەکدارانی داعش دابێت".
وێنەیەکی هەڵواسراوە لە خێمەکەی رەشوو عەلی دا، وێنەی گولێ یە لە سوچێکی خێمەکەدایە، ئەو وێنەیە تەنیا ئەو رامانە نادات بەدەستەوە کە کەسێك قوربانی یە، بەڵکو سەروسیمای ئافرەتێکە و خۆڕاگری دەداتە هاوسەر و منداڵەکانی.

ڕەنــــگە مێــــژوو ئەو بڕیــــارە بــــدات کە گــــولێ وەك قارەمانێــــك لە لاپەڕەکانیــــدا تۆمــــار بکــــات، پــــاش ئەوەی بریــــاری دا نەکەوێــــتە زیندانەکانی دەستی چەکدارانی داعش.

# (١٠)
# شوێنی هەندێک لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی گوندی کۆچۆی ئێزیدییەکان

ئەم گۆڕەبەکۆمەڵانەش تا ئێستا واتە مانگی نیسانی ٢٠١٥ لە ژێر دەستی داعشدان و ئەم ناوچانە ئازاد نەکراونەتەوە، بەڵام پشت بەستن بە زانیاریەکانی کەسە رزگاربووەکان ئەم شوێنانە دەستنیشانکراون:

ئەمەش شوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانە:

یەکەم: گۆڕی بە کۆمەڵ لە پێش ماڵی دەخیل عیسا
دووەم: گۆڕی بە کۆمەڵ لە پێش ماڵی بەشار خەشمان
سێیەم: گۆڕی بە کۆمەڵ لە پێش ماڵی ئاوس مستۆ
چوارەم: گۆڕی بە کۆمەڵ لە پێش ماڵی تابوور
پێنجەم: گۆڕی بە کۆمەڵ لە پێش ماڵی سەعید گالۆ
شەشەم: گۆڕی بە کۆمەڵ لە کێڵگەی دارستانی سلێمان ئامان، ڕۆژهەڵات
حەوتەم: گۆڕی بە کۆمەڵ لە کێڵگەی دارستانی سلێمان ئامان، خۆرئاوا
هەشتەم: گۆڕی بە کۆمەڵ لە کێڵگەی عەتۆ
نۆیەم: گۆڕی بە کۆمەڵ لە کیڵگەی گالۆ عەلی ئامان
دەیەم: سێ گۆڕی بە کۆمەڵ لە پێش ماڵە نوێیەکەی ئەحمەد جاسۆ
یانزەیەم: گۆڕی بە کۆمەڵ لە زاویەی دواناوەندی کۆچۆ بۆ خوێندنی عەرەبی
دوانزەیەم: گۆڕی بە کۆمەڵ لە کیڵگەی عەباس قاسم
سیانزەیەم: گۆڕی بە کۆمەڵ لە تەنیشت گوندی بسکی
چواردەیەم: گۆڕی بە کۆمەڵ لە دۆڵی موراد بەسی
پانزەیەم: گۆڕێکی بە کۆمەڵی مناڵان لە سەر تەل
شانزەیەم: گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە ناو باخچەی دواناوەندی کۆچۆ

# سەرچاوەکانی بەشی دووەم

بۆ ئەم بەشە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە
١- ماڵپەری جێنۆسایدی گەلی کورد، تەها سلێمان ٢٠١٣
- القبور الجماعية، ومأسيها فى العراق، طة بابان ٢٠١٣
٢- سوودم لە چەند سەرچاوەیەکی جیاواز وەرگرتووە و لە چەندین کەناڵ وەك هەواڵ بلاوکرایەوە.
٣- سایتی خەندان، رەڤەند گوهەرزی.
٤- تۆری میدیایی رووداو.
٥- هـ، س، پ، بەرەکات عیسی.
٦- هـ، س، پ.
٧- لە چەندین سەرچاوە و کەنالی راگەیاندن سوودم وەرگرتووە.
٨- چەندین سەرچاوە و کەنالی راگەیاندن سودم وەرگرتووە.
٩- تۆری میدیایی رووداو، بەرەکات عیسی و ناسر عەلی.
١٠- ماڵپەری بحزانی نیت، داود موراد موراد.



نووسەر ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)

## نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان

•پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان، بیرۆکەیەکە لە لایەن توێژەرەوە لە چوارچێوەی توێژینەوە و نووسین و کار و چالاکی و پێشکەشکردنی بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنە... لە بواری ناساندنی جینۆساید و بە دیکۆمێنتکردنی.

•هەوڵدانی توێژەر بۆ ناساندن و بە ئەکادیمیکردن و بە دیکۆمێنتکردنی تاوانە یەك لە دوا یەکەکانن کە بە سەر کورد و کوردستاندا هاتوون لە (ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و ئاوارەبوون و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و لە سێدارەدان و سوتاندنی ژینگە و جینۆساید بە هەموو جۆرەکانیەوە).

•هەموو ئەو کتێب و توێژینەوە و بەڵگە و وێنانەی توێژەر بە خۆڕایی و بە بێ بەرامبەرن.

•ئەم بەرهەم و بیرۆکانەی توێژەر، ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەر خوا یاوەر بێت بڵاو دەکرێنەوە کڕین و فرۆشتنیان لە سەر نیە، پێشکەشە بە کەسوکاری قوربانیان.
•توێژەر، بە ئەرك و ماندووبوون و شەونخۆنی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، ئەم پرۆژەی پێکهێناوە و بەرێوەی دەبات و بەردەوامیش دەبێت ئەگەر خوا یاوەر بێت.
•توێژەر خۆی یەکێکە لە ڕزکاربوانی پڕۆسەی جینۆسایدی بارزانیەکان و لە ئۆردووگای زۆرەملێ قودس- قۆشتەپە لە ساڵی ١٩٨٢ لە دایکبووە و ژیانی لەم ئۆردووگایە و لە نێو کەسوکاری قوربانیان بەسەر بردووە، ئێستاش بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و جینۆسایدکراوان دەکات هەروەها سەرپەرشتیاری گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان و ئەو کەلوپەل و جل و بەرگانەی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان هێنراونەتەوە، ( مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)ە.
•دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی یە.

## زانیاری کەسی

**١-ناوی چواری: رێبوار رمضان عبدالله یاسین**

**٢- رێکەوتی لە دایکبوون:** ١٩٨٢/٧/٢٤

**٣- شوێنی لە دایکبوون:** ئۆردووگای زۆرەملێ قودس لە قۆشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر. باوکم و هەردوو باپیرە و دوو مام و دوو خاڵ و ١٥٠ کەسی تر لە گوندەکەم لەگەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوان.

**شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا:** گوندی بازێ - ناحیەی بارزان - قەزای مێرگەسۆر- پارێزگای هەولێر.

**٤- بڕوانامە :** بەکالۆریۆس

**٥- دەرچووی:** کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین بەشی کۆمەڵناسی- ساڵی(٢٠٠٦ - ٢٠٠٧).

**٦- پسپوری و شوێن و پلەی کارکردنی ئێستا :**

- بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان، ( لەساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا).
- سەرپەرشتیاری مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، لە ساڵی ( ٢٠١١ تا ئێستا)
- نووسەر
- توێژەری کۆمەلایەتی (پێشکەوتوو).

٧- **باری خێزانداری:** خێزاندار، خاوەن ٤ منداڵ و لەگەل خێزان و دایکم دەژیم و تاقانەم لە برا.

٨- **موبایل: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١**

٩- **بواری داهێنان و پسپۆری و کارە خۆبەخشییەکان:**

- شارەزاو چالاکوان لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان بە گشتی و بارزانیەکان بە تایبەتی و ئەنفال و کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و قوربانیانی جینۆساید و شەهیدان، بوارەکانی مافەکانی مروڤ و کارکردنی مەیدانی لەسەر بەئەرشیفکردن و رزگاربوان و بەجێماوانی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەکان و کەیسە نەتەوەییەکان و نیشتمانیەکان. هەروەها شارەزا لە بواری بەدیکومێنتکردن و بەئەرشیفکردن.
- خاوەن ( ٢٢ ) بیست و دوو کتێبی چاپکراوم، کە تایبەتن بە جینۆساید و ئەنفال و ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی و تاوانە دژ بەمروڤایەتیەکان بەگشتی. هەروەها (٦) شەش کتێبی تریش ئامادەی چاپن. جگەلە لەمانەش دەیان توێژینەوەی مەیدانی و ئەکادیمی و زانستیم ئەنجامداون لە شێوەی ڕاپرسی و فورم، دواتر وەك تویژێنەوەی (مەیدانی و تیۆری) داتا و ئامارەکان سودیان لێ بینراوە و بلاوکراونەتەوە، ئەمە جگە لە سەدان بابەت و وتاری ڕۆژنامەوانی.
- دوو کتێب لەم بیست و دوو کتێبە چاپکراوانەم لە مەنهەجی خوێندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکارهاتوون و سوودیان لێبینراوە و ئێستا لە قوناغەکانی خوێندن ( لە پۆلی دەیەمی زانستی و وێژەیی و خوێندنی پیشەیی و پەیمانگایەکان) دەخوێندرێت.
- خاوەنی زیاتر لە (٤٥٠٠) بەڵگەی جوراو جوری تایبەتن بە تاوانی دژ بەمروڤایەتیەکان و ئەنفال و جینۆسایدی کورد و کوردستان کە بەشێوازی نهێنی و ئاشکرا لە لایەن حکومەتی عێراق و چەندین وڵاتی تر نووسراون.
- خاوەنی زیاتر لە (٦٠٠٠) وێنەی جوراوجوری تایبەت بەو تاوان و نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کوردو کوردستاندا هاتوون.

- خاوەنی زیاتر لە (١٨٠٠) چاوپێکەوتی چڕ و تێر و تەسەل لە سەر بەجێماوان و رزگاربووانی جینۆساید و ئەنفال و کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جەنگ و تاوانە دژبە مروڤایەتیەکان.
- سودێکی زۆر لە بەڵگە و وێنە و کتێبەکانم بینراوە (لە داگادی بالآی تاوانەکانی عێراق دژ بە تاوانبارانی ناو قەفەس لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان) هەروەها ئەندام بووم لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان و کاری سەرپەرشتیکردن و رێکخستن و دەستنیشانکردنی گەواهیدەران و شایەدحال مان ئەنجامدەدا.
- تا ئێستا هاوکاری زیاتر لە (٨٠) قوتابیم لە سەرانسەری کوردستان (لە زاخو تا هەڵەبجە)کردووە بەمەبەستی( دەسنیشانکردنی گرفت و باس و بەرنامە و پلانی بەحس تخرج) لە بوارەکانی جینۆساید و ئەنفال و جور و قوناغەکانیان، بە پێشکەشکردنی زانیاری و وێنەو بەڵگە و کتێب، هاندانیان.
- لە مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان پێشوازیمان لە زیاتر لە(٧٥٠٠٠)حەوتاو پێنج هەزار کەس کردووە، لە نزیکەوە لە شێوەی سیمنار و شیکردنەوە و راڤەکردنی ڕاگواستن و ئەنفال و جینۆساید و جۆرو قوناغەکانی و نەهامەتی و ئازارو ئەشکەنجەکانی دوای جینۆسایدی بارزانیەکان بە میوانان و مروڤدوستان و پێشکەشکردنی بەڵگە و کتێب و زانیاری پێویست، میوانانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەندێك لەوانەی پێشوازیمان لێکردون لە ناو خوی وڵات: ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەتی هەرێم و وەزیران و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابی و هاوڵاتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ... هتد)، ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش: (چەندین قونسول و باڵیوز و وەفد و ستافی بیانی و ئەندام پەرلەمان و شاندی قوتابیان و ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن).

ئەمەجگە لە چاوپێکەوتن باسکردنی ئەم نەهاماتیانەو و زانیار و ڕاڤەکردنی ئەم تاوانانە بۆ راپورتی رۆژنامەوانی و کەناڵەکانی راگەیاندنی بیانی، لەچەندین بەڵگە فلم و راپورتدا بەشداربوومە، کە بەمەبەست ناساندنی ئەم تاوانانەیە، بەگشتی ئەم مۆنومێنتە وەك پردێکی ناساندنی جینۆسایدی بارزانیەکان بە دەرەوەی وڵاتی لێهاتووە.

**١٠- ئەو پروژانەی داهێنراون:**

- دوای ئەوەی چەندین بەڵگە و وێنە و دیکۆمێنت و جل و بەرگ و کەرستەی ئەنفالکراوان - بارزانیە جینۆسایدکراوەکانم پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکروان کرد و موزەخانە و مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکانی لێ بەرهەم هات. دواتر جل و بەرگ و کەلو پەلی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش لەم هولآنەدا دانران و لەو کاتەوە واتا ساڵی ٢٠١١ تا ئێستا بە بەردەوامی ڕۆژانە لەپێشوازی میوانان و ئازیزاندایین. بووەتە موزەخانەیەکی نیشتمانی و پردێکی ناساندن.
- لە ساڵی ٢٠١٧ موزەخانەی (لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) کە پیکهاتووە لە کەرەستە و جل و بەرگ و یادگاری شەهیدانی شەری دژ بە داعش، پێشکەشم بە بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان کرد. وەك موزەخانە لە هوڵی ئەم بەرێوەبەرایەتیە دانراون و لە پێشوازی ئازیزاندایین.

شایەنی باسە ئەم هەموو کەرەستە و بەڵگە و دیکۆمێنت و جل و بەرگانە بەرهەمی کتێبەکانمن و چونکە کاتێك کتێب یان توێژینەوەیەك ئەنجام دەدەم جگە لە نووسین کەرەستەو کەلو پەلی قوربانیانم لە خانەوادەی شەهیدان وەردەگرت و وەردەگرم.

- لەماڵەوەش موزەخانەیەکی تایبەت بەجینۆساید و ئەنفال و یادگاری و جل و بەرگ و بەڵگە و هەروەها موزەخانەیەکی کولتوری و کەلەپوریم داناوە و لەپێشوازی قوتابیان و میوانان و نووسەران و گەنجاندایین.
- جگەلەمانە هەموو کتێبەکانم بە دیاری پێشکەش بە خوێنەران کردووە و هەروەها وێنە و بەڵگە و دیکومێنتەکان، واتا وەك کارێکی خۆبەخشی بۆ هەموو ئەو پرۆژە و کارانەی کەباسمان کردن.

**١١-ئەو بوارانەی پێشتر خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەم بە دەستهێناوە:**

- لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە چوارچێوەی کتێب.
- لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان.
- وەك تویژەری کۆمەڵایەتی.
- وەك بەرێوەبەرێکی سەرکەوتوو.
- وەك هاوڵاتیەکی خۆبەخش.
- وەك نووسەر و چالاکوانێك.

**بە دەیان سوپاسنامە و ڕێزلێنانن، خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەکان لە لایەن ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەت و گشت وەزیرەکانی شەهیدان لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا و ڕێکخراو و فەرمانگە حکومی و حزبی ناحکومیەکان و ڕێزلێنانی کەسوکاری شەهیدان و چەندین زانکوی هەرێمی کوردستان... سوپاسنامەکان ناخۆیی و بیانین).**

- **هەروەها چەندین توێژینەوە و سیمنارم بۆ زانکو پەیمانگایەکانی کوردستان و ڕێکخراو و سەنتەرەکان و هاوڵاتیان و کەسوکاری قوربانیان ئەنجامداوە بە تایبەت لە یاد و مەراسیمەکانی تایبەت بە پرسە نەتەوەیەکان و جینۆساید و ئەنفال. جگە لە چەندین پێشانگای جوراو و جوری تایبەت بەم بوارە. هەروەها بۆ چەندین ڕێکخراو کارم کردووە و ئەندام بوومە تیایاندا.**

## پەرتووکە چاپکراوەکانی نووسەر و توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

### کتێبی یەکەم

١- ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ١٩٣ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٢١٠٩) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان دەکات، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە و ڕاگواستنیان بە چەند قۆناغێك بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی دووروو بەری شارەکان و بیابانەکانی باشووری عێراق و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی تایبەت بە بارزانیەکان وەکو(( دیانا و حریر و بەحرکە و گۆڕەتوو و قوشتەپە -قدس و قادسیە-)) بە بیانووی پێشینەی ئەمینی لە سەر سنوورەکان و دروستکردنی ئۆردووگای کشتوکاڵی هاوچەرخ و ... هەروەها کۆنترۆڵکرنی گوندنشینان و دواتر وێرانکردن و تەقاندنەوەی گوندەکان و ڕاگەیاندنی ئەو ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو، سڕینەوەی ژیان بە هەموو ڕەگەزە زیندووەکانەوە لەم گوندانە. دواتر دەستگیرکردنی نێرینە بارزانیەکان و جینۆسایدکردنیان لەم ئۆردووگا زۆرەملێیانە، بەم شێوەیە سەرەتا (بارزانیەکان دەستنیشانکراون، پاشان کۆکراونەتەوە لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان، دواتر دەستگیرکراون

و زیندەبەچاڵکراون) وەك هەمان ڕێباز و بیرۆکەی نازییەکان لە سەردەمی هیتلەر لە نموونەی هۆلۆکۆست.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ڕاگواستنی بارزانیەکانیش لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ باشووری عێراق بەشێك بوو لە پرۆسەی جینوسایدکردنی گەلی کورد کە بە بەرنامەیەکی چڕو توکمە پلانیان بو دارشتبوو. ئەمەش تەنها گواستنەوە نەبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵکو زیاتر لە ماناو ڕەهەندێك لە خودەگرێت، باکگراوندێکی سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پشت ئەم پروسەیەوە بوو.
لە هەمانکاتدا توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە چوارچێوەی فۆرمێکی ڕاپرسی لە نێو کەسوکاری بارزانیە ڕاگوێزراو و ئەنفالکراوەکان کە (١٠٠) کەس وەك نموونە وەرگیراون.
لە پاشکۆی ئەم کتێبەش کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم پرۆسەیە هاوپێچ کراون.

## کتێبی دووەم

٢- بارۆقی لە ناوبردنی بارزانیەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆجیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٩٦ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن:(٧٩٢) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان (ساڵی (٢٠١٠) ی پێدراوە.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێو کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە سەرانسەری کوردستان ئەو شوێنانەی بارزانیەکان لێی جینۆسایدکراون و بەجێماوی بارزانیەکان تیایدا نیشتەجێن، کە (١٢٥) کەس وەك نموونە وەرگیراون و توێژینەوە لە سەر کەسوکاریان بە شێوەیەکی ئەکادیمی کراوە، ڕەهەندە کۆمەلایەتی و دەروونیەکانیان نیشاندراون، کۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە ڕوو.
لەم کتێبەدا چۆنیەتی دەستگیرکردن و قۆناغەکانی ئەنفالکردنی گەلی کورد لە کوردە فەیلیەکان و بارزانییەکان و ئەنفالی (١٩٨٧-١٩٨٨) و کیمیاباران و ... هتد ڕوونکراونەتەوە، قۆناغەکانی جینۆسایدکرنی بارزانییەکان لە ساڵی (١٩٨٣) خراوەتە ڕوو، کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم تاوانە توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەو بارزانیانەی کۆمەڵکوژکران هەموویان خەڵکی بێ تاوان و سڤیل و بێ چەك بوون هیچیان لە حکومەت نەدەویست، بە لایانەوە گرنگ نەبوو کارەبا و ئاو و ڕێگای قیرتاو... دەگاتە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانیان یاخۆد نا؟ بەردەوام خەریکی کرێکاری و کارکردنی ڕۆژانەی خۆیان بوون.
هەروەها بەشێکە لە نامەی بەکالۆریۆس پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی/ ئەدەبیات/بەشی کۆمەڵناسی کراوە، بەسەرپەرشتی م/یوسف دزەیی و هەڵسەنگاندنی لە لایەن م/ ڕێبوار سیوەیلی و م/ مراد حکیم...

## کتێبی سێیەم

٣- مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لە گەڵ ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١١
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیولۆجی و بەراوردکاری و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی / وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٨٦٤ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٧٩٣) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مێژوویی دیکۆمێنتاری بەراوردکارییە، بەراوردی پەیماننامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ ئەو تاوان و ڕووداوانەی بەسەر بارزانیەکان هاتوون لە سەدەی بیستەمدا، لە وێرانکردن و ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و جینۆسایدکردنی بارزانیەکان، هەروەها زۆر بە چڕوپڕی پانۆرامای ئەم کارەساتانەی بەسەر بارزانیەکاندا هاتوون خراونەتە ڕوو، بەراوردکراون لە گەڵ ئەم ڕێکەوتنامانە لە سەردەمی شێخ عبدالسلام ەوە تاکو کۆڕەوی ساڵی (١٩٩١)، زیاتر لە (٨٠) بەڵگەنامەی تێدایە لە سەردەمە جیاجیاکانی سەدەی بیستەم، کە لە لایەن چەندین وڵات و بە پلانی چەندین وڵاتی تر بەرنامە و پلان بۆ لە نێوبردنی بارزانیەکان داڕێژراون. جگە لەمانەش کۆمەڵێك وێنەی جۆراو جۆری سەردەمی تاوانەکان وەك شایەتحاڵ هاوپێچ کراون...
لە بەشێکی یەکێك لە پێشەکییەکانی ئەم کتێبەدا هاتووە:
بۆردوومانکردن، سوتاندن، بەمینکردن، لەناوبردن، کۆشتنی بە کۆمەڵ، ئاوارەبوون، ڕاگواستن، جینۆسایدکردن، کیمیاباران، وێرانکردن، ڕۆخاندنی گوند، خانوو، مزگەوت و قوتابخانە و ... هتد، ئەمانە هەمووی وەڵامی حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بوون بەرامبەر بارزان و بارزانیەکان، تەنیا لە بەر ئەوەی داوای ماف و ئەرك و سەربەخۆیی خۆیان دەکرد وەڵامی ڕاپەریوان بریتی بوو لە زیندانیکردن و لە سێدارەدان و زیندەبەچاڵکردن و بە کۆمەڵ کوشتن بەبێ جیاوازی لە نێوان کەڕ و لاڵ و کوێر و کەم ئەقل و پیر و نەخۆش و کەم ئەندام و منداڵ و ئافرەتی سکپڕ ...هتد، بوو.

## کتێبی چوارەم

٤- لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، چوار ئەفسەری قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر/ ٢٠١١
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٢٤٥٠) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سەردەمی ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٧) دەکات واتە شۆڕشی دووەمی بارزان و ئاوارەبوون و بەشداربوونی بارزانییەکان و ئەفسەرە کوردەکان لە دامەزراندنی کۆماری مهاباد و لە وەزارەتی پێشمەرگە (جەنگ)ی ئەم کۆمارە و لە ژێر فەرماندەی هێزی بارزانیان و ژیان و بەسەرهات و خەباتی قوربانیدان هەرچوار ئەفسەر(عیزت عبدالعزیز و خیراللە عبدالکریم و محمد محمود قودسی و مستەفا خۆشناو) ئازایەتی و قارەمانیەتیان... چەندین بەڵگە و دیکۆمێنتی تایبەت بەم چوار ئەفسەرانە توێژینەوەیان لە سەر کراوە لە دووتوی ئەم کتێبەدا...
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

لەم توێژینەوەیەدا کەسایەتی و ڕۆل و قارەمانیەتی هەرچوار ئەفسەر خراوەتە ڕوو، هەر یەکەیان سەرەرای قارەمانیەتیان وەك ئەفسەر، بە دیوەیکی تردا ئارەز و ئۆمێد و خزمەتکردنیان لە بوارەکانی تری ژیاندا باسکراوە، بۆ نموونە؛ محەمەد مەحمود قودسی زیاتر وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانێك، جگە لە شارەزایی لە بوارەکانی جەنگدا، کە چون بە پێنوسەکەی بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی کردووە، خەیروڵلا عەبدولکەریم، خۆشی و ژیان و تەنانەت ئەلقەی دەزگیرانیەتی و سۆز و میهرەبانی دایکی، فیدای خاك و نیشتمانەکەی کرد، مستەفا خۆشناو لە هەردوو ڕووەوە وەك ئەفسەرێکی شارەزا و لێهاتوو، عیزەت عەبدولعەزیز وەك ئەفسەرێکی خانەنشینکراو و سیاسەتمەداریکی پایە بەرز، لە دانوستان و گفتۆگویەکاندا.

## کتێبی پێنجەم

٥-جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکدا، بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی -ئینگلیزی. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٢
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ ١٥ سم × ٢١,٥ سم ل (٤٨) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٩٨٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٢) دراوەتێ
ناوەڕۆکی/ تایبەتە بە چەند دیکۆمێنتێك لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقی لە ساڵی ١٩٨٣ و جینۆسایدکردنی نێرینە بارزانیەکان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و دەستگیرکردن و بە کۆمەڵکوشتنیان، وەرگێرانیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و هاوپێچکردنی کۆپیەکی دەقە ئەصلیەکە بە زمانی عەرەبی... یەك بەشە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
قوربانیەکان بارزانیە گوندنشین و جوتیار و ئاژەڵدارەکان بوون، بکەری تاوانەکەش حکوومەتی عێراقە بە پلە یەك، تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەی خۆدای گەورە بە کورد و بە بارزانی خوڵقاندوونیەتی، ئینجا کە وەك هەر مرۆڤیکی تری سەر ئەم زەمینە داوای نەتەوە و خاك و ئاین و زمان و بوونی خۆیانیان کردووە.
بەرهەمی ئەم نامیلکەیە و کتێبەکانی ترم ( کە لە یادگاری و کەلوپەل و بەڵگە و وێنەی جینۆسایدکراوان پێکدەهات) بوون بە بەرهەمی پرۆژەیەك پێشکەشم کردن بە حکۆمەتی هەرێمی کوردستان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان - بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزان، کە پێکهاتوون لە زیاتر لە شەش هەزار وێنەی جۆراوجۆری تایبەت بە جینۆسایدی بارزانیەکان و زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد بەڵگە و نامە و دیکۆمێنتی جۆراوجۆری تایبەت بە بارزانیەکان و کۆمەڵێك کتێب و بابەت و توێژینەوەو فلمی دیکۆمێنتاری، بێ بەرامبەر و خۆبەخشانە پێشکەش کران بە روحی پاکی جینۆسایدکراوان و کەسوکاری قوربانیان و توێژەران و مرۆڤدوستان و نەوەکانی داهاتوو...
خۆشبەختانە ئەو بەشەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە پێشوازی لێکراو لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ئەوکات خاتوو (چنار سعد عبدالله) بەردی بناغەی دانراو چەند هۆلێك بۆ ئەم مەبەستە دروستکران، لە ساڵی ٢٠١٢ ش لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی ئەوکات بەرێز

(م. ئارام) بەرز نرخێندرا و چەندین پێداویستی و کەل و پەلی پێویست بۆ هۆلەکان دابین کران و کرایە دەزگایەکی ڕەسمی بە ناوی(( ژووری ناساندن و بە دیکۆمینتکردنی جینۆسایدی بارزانیەکان - مۆنۆمینتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)) بۆ بە بەشێك سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١٧ بەڕەسمی کرایەوە، کە ئەم ڕۆژەش هاوکاتە بە ساڵڕۆژی هێناوەی ڕۆفاتی (٥٠٣) لە جینۆسایدکراوان بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان لە بارزان کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/١٧ هێنرابوونەوە، ئەوەی شایانی باسە و جێگای شانازییە بۆمن کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/٦ دوای ئەوەی ڕوفاتی (٩٣) کەسی تر لە بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە گۆڕەبەکومەڵەکانی باشووری عێراق و لە بیابانە پان و بەرینەکەی سەماوە و لە سێکوچکەی سنووری نێوان ( عیراق - سعودیە و عێراق - کوێت) هینرانەوە بارزان و لە هەمان گۆڕستانی تایبەت نێژرانەوە و کەلوپەل و جلوبەرگی جینۆسایدکراوانیش لەم شوێنە و لەم مۆنۆمێنتە دانران و بەبەردەوامی کەسوکاری شەهیدان و هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابیان ... هتد و لە سەر ئاستی ناوخۆ ( بەرێز سەروکی هەرێمی کوردستان و سەروکی حکومەت و ئەندام پەرلەمانان و زۆربەی هەرە زۆی دام و دەزگا حکومی و حزبی و مەدەنیەکانی کوردستان هاتوون لە نزیکەوە ئاشنای جینۆسایدی بارزانیەکان بوونە، لە سەر ئاستی دەرەوەش بە دەیان بالیۆز و کۆنسول و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووس و قوتابیان و مرۆڤدوستان سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە و دەکەن.
جگە لەمەش لە ساڵی ٢٠١٦ من و ستافیکی فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان بۆ ئەم ژوورە ئەم شوێنە دەستنیشانکراین سەرەرای کارەکانمان و ڕۆژانە لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە خزمەت و پێشوازی میواناندابن بە ڕۆژە پشووە و هەینیەکانیشەوە.
ئەوەی من دڵخوش دەکات ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە بەرهەمی نووسین و کتێبەکانم بووە ئێستا بووەتە مولکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، بۆمن وەك کورە شەهیدێك جێگای شانازییە.

## کتێبی شەشەم

٦- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی.
جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٥٠٥) لاپەرە پێکهاتووە
ناوەرۆکی ئەم کتێبە: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێوان (٥٠٠) شەهید و نزیکەی (١٨٠٠) بەجێماوانیان واتە (خێزان و هاوسەر، دایك و باوك، کچ و کور، خۆشك و برا) توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
تیشك دەخاتە سەر لایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێك مرۆڤ، ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون و هەندێکیان نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاون و هەندێکیان نیو سەدە ژیاون و هەندێکیان کەمتر لە سالێك ژیاون، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە بێ ناو و بێ ناسنامە بوون، هەرگیز بۆیان نەڕەخسا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان

هەبێت، وەك هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە، زۆرینەیان تا دوا دڵۆپی خوێنیان بۆیان نەبوو بە ئازادی لە سەر خاکی خۆیان بژین و بگەڕێن...
ئەم مرۆڤە کوردانە زۆربەی هەرە زۆریان لە شوێنە جیا جیا و گوند و شار و شارۆچکە و ئەشکەوت و چیاکانی وڵاتانی دراوسێ نێژروان..
ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەخاتە روو ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێویانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمرۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت، بەڵێ، ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە روو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردووەتەوە یاخۆد نەمانزانیووە یاخۆد نەمان توانیووە.
ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە، ئەو شەهیدانەی جگە لە خەبات و بەرگریکردن لە خاك و وڵات هەرگیز بیریان لەوە نەکردووەتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ناسنامەیکیان هەبێت.
کەسوکار و بە جێماوی شەهیدان وجینۆسایدکراوان دووچاری کۆمەڵێك کێشە و گرفت بوونە لە ئەنجامی نەبوونی ناسنامە و بەڵگەنامە یاساییەکانی باوك و کەسوکارە شەهیدەکانیان، وای لێهاتووە تا چەند ساڵی تر حاشا لە بوون و خەبات و قوربانیدانی ئەم شەهیدانە دەکرێت.
هەوڵدراوە بکرێتە پرۆژەیەك پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بە مەبەستی ڕێگا چارە بۆ ئەم حالەتە.
لە لایەن توێژەرەوە هەوڵدراوە بە گەڕانەوەی ناسنامەی باری کەسی بۆ شەهیدە بێ ناسنامەکان بە شێوەی فەخری...
لە کۆتاییدا چەندین ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە روو...
لە (١٠٢٠) لاپەڕە پێکهاتووە لە دووتوی دوو بەرگدا بۆ بەرگی دواتریش بە هەمان شێوە، واتە(کتێبی حەفتەم)

## کتێبی حەفتەم

٧- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٤٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
واتە هەردوو بەرگەکان (١٠٢٠) لاپەڕە

## کتێبی هەشتەم

٨- پانۆرامای جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، دهۆك، بە هەرسێ زمانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و مێژووییە.
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٥٠) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢١٩٤) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٣) دراوەتێ

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: باس لە مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان و خەبات و قوربانیدانیان لە سەدەی بیستەمدا دەکات، بە هەرسێ زمانی کوردی -عەرەبی - ئینگلیزی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەمە کاتێکە کە مرۆڤەکان مرۆڤایەتی و ویژدان و ئاین و ڕەوشت و هەموو بەها بەرز و پیرۆزەکانیان لە دەستدەدەن و دەبن بە دەرندە و دەست دەکەن بە خوێن مژینی خەڵکی بێ گوناح و سڤیل و منداڵ و تەنانەت ژینگە بەهەموو ڕەگەزە زیندووەکانیەوە.

## کتێبی نۆیەم

٩- بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، بە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی) ٢٠١٤
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢٧٨) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٤) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: تایبەتە بە شعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفای بارزانی، لە لایەن سەدری قازی برای پێشەوا قازی محەمەد.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
تاوانەکانی سەدری قازی" یان ئەبولقاسم سەدری قازی" کە بە نوێنەری دەرەوەی (١٤)ی مەجلس شۆاری مللیی ئێران لە لایەن خەڵکی کوردەوە لە بەشی مەهاباد و دەوروپشتی ئەو شارە هەڵبژێردرابوو:
١- نووسینی شیعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفا بارزانی، بەو شیعرە بەخێرهێنان و پێهەڵوتنی وەکو ڕەمزی پیرۆزی گەلی کورد.
٢- هاوکاریکردنی قازی محەمەد و وەزیرانی کۆماری کوردستان و حکومەتداری لە مەهاباد.
٣- نووسینی نامەیەك بۆ قازی محەمەد کە تێیدا نووسیویەتی: خۆتان ڕاگرن تا لە دەرەوە کۆمەکتان پێدەکات.
٤- هاندانی خەڵك لە دژی حکومەتی ئێران و دڵنیاکردنی بەرپرسانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەوە کە تازە دەوڵەتی ئێران ناتوانێ شەڕ لە گەڵ کۆماری کوردستاندا بکات.

## کتێبی دەیەم

١٠- کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان - جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢١٦) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (١٣١٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٥) دراوەتێ
ناوەروکی ئەم کتێبە: تایبەت بەو ئافرەتانەی کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش( دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و دەستدرێژی سێکیان کراوەتە سەر، تا ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم کتێبەش ئەم تاوانە قیزەونە بەردەوام بوو و بە هەزاران ژن و کچی کورد لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدابوون، بۆیە ئەم پەرتووکە ئامارێکی تەواوی رفێندراوان لە خۆناگرێت و لەهەمانکاتیشدا دیارنیە چارەنوسی دیلەکان و کچ و ژنە فروشراوەکان بە کوێ دەگات، ئاخو چەندین ئافرەتی تر رزگاریان دەبێت،

چونکە ڕۆژانە هەواڵی رزگاربوون و کڕینی چەند کچێک بڵاودەکرێتەوە، ئەمە سەرەرای خۆکوشتنی چەندین ئافرەتی تری کوردی ئێزیدی و قبول نەکردنی ئەم تاوانە درندەیە.
ئەمە یەکەم کتێبە لەم بارەیەوە بڵاودەکرێتەوە و زیاتر پشتمان بە گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە رزگاربووەکان و بابەت و ڕاپورتی کەناڵەکانی راگەیاندن(بینراو بیستراو خوێنراو) وەرگرتووە لە زاری ئەوانەوە راستیەکان گوێزراونەتەوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
بێگومانم لەوەی کاتێک خوێنەر چاوی بە ناونیشانی ئەم کتێبە دەکەوێت شۆک دایدەگرێت، چونکە لە سەدەی بیست و یەکدا ئەگەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی بیری لە هەر تاوان و کردەوەیەکی قیزەوەن کردبێتەوە بیری لەم جۆری تاوانە نەکردووەتەوە.
رەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە.
شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی، دیارترینی ئەو بنەمایانەن کە داعش لە خەلافەتەکەیدا بۆ ئەندامانی حەڵاڵی کردن و وەکو بنەما و ستراتیژێك دەقی بۆ دەرکرد، ئەو خەلافەتە ئێستا لە پاڵ کوشتنی بێ پاساو، بە سێکسبازی و جیهادی نیکاح دەناسرێتەوە.
داعش بە راکێشانی سەدان گەنجی برسی بە سێکس لە دونیای عەرەبی و ئیسلامییەوە بە تایبەت بە هۆی ئەو ئافرەتانەی بە سەبییە و کۆیلەیان کردوون جگە لە خۆ بەهێزکردن و زیادکردنی ژمارەی چەکدارانی، نرخیشی بۆ کڕین و فرۆشتنی ئافرەتەکان بە پێی تەمەن، جوانی، لەش و لار دیاری کردووە، ئەمەش گێڕانەوەی مرۆڤایەتییە بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش و قێزەوەنترین بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە.

## کتێبی یازدەهەم

١١- جینۆسایدی باوکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، ٢٠١٦
توێژینەوەیەکی تیۆری پراکتیکیی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیۆلوجی یە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٣٦٨) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٦) دراوەتێ
ئەم توێژینەوەیە لە دوو قۆناغی جیاوازدا ئەنجامدراوە، توێژینەوەی یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستپێیکرد و لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناونیشانی ( بارِۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان) لە ساڵی ٢٠١٠ چاپکرا، دووەمیان هەمان کتێبە بەڵام بە گۆڕانکاری زۆر و بە ئەنجامدانەوەی دووبارە ڕاپرسی و توێژینەوە لە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە لە دوای (٨) ساڵ واتا ساڵی ٢٠١٥ لە هەردوو لایەنەکە (تیۆری و مەیدانی) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە لایەنی تیۆری بەش و بابەتی تر زیاتر کراون و لایەنە مەیدانەکەش بەراوردکاریەکی تەواو لە هەموو خشتەکاندا کراوە و داتا و ئاماری جیاواز لە توێژینەوەی پێشوو بە دەستهاتوون.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
سەرەرای دەیان ساڵ ئاوارەبوون، ڕاگواستن، وێرانکردنی دێهاتەکان، سوتاندنی ژینگە، بەمینکردن و جینۆسایدکردنی دەڤەری بارزان و بارزانیەکان لە لایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٣ دڕندەیی شۆڤینیەتی ڕژێمی بەعس گەیشتە چلەپۆپە و

تاوانی لە ناوبردنی (٨٠٠٠) هەشت هەزار نێرینەی سەروی (٧) حەوت ساڵی بارزانییەکان ئەنجامدرا، ئەم تاوانە جگە لەوەی هێزی بەرهەمهێنەری مرۆیی بارزانییەکانی لە ناوبرد، دەیان هەزار ژن و منداڵی لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا بێ هاوسەر بێ باوك بێ کوڕ و بێ برا هێشتنەوە.

## کتێبی دووازدەهەم

١٢- لەشەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە ١٨ پێشمەرگەی قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٧
توێژینەوەیەکی تیۆری و مەیدانی یە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٥٢ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (١٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٧ ی دراوەتێ.
ئەم کتێبە باس لە خەبات و تێکۆشان و قارەمانیەتی ١٨ پێشمەرگەی شەهید دەکات، کە دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر خاك و سنورەکانی کوردستان ئەم پێشمەرگانە سنگی خۆیان کردە قەڵغان تا دوا دڵۆپی خوێن مەردانە دژ بە دوژمن جەنگان.
دوا سات و دوا دیدار و دواقسە و دوا پەیوەندی و دوا خواردن و خوان و دواجار و دوا هەواڵ و دوا یادگاری ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبەن.
ئەم کتێبەش وەك کتێبەکانی تر تەنیا بەرهەمەکەی نووسین نەبوو بۆ خوێنەران بەڵکو بەرهەمێکی تری یادگاریەکانی شەهیدان بوون کە لە دوو موزەخانەدا جێگیرکران و نمایشکراوان بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاشنای خەبات و قارەمانیەتی و قوربانیدانی پێشمەرگەکان بێت. کەل و پەلەکان بەشێکیان لە موزەخانەی ( لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان دانراون و بەربەردەوامی هاولاتیان سەردانی ئەم مۆزەخانەیە دەکەن، بەشێکی تریان پیشکەش بە موزەخانەی تایبەتی کتێب کراون بەناوی (مۆەزخانەی ماڵەوەم)، کە لە ماڵەکەمدا لە کتێخانەکەمدا ئەرشیف و مۆزەخانەیەکی تایبەت بەخەبات و قوربانیدانی کورد و کوردستانیان هەیە، بەبەردەوامی قوتابیان و توێژەران و ئازیزان سودی لێ دەبینن.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
لەم توێژینەوەماندا هەوڵمانداوە توێژینەوە لەسەر جوانی و پاکی و ڕاستگۆیی و میهرەبانی و قارەمانیەتی پێشمەرگە شەهیدەکان بکەین.
کۆمەڵێك پێشمەرگەی خەباتگێر لە خانەوادەیەکی خەباتگێر کە مەیل و ڕێبازی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان و پێشمەرگایەتی وەکو میراتێك بۆیان ماوەتەوە (کور لە باوك و کور لە باوك)، چەکی پێشمەرگایەتی و شەرەفیان هەڵگرتووە داوای ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستانیان کردووە و سنوورەکانیان پاراستووە.
ئەمانە ١٨ هەژدە پاڵەوانن بەڵام سەدان هەزار پاڵەوانی تری لەم جۆرە هەن و پێویستە هەمووومان هەوڵ بدەین لایەنە ون و شاراوەکان و خەبات و تێکۆشان و بەرخودانی ئەم شەهیدە پێشمەرگانە بخەینە ڕوو ئەوانەی بە شاهیدی هەموو دونیا ڕۆڵی بوێر و نەبەردیان لە کۆتایهێنانی مەترسی داعش بینی و لە جیاتی هەموو دونیا ئەفسانەی چەتەکانی داعشیان تێکشکاند و بە خۆێنی شەهیدان تۆمارێك لە سەروەری بەدەستهێنرا.

## کتێبی سێزدەهەم

١٣- جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و بەراوردکارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم

لەم توێژینەوەدا تیشك خراوەتە سەر شاڵاوەکانی ڕاگواستن و ئاوارەبوون و لەناوبردن و کومەڵکۆژی و جینۆساید و ئەنفالی کورد و کوردستانیان.

جینۆسایدی دێرسم و جینۆسایدی فەیلیەکان و جینۆسایدی بارزانیەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی کورد و کوردستان بە بەراورد لە گەڵ دوا جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری و ئێزیدیەکان بەنموونە، بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە بەم بەراوردکارییە دەست پێدەکات، بەشی دووەمی ئەم توێژینەوە تەرخانکراوە بۆ ئەنفالکردنی ئێزیدیەکان دوای لێبوردنی گشتی لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەردەمی حکومەتی عێراق و پۆلسی جینۆساید و ڕژێمی بەعس و دارودەستەکەی.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

دوێنێ سەدان هەزار مرۆڤی بێ گوناح بوونە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ناوچەکە. ئەمڕۆش سەدان هەزار هاوڵاتی سڤیل بوونە قوربانی دەستی تیرۆرستان.

دوێنێ سەدەی بیستەم بوو لە باکور و لە باشوور و لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژ ئاوا، حکومەت و حزب و دەسەڵاتدارانی ئەوکات مرۆڤی کوردیان ئەشکەنجەداو ڕاگواست و ئەنفال و جینۆسایدکرد، خاك و زەوی و ماڵ و گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستانیان لە نێوبرد و سوتاندو وێرانکرد، مرۆڤەکانیان کردە دەستکەوت وەك کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرد، ئەمڕۆش سەدەی بیست و یەکەمە مرۆڤی کورد و خاکی کوردستان و گەل و هاونیشتمانیان لە سەر خاك و ماڵ و گوند وشار و زێدی خۆیان دەربەدەرکران و ئاوارەکران و ڕەمیکران و بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵکران و زیندانیکران و ئەشکەنجەدران، کڕین و فرۆشتن بەماڵ و موڵك و مرۆڤ و جوانیەکانی مرۆڤەوە کرا، بەها بەرز و پیرۆزەکان، ئاین و پەرستگاکان، مزگەوت و کڵێساکان، گۆڕی پێغەمبەران و گۆڕستانەکان تەقێنرانەوە و خاپۆرکران لە سەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش).

## کتێبی چواردەهەم

١٤- تراژیدیای چیای شنگال، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم

ناوەڕوکی ئەم کتێبە مەینەت و ئازار و تراژیدیا و دەردەسەری و کۆڵەمەرگی خەڵکی شنگال و دەوروبەری لەخۆ دەگرێت کە لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ دوای هاتنی چەکدارانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر شنگال و دەووروبەری ڕوویدا، ڕزگاربوان لە زاری خویانەوە چیرۆکەکانیان گێراوەتەوە.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

ئەوێ نیشتیمانی یەکەمی ئاینی ئێزیدیەکانە و دوا پەناگەی ئەوانیشە، چیایەکە لە سەرووی توانای باسکردنی مرۆڤەوەیە، شوێنێکی زۆر پیرۆزە لای ئێزیدیەکان، هەمیشە کوردانی

ئێزیدی وەک پەناگەیەک بۆ دەربازبوون لە دوژمنان روو لەم چیایە دەکەن ئەمجارەشیان بۆ رزگاربوون لە چنگی تیرۆرستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) روویانکردە ئەو چیایە، ئەویش چیای شنگالە و ١٤٦٣مەتر بەرزە و١٠٠کیلۆمەتریش پانە.
بە پێی باوەڕی خەڵکی ناوچەکەش دوای تۆفان کەشتیەکەی نوح لەو چیایە گیرساوەتەوە و ژیان دەستی پێکردووەتەوە.
لە دامێنی چیاکەدا چەندین ناوچە و گوندی ئاوەدان هەڵکەوتووە، کە دیارترینیان شارۆچکەی شنگالە کە لە رووی ئیدارییەوە ناوەندی قەزای شنگالە.
بەڵام دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ بوو بە زەوییەکی چۆڵ و بە چوار دەوریدا تەرمی کوژراوەکان بڵاو بوونەوە بە ڕێگا کۆنەکانیدا سەدان ئۆتۆمبێلی لە کارکەوتووی خەڵکی شنگال بە جێماون.
تیرۆرستان ڕێگەیان بە خۆیاندا گەلێك کۆتایی پێ بهێنن کە هەزاران ساڵە لە نیشتمانی یەکەمی خۆیدا نیشتەجێنە.

## کتێبی پازدەهەم

١٥- لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ناوەڕوکی ئەم کتێبە گێرانەوەی ئەو رووداوانەیە کە بەسەر ئاوارەکان هاتووە و بینیویانە و ئێزدییەکان بەنموونە وەرگیراون، دوای ئەوەی لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ شنگال و دەوروبەری لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە داگیرکرا. دەستگیرکردن و رفاندن و بەکۆمەڵکوشتنی بەشێك لە خەڵکەکە و ئاوارەبوونی بەشێکی تر و خۆگەیاندنیان بە چیاو و دواتر رزگاربوون بۆ ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەوان لە چیای مەرگەوە دەهاتن، چیایەك بۆ هەر ئاوارەیەك سەدان داستانی پڕ لە مەینەتی و ئازار لە خۆ دەگرێت، ئەوان بەرەو پردی ژیان دەهاتن، تا نەدەگەیشتنە سەر ئەم پردە ترس و دڵەڕاوکێی چەکدارانیان هەر لە دڵ دا بوو، بە گەیشتنیان بەم پردە ئیتر ئارام و ئاسودە دەبوونەوە و پشوویان دەدا، بەڵام سەدان بیرەوەری و چیرۆکی پڕ لە تراژیدییان لە مێشکدا بەجێمابوون، ئەوان هەزاران دیمەنی جەرگ هەژێنیان لەلابوو، هەر شتێك کە بە هزر و خەیاڵی مرۆڤدا نایە، بەسەر ئەم هاوڵاتیە کوردانەدا هاتووە.

## کتێبی شازدەهەم

١٦- (ن) نوون، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە: کریستیانەکانی ڕۆژهەڵات کران بە فیدای بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان. بەداخەوە، لەسەر خاکی خۆی، لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆرستەکانی ئیسلامی رادیکاڵ، وەکو داعش، ئەلنوسرە و ئەلقاعدە خەڵك بە دیلی ئەگرن، بە زۆر ئاین و باوەڕیەکانیان ئەگۆڕن یان بە جەزیە و باجێکی گەورە تاڵاندەکرێن. ئەو

جوگرافییایە لە کرستیانەکان چۆڵ دەکرێت، ئێستا ئەم خاکە لەسەر لاشەی نەوەکانی خۆی دەگری. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قووڵایی دڵی خۆیەوە دەکوڵێ، ئەگری و هاواردەکا. لەبەرامبەر ئەو وەحشیەت و دڕندەییەی کە لە عێراقدا دەگوزەرێ... تێکڕای مرۆڤایەتی لاڵە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوێنی مرۆڤ؛ لە ئاو، لە نەوت هەرزانترە. ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە نەینەوا " موسڵ " بە ئێسقانی مرۆڤەکان خوێن دەخواتەوە.
لە موسڵ، مەترۆپۆلیتانی کریستینەکانی کاتۆلیك، کەنیسە و پەرستگاکانی کلدانیە ئاسوری و ئەرمەنیەکان دەسووتێنرێن. ئەو مرۆڤانەی کە دەشکوژرێن، تەنها یەك گوناهیان هەیە ئەویش کرستیانیبوونیانە. ئەم گەل و ئەم مرۆڤانە، لە مێژەوە وەکو قوربانی هەڵبژێردراون. لە ساڵی ١٩١٥، ئەمەریکا و ئەوروپا، ئەمرۆیش لە بەرامبەر ئەم کۆکوژی و بنبڕکردنە کەڕ و لاڵە.
چەتەکانی داعش، ئێستاش بەڕێگای میدیاکانەوە داوا لە کریستیانەکانی موسڵ دەکا: یان ببن بە موسوڵمان یان تەرکی جێگاو شوێنەکانتان بکەن. بۆ ئەو کەسانەی کە تەرکی موسڵ ناکەن فەتوای سەربڕینیان بۆ دەرکراوە. دوای ئەو فەتواو فەرمانە قێزەونە، ئاسووری- سریانی- کلدانیەکان خاك و جێگای خۆیان بەجێهێشت. لە دوا خاڵی کۆنترۆڵ پێشیان لێگیرا و هەموو پێداویستی ژیان و زێڕ و دراو " پارە " و جلوبەرگ و کەرەستە بە گرانبەهاکانیان غەنیمەکران و ئینجا ئازادیان کردن کە کۆچ بکەن. مەسیحیەکانی موسڵ هەمووی ڕائەکەن. لەبەر ئەو وەحشیەتگەریەی کە لە بەرامبەریان دەکرێ. باوەڕیەکان هێزیان لەبەر نەماوە، نرخ و بەها پیرۆزیەکانی مرۆڤایەتی لە نزمترین ئاستدایە. مرۆڤایەتی ژێرپێ دەنرێ و هەتك دەکرێ و دونیای مرۆڤایەتی بێدەنگە لێی

## کتێبی حەڤدەم

١٧- ئاڵای کۆماری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیولۆجیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
جێژنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە زار و نووسینەکانی فیداکارانی ئەوسای کۆماری کوردستان لە مهابادەوە زۆر باو بووە، مەراسیم و ڕۆژی سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستانیان بە جەژنێکی نەتەوەیی تۆمارکردووە. ئێمەش بە گرنگمان زانی توێژینەوەیەکی تیرۆتەسەلی تایبەت بە ئاڵای حکومەتی میللی کوردستان (کۆماری مهاباد) ئەنجامبدەین و مەراسیمی ئاڵا و جەژنی سەربەخۆیی و چەند مەراسیم و کۆڕ و کۆبوونەوەی تر بخەینە ڕوو لە لایەنی تیۆری ئەم توێژینەوەیەدا. لە سەرەتادا چەند مەراسیمێك دەخەینە ڕوو کە بە ئاهەنگ و جەژنی نەتەوەیی بەڕێکراون، ئەم جێژنانە لە گۆڤاری کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان و چەند گۆڤار و ڕۆژنامە تر بڵاوکراونەتەوە ئێمەش وەك خۆی بە هەمان نوسین و زمان و ڕێنوسی ئەوکات سوودمان لێ بینیووە و بڵاومانکردوونەتەوە. لە لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیەشدا هەوڵمانداوە چەند نموونەیەك لەو کەسانەی بەشداربوونە لەم مەراسیمانە وەربگرین و هەست و سۆز و بیر و بۆچوونیان بخەینە ڕوو بەرامبەر بە ئاڵای کۆماری کوردستان. هەر چەند ئەمانە ژمارەشیان کەمە بەڵام لە هەمان کاتدا گەنجینەیەکی گەورەی زانست و زانیارین. خەبات و خۆڕاگری و

قارەمانیەتی پڕ سەروەرییان تۆمارکردووە، لە زاری ئەوانەوە چەندین زانیاریمان دەستکەوتوون.

## کتێبی هەژدەم

١٨- فرمێسك و ئازاری ڕەنگەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی سۆسیۆلوجی و هونەری و نەتەوەییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
مەبەستمان ئەوە نیە لەسەر مێژووی هونەری کوردی و میتۆدەکانی کاری هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشی و کاریگەریەکانی بەسەر هونەرەوە بنووسین.
بەڵکو ئەمانەوێ هەست و سۆزی شێوەکاران و پەیکەرتاشان لە هەر چوار پارچەی دابەشکراوی کوردستان و کوردستانیانی هەندەران بخەینە ڕوو، تێکەڵاوبوونی فرمێسك و ئازاری شێوەکاران بە ڕەنگ و فڵچەکانیانەوە، ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران و تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیەکانی تر لە دیدو دیدگای هونەرمەندانی شێوەکارەوە ببینین و بناسین.

## کتێبی نۆزدەم

١٩- قرار محكمة الابادة الجماعية للبارزانيين، وثيقة قانونية.
چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ئەم کتێبە تایبەتە بە بریاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق سەبارەت بە کەیسی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان. بە زمانی عربی نووسراوە.

## کتێبی بیستەم

٢٠- جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی ئاماری و دیکۆمێنتاری
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لەم کتێبەدا ئامارەی زۆربەی هەرە زۆری رفێندراوان و بێسەروشوێنکراوان و ئەوانەی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و وەك دیل و سەبایە و ئاوەرەکان لە خۆ دەگرێت، هەروەها ئازار و نەهامەتی ئێزیدیەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا بە تایبەتی دوای هاتنی تیرورستانی داعش و داگیرکردنی شنگال و دەوروبەری. چەندین چیروکی پرلەتراژیدیاو ئەو فەرمان و جینۆسایدانەی بەدرێژایی مێژوو بەسەر ئێزیدییەکاندا هاتوون...

## کتێبی بیست و یەك

٢١- لەزاری ئەوانەوە کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم

چاوی هەموو جیهان لە کوردستان و پێشمەرگە و شنگال و دەوروی و بەری و ئێزیدییەکان بوو، هەر زوو جیهان هاتە دەنگ سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوکات (بارك ئوباما) و نەتەوە یەکگرتووەکان و پاپای ڤاتیکان و دەولەتە زلهێزەکان و تەواوی ڕاگەیاندنەکانی جیهان چاویان لە هاوڵاتیانی سڤیل و پێشمەرگەبوو، ڕاپورت و بەیاننامەو وتاری ڕۆژنامەوانی و مانشێتی ڕۆژنامە و گوڤارەکان پڕاو پڕ بوون لە باس و تاوان و درەندەیی داعش بەرامبەر بە کوردستان بە گشتی. جینۆسایدی شنگال و دەورووبەری و کوردانی ئێزیدی، قارەمانیەتی پێشمەرگە کە لە جیاتی هەموو جیهان دژ بە تیرۆرستانی داعش شەڕی دەکرد. بویە بەگرنم زانی هەموو ئەو بابەت و وتارانەی بڵاودەکرێنەوە، لە دوو توی ئەم کتێبیدا وەك خویان بڵاو بکەینەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوو سوودی لێ ببینرێ... بابەتەکان و ڕووداوەکانی ناو ئەم پەرتووکە باس لە تەمموزی ٢٠١٤ تا نەورززی ٢٠١٥ دەکەن.

**کتێبی بیست و دوو**

٢٢- گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم

(خەلەف خودێدا، ئیلیاس سالح، خدر حەسەن، سەفوان عەباس، سەعد موراد، موحسین ئەلیاس، زیاد ئیسماعیل، فەواز سەفوان، مەهدی مسەور، ئێزدین ئەمین،عەلی عەباس، نافز هادی، سامح بسی، نەواف موراد، خالد موراد، ادریس بشار، عیدو خدر، عەباس خدر سلۆ و جەمال شڤان عەمو ...). لە مەرگ گەڕانەوە. ئەوان لە بەرچاوی خەڵك و خوداوە خرانە بەر دەستریژی گوڵلە، بەڵام دەرفەتیکی تری ژیانیان بۆ رەخسا و رزگاریان بوو، تا ئێستا خوێن و هندێك لە گوشتی لاشەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بە جێماوە، بە بەرچاویان براو باوك و کەسوکاریان گوڵلە بارانکران.

ئێمە تەنیا لە زاری ئەوانەوە بەسەرهاتەکانیان وەك دیکۆمێنت لێرەدا کۆکردووتەوە بۆ ئەوەی جیهان و نەوەی ئایندە بزانێ لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەوەی مرۆڤ و مروڤایەتی بیری لێ نەکردووتەوە بەرامبەر بەم هاوڵاتیە کوردانە ئەنجامدارایەوە تاوانێك کە لە هەشتایەکانی سەدەی بیستەمیشدا ئەنجامدرا وچەندین پالەوانی تری کورد وەك بەڵگەیەکی رەش بۆ تاوانەکانی حکومەتی بەعس عیراقی زیندوومانەوە و لە گۆڕی بەکۆمەڵ گەڕانەوە، هەردوو تاوانەکان بەناوی ئیسلامەوە ئەنجامدران، بەڵام ئەمجارەیان بکەری تاوانەکە داعشە و قوربانیەکانیش کوردە ئێزیدییەکانن. گێرانەوەکان ئەونە ترسناکن زۆر ئەستەمە هیچ مرۆڤێك بتوانی تاکۆتاییەکەی خۆی ڕابگرێت.

ئەو دیمەنانەی رزگاربووان باسی دەکەن، کە چۆن رزگاریان بووە لە کۆمەڵکوژییەکان، زیاتر لە دیمەکانی نێو فیلمێکی هۆلیوود دەچێت کە پاڵەوانەکەی هەر لە سەرەتای فیلمەکەوە بکەوێتە دەست باندێکی کوشتن، بەڵام نابێت بمرێت تاوکو کۆتایی فیلمەکە.

ئەمانەی خوارەوە بەرگ و ناو و ناونیشانی چەند توێژینەوەیەکی توێژەرن، لە چوارچێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە.







جینۆسایدکردنی
بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
Cînusaydkirina
barzaniyan
li sedsala bîstanda
Vekolîneka
dîrukî û sosyolujî û
Berawirdkarî û
dîkomêntariye
Rêbwar remezan ebdulla
Çapa yêkê
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا


لە شەهیدانی
ڕێگای نیشتمانەوە
چوار ئەفسەری قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
هەولێر – ٢٠١١



جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە
چەند بەڵگەیەکدا
بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی- ئینگلیزی
توێژینەوەیەکی
دیکۆمێنتارییە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
2012




شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیموگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
بەرگی یەکەم
2013
چاپی یەکەم
لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەرلایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێک مرۆڤ،
ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون... بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە
بێ ناسنامەبوون، هەرگیز بۆیان نەڕەخسا لە سەر خاک و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت،
وەک هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە...
زۆربەیان لاشەکانیان تاکو ئێستاش نەدۆزراونەتەوە، لە ئەشکەوتەکان لە دایکبوونە و لە ئەشکەوتەکان
نێژراون، تەنانەت قوماشی کفنیان نەبووە... گۆڕستانیان نەبووە، چونکە بەردەوام لە خەبات و
ڕاگواستن و ئاوارەبووندا بوونە... هەندێکیان بە جل و بەرگەوە، بە خوێن و گوللە و گوللەی توپ و
ساچمەی بۆردوومانی فرۆکەکانەوە نێژراون. هەندێکیان ون بوونە و تاکو ئێستاش لاشەیان
نەدۆزراوەتەوە. هەندێکیانیش چەند ئەندامێکی لاشەیان نێژراوە...
شەهید هەن لاشەیان بەتەواوی شێوێندراوە، یاخود قوربانیانی جینۆساید لاشەیان تێکەڵکراوە، دەستی
جینۆسایدکراوێکی تر، پێی جینۆسایدکراوێکی تر لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا بە تێکەڵاوی دۆزراونەتەوە.
ئایا ئەم مرۆڤانە گوناهیان چیبوو؟!
لە ماوەی ژیانیاندا ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سەر دۆشەکێک و لە ژێر سێبەری خانووی بەقوڕ دروستکراوی
خۆیان پشوویان نەدا، کەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە بڵێن ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتە نین.
دایک هەیە بووەتە دووکیان وکور و کچەکانیان بوونەتە چوار پێنج ساڵان باوکی خۆیان نەبینیووە،
چونکە باوکیان لە سەنگەری خەباتدا بووە، هەشە لە دایکبووە تاکو ئەمڕۆ نازانێ کوا باوکی؟
برا هەن یەکتریان نەناسیوە، کچ هەیە دایکی نەبینیوە، منداڵ هەن لە دایکبوون لە ئاوارەیی و
لە ئەشکەوتەکان لە سەرماو سۆڵەی زستاندا و لە سەربەفر و لە ژێر بۆردوومانی فرۆکەکان...
ئایا ئەمانە بە ئازادی و یەکسانی لە دایکبوون!!
ئایا ڕەوایە مرۆڤیک بەم هەوراز و نشێوبانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمڕۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت،
بەڵێ ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردووەتەوە یاخود نەمانزانیووە
یاخود نەمان توانیووە. ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە...
لە پێشەکی ئەم کتێبەدا
1
پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی
جینۆسایدی بارزانیەکان ژمارە - 7 -


شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
2013
بەرگی دووەم
چاپی یەکەم


Rêbwar Remezan Ebdulla
Şehîdên
bê
nasname
Li sala (1982)yê li kumelgeha zoremilêya (Quds-Quştepe) li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê (Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê salêda bûye rêveberê rêveberayetîya karubarên şehîdan û enfalkiryêt barzan
2


REBWAR RAMADAN ABDULLAH
THE PANORAMA
BARZANIS GENOCIDE
IN THE 20TH CENTURY
2013


ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
پانۆرامای
جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
بانوراما الاباده الجماعيه للبارزانيين
في القرن العشرين
2013
چاپی یەکەم


REBWAR RAMADAN ABDULLAH
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
اهلا بصقر بارزان المحلق
اهلا بصقر بارزان المحلق
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
خوش امدی عقاب بلند پرواز بارزان من
خوش امدی عقاب بلند پرواز بارزان من
REBWAR RAMADAN ABDULLAH
2014


ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
REBWAR RAMADAN BARZANI
Buying and selling women
Genocide against Yazidi Kurds
بيع و شراء النساء
الابادة الجماعية بحق الكورد الايزديين
3
III
2015
چاپی یەکەم


جینۆسایدی
باوکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی باوکان
2016
جینۆسایدی بارزانییەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی
باوکان
چاپی یەکەم
2016


لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
18 هەژدە پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2017
لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە 18 هەژدە پێشمەرگەی قارەمان
2017 ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2017
کتێبی 12


جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم


تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم


لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


ن
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


ئاڵای کۆماری کوردستان
ئاڵای کۆماری کوردستان
چاپی یەکەم
2018
کتێبی حەڤدەم
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


فرمێسک و ئازاری ڕەنگەکان
ئەلبومێکی شێوەکارییە
بۆ ناساندنی جینۆساید و تاوانە دژبە مرۆڤایەتییەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


قرار محكمة
الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية
اشراف و الاعداد
ريبوار رمضان بارزانى
قرار محكمة الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية
2018
ريبوار رمضان بارزانى
2018
19
التاسع عشر


جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا
جینۆسایدی ئێزیدییەکان
لەسەدەی بیست و یەکەمدا
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی ئێزیدییەکان
لە سەدەی بیست و یەکەمدا
چاپی یەکەم
2018
20
کتێبی بیستەم


THE TIMES
Jets ready for combat
FINANCIAL TIMES
The Daily Telegraph
Daily Mirror
PLEASE SAVE US
له زاری ئەوانەوە
کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2018
21


گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم
22